

# کوردستان
## بیناکردنی نەتەوەیەکی کراوە





**پرۆفیسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا***

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

ئەمرۆ لە هەموو کات زیاتر چەمکی نەتەوە ئەرزشی خۆی لە دەست داوە. بە شێوەیەك لە خۆیدا بووە بە جێگرەوەی چەمکی ناسیۆنالیزم، لێرەوە بە خراپترین خواستی بەکاربردنیدا لەلایەن کۆمەڵگەکانەوە تێدەپەڕێت. دەتوانین بڵێین: ئێستا چەمکی نەتەوە لە خراپترین دۆخی خۆیدا دەژی. ئەگەر هەڵبژاردنە نوێیەکانی ئەوروپا بە نموونە وەربگرین بۆمان دەردەکەوێت کە وێنەی هەڵچوونی ناسیۆنالیستێکیان پیشاندایین کە کاریگەری لەسەر زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی دروستکرد، کە لە راستیدا بارگاوی بوو بە راسیزم و نەژادپەرستییەکی تاڵ. کەواتە ئەم نەتەوەیە دەیەوێت تەنها لەگەڵ نەژاد و رەگەز و ئەسڵ و فەسڵی خۆی سەروکاری هەبێت، لەگەڵ ئەو تاکانەدا کە بەرهەمی سیستمی کۆمەڵگەکانی خۆیانن. لێرەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئەم کۆمەڵگەیە وێنەی نەتەوەیەکمان پیشاندەدات، کە توانای خۆکردنەوەی بۆ دنیا نییە و دەرگاکانی خۆی تەنها بەسەر خۆیدا دەکرێنەوە، لە راستیدا دەیەوێت تەنها لە خۆیدا دەست پێ بکات و لە خۆیشیدا کۆتایی بێت. بەڵام داخۆ ناسیۆنالیستەکان دەیانەوێت ئەم پرۆژەیە چۆن بخەنە سەر رێگەی خۆی؟ ئاشکرایە تەنها لە رێگەی فریودان و بێنرخکردنی جیاوازییە کەلتوورییەکانی نەتەوەکانی دیکەوە کە لە دەرەوەی شوناسی کۆمەڵگەی ئەوروپیدا دەردەکەون، بۆیە بەردەوام هەوڵدەدەن، رەخنە و توانج بگرنە بەها کەلتوورییەکانی کۆمەڵگەکانی دی کە ئەوان دەیانەوێت جۆرە هاوبەشییەکی کەلتووری لەگەڵ ئەماندا بونیاد بنێن. بەڵام لە هەمان کاتدا ناسیۆنالیزمی رۆژئاوایی توانیویەتی هەڵگری وێنەی جیاواز و تایبەتیتر بێت بۆ ئێمە کە بتوانین بە ئاشکرا خواستی ئەم ناسیۆنالیستە ببینین لە بەدیهێنانی ئازادی و کەرامەتی مرۆیی و نەتەوەییدا. هەروەها خواستێکی دیکەی ئەم ناسیۆنالیزمە ئەوە بوو بتوانێت هاندەر و رابەری بانگهێشتکردنی تاکەکان بێت بۆ ناو چەقی مۆدێرنیتێ. بە جۆرێك نەتەوەیەك بەرهەم بێنێت کە تامەزرۆی گۆڕانکاری گەورەو بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی چالاك و زیندوو بێت. لە راستیدا هەر ئەم هۆکارە بوو بەو شتەی کە پێی دەوترێت بەهاری گەلان لە ساڵی (١٨٤٨) کە هەموو ئەوروپا وەردەگێڕێتە سەر مۆدێلی شۆڕشێك کە هەموو بەهاکانی خۆی لە پرۆژەی ناسیۆنالیزم وەربگرێت، کە بەرهەمەکەی ئەوروپای مۆدێرنی ئەمرۆی لێکەوتەوە. ئیتر چۆن تەسەوری ئەوە نەکەین کە گوتاری سیاسیی راسڕەوەکانی ئەمرۆ گرێدراوی

**ئەمرۆ لە کوردستان ئیسلامیزمێکی رادیکاڵی وامان نییە کە خواستی تیرۆر و تێکشکاندنی خەونی نەتەوەیی و بەرهەمهێنانی زەبروزەنگی سیاسی و ئایینی هەبێت**

**سوننەکانی عێراق هەوڵیاندا لە رێگەی پرچەک کردنی چەکدارەکانی (داعش)ەوە کۆنترۆڵی هەموو عێراق بکەن**

**تەنها هێز کە توانی چەکدارەکانی داعش راوەستێنێت، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو کە بە باشی بۆ جەنگ و بەرگری لە خۆیان و ناوچەکە پەروەردە کرابوون**

هەمان ئەو هەستە نەتەوەییە نەبێت کە مێژوویەکی دێرینی لە دروستکردنی تاکی ئەورووپیدا هەبوو؟ بە جۆرێك خواستی ناسیۆنالیزم گەورە ببوو کە بیرمان بچێت جووڵانەوەی دیکەی سیاسی و فیکری دیکەمان هەیە کە دەیانەوێت لە دەرەوەی هەیبەتی راستڕەوەکان و بزووتنەوە رادیکاڵەکان مۆدێلی دیکەی سیاسی مومارەسە دەکەن رێك وەك ئەوەی لە (سکۆتلاندا و کاتالونیا) دەیبینین.

سەرەرای هەموو ئەمانەش، چرکەی مێژووییمان هەیە کە ناسیۆنالیزمی ئەورووپی توانیوەتی بە شێوەی جیاواز بیر بکاتەوەو کار بکات، بەبێ ئەوەی هیچ هاوکارییەك لە پرۆژەی سیاسی راستڕەوە رادیکاڵەکان وەربگرێت، بە شێوەیەك هەندێك جار بە تەواوی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سیاسەتدا پچراندووە، بۆیە دەتوانین نموونەیەك بۆ ئەم پرۆژەیە بهێنینەوە کە بە تەواوەتی دەتوانێت ئەو رایەمان بسەلمێنێت، ئەویش لە بوارەکانی وەرزشدا، کە بە هیچ شێوەیەك هیچ پەیوەندییەك لە نێوان سیاسەت و وەرزشدا نابینینەوە. لە کاتێکدا تەنها لە رێگەی فوتبۆڵێنەوە دەتوانین نەتەوەی جیاواز ببینین کە دەتوانن بدرەوشێنەوە، یان هیوای ئەوەیان تیادا سەوز دەبێت کە رۆژێك وەك نەتەوە لە جیهاندا بدرەوشێنەوە. (مۆندیالی فوتبۆڵێن) ئەوە ئاشکرا دەکات کە حەز و هیوای ئەوە دروست دەکات کە هەست بە بوونی نەتەوەیەکی درەوشاوە بکەین لە خۆماندا، بۆ ئەوەی وەك شانازی نەتەوەیی تێی بروانین و خۆمانی پێوە بابدەین. راستە ئەم هەستە کەمێك سادەگی نەتەوەی پێوە دیارە هەندێك جار دەتوانین وەك کایەی مناڵان سەیری بکەین، بەڵام ئەوەش راستە کە ئەم کایەیە لە هەندێك کات و شوێنی جیاوازدا دەتوانێت توندوتیژی نەتەوەیی بخولقێنێت، بەڵام ئەم عەشقە بۆ سەلماندنی هەستی نەتەوایەتی، تەواو دوورە لە هەستی رەگەزپەرستی و راسیزمی نەتەوەیی، وەك ئەوەی راستڕەوە سیاسییەکان کاری بۆ دەکەن.

لە راستیدا هەندێك ولاتی دیکەمان بەرچاو دەکەوێت کە تەواو پێچەوانەی ئەم جۆرە لە مۆدێلی ئەورووپی تەنانەت دەڕوانە کایەکانی فوتبۆڵێنیش، بە جۆرێك دەیانەوێت خەونی نەتەوەیی و نەژادپەرستی تەنها خەونێکی ناسیۆنالیی داخراو بێت، نەك خەونی نەتەوەیەکی کراوە و بارگاوی بە رەنگ و نەژاد و ئەسڵی جیاواز لە ئاستی تاك و گرووپدا. لێرەوە دەکرێت بپرسین: بۆچی ناسیۆنالیستە راستڕەوەکان ئارەزوو، یان مەیلی فوتبۆڵێنیان کەمترە لە خەڵکی دی ؟ تەنها لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی تیپێکی فوتبۆڵێندا هەندێکجار دەتوانین ئەسڵ و نەژادو رەگەزیی نەتەوەیی دیکە بدۆزینەوە کە سەر بە هەمان رەگەزیی نەتەوەیی ئەم ناسیۆنالیستە داخرەوە نین. بۆ نموونە: لە رابردوودا هەموو ئەوەمان بینی کە (ژان ماری لۆپێن) کە ئێستا سەرۆکی راستڕەوەکانی فەرەنسایە بە هیچ جۆرێك قبوڵی نەبوو تیپی فوتبۆڵێنی فەرنسا لە رەنگ و نەژادو ئەسڵی جیاواز پێکبێت. بەڵکو دەیویست تیپێك بێت، خوێن و نەژادی فەرەنسییان تێدا بجووڵێت .

کاتێك بیر لە هەستی نەتەوەیی دەکەینەوە، نابێت هەمیشە وەك جێگرەوەی هەستی خراپەکاری دابینێین. ئەزموونێکی تازەمان لەبەر چاودا ون نابێت کە پەیوەستە بە کوردستانی عێراق. لێرەوە هەوڵدەدەین باسی ئەو ئەزموونە تازەیە بکەین .

لە کاتێکدا کە هەموو ولاتانی رۆژهەلاتی ناوین لە بەرپابوونی جەنگێکی نوێ لە ناوچەکەدا دەترسن، بەڵام کوردەکان خۆیان بە شێوەیەکی ئۆتۆنۆم لە هەوڵی ئەوەدان ببنە ولاتێکی سەربەخۆ . لەگەڵ بوونی هێزێکی کارای نەتەوەیی و سۆسیال و دیموکرات کە رۆڵێکی زۆر گرنگیان لەو پرۆژەیەدا بینیوە. لەگەڵ بەرهەمهێنانی میکانیزمی نوێی سۆسیۆلۆژیی هاوچەرخ، هەروەها دەستخستنی میکانیزمی نوێی دۆزینەوە و کەشفکردنی زۆنە تاریکەکانی دەوروبەری خۆی. لە لایەکی ترەوە هەموو توانای خۆی دەخاتەکار بۆ ئەوەی چارەنووسی هەرێمەکەی خۆی بخاتە نێو مێژوو. لە کاتێکدا رۆژهەلاتی ناوین کەوتۆتە نێوان بەرداشی توندوتیژیی رژێمە سیاسییەکانی خۆیان، کەچی کوردستانی عێراق جیاواز لەم حکومەتە توندوتیژانەی ناوچەکە، بەردەوام لە هەڵکشانی سیاسیدان و پێداگری لەسەر بوونی سیستمی ئینساندۆستیی نوێ دەکەنەوە. لێرەوە گەلی کورد دەتوانێت دیوارێکی بەرز لە نێوان خۆی و فۆندامۆنتالیزم و کۆنەپەرستیدا بونیاد بنێت.

ئەمڕۆ هەموو ئەو راستییە دەبینین کە دەوڵەتی عێراق خەریکە بە تەواوەتی بوونی خۆی لە دەست بدات، بە هۆی ئەو جەنگە ترسناکەی تیرۆر و شەڕی ناوخۆ و رادیکالیزمی ئیسلامی دووچاری کردۆتەوە. بەڵام گەلی کورد لە ناوچەکەدا بێ حکومەت مایەوە تا ساڵی (١٩٩١) ئێستا بووە بە هەرێمێك کە هیوابەخش و مایەی ئومێدی عێراق بێت لە پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی و سیاسی و سەربازی بۆ پاراستنی خودی عێراق، ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە گەلی کورد لە جەنگی یەکەمی جیهان هیچ دەستکەوتێکی پێ رەوا

**جیاوازیی گەورەی نێوان ئیسرائیل و کوردستان ئەوەیە کە کوردستان هەرگیز لە هەوڵی گێچەڵی سیاسی و نەتەوەییدا نەبووە لەگەڵ نەتەوەو وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، بەڵام ئیسرائیل بە تەواوی دەستی لە دروستکردنی کێشەکاندا دیار و بەرچاوە**

**کوردستانی عێراق ٢٣ ساڵ پێش ئێستا توانی سەربەخۆیی خۆی نیشانی هەموو دنیا بدات، بە جۆرێك دەسەڵاتێکی سیاسی و نەتەوەیی فیدراڵی وەهای بۆ خۆی بونیاد نا، کە لە دەوڵەتێکی سەربەخۆی حەقیقی بچێت**

**دەوڵەتی عێراق خەریکە بە تەواوەتی بوونی خۆی لە دەست بدات، بە هۆی ئەو جەنگە ترسناکەی تیرۆر و شەڕی ناوخۆ و رادیکالیزمی ئیسلامی دوچاری کردۆتەوە**

نەبینراوە، بگرە بە دۆڕاویش لێی هاتەدەرەوە. لەو کاتەوە گەلی کورد پارچە پارچە و دابەشــکراوە بەسەر چوار وڵاتی ناوچەکەدا وەك: عێراق، تورکیا، سوریا و ئێران، هەر بەو شێوەیەش گەلی کورد دابەش بوون بەسەر دنیادا . بەڵام دوای هەموو ئەم کارەســاتانەش کوردســتانی عێراق ٢٣ ســاڵ پێش ئێستا توانی سەربەخۆیی خۆی نیشــانی هەموو دنیا بدات، بە جۆرێك دەســەڵاتێکی سیاســی و نەتەوەیی فیدراڵی وەهای بۆ خۆی بونیاد نا، کە لــە دەوڵەتێکی ســەربەخۆی حەقیقی بچێت. بێگومان رژێمەکەی (ســەدام حوســێن)یش نەیتوانی بــە هەموو هێزی خــۆی کۆمەڵگەی کوردســتان و کەلتوورەکەی لەناو بەرێت، لەگەڵ ئەوەشــدا کە سەدام هەموو جــۆرە توندوتیژییەکی لە دژی نەتەوەی کورد بەکار هێنا کە ئەمڕۆ وەك جینۆساید تەماشا دەکرێت، تەنانــەت لــە بەکارهێنانی چەکــی کیمیاوی دژی نەتەوەی کورد نەسڵەمییەوە، بەڵام کوردستان لە دوای راپەڕینەکەی ساڵی (١٩٩١) هەستا بە دروستکردنی حکومەتێکی نوێی کوردستانی، لەهەمان کاتدا دەستی کرد بە بونیادنانەوەی کۆمەڵگەیەکی نوێ، بونیادنانی سیستەمی نوێی خوێندن و دەستەبەرکردنی فەزایەکی نوێی رۆشــنبیری و کەلتووری. کێشەی هەژاری بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بوونەوە، قوتابخانەو زانستگە و خەستەخانە ســەر لە نوێ ژیانەوە. دروستە کە هەموو شتێك لە کوردســتان بێ وێنە و بێ کێشە نییە، بەڵام دیموکراسیەتێکی زیندوومان لەوێ بەرچاو دەکەوێت. لە راستیدا هەم سیستەمی سیاسیی کوردستان و هەمیش دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و میدیا هەمان شــت دووپات دەکەنەوە کە ئیکۆنۆمییەکی مۆدێرن لەم هەرێمە خۆی بونیاد دەنێت، بە هۆی بوونی ئەو سەرمایە گرنگە سروشــتییەی کە پێی دەڵێن پترۆڵ. ئەمەش وادەکات کە کوردستان بتوانێت بەرەو بەدەستهێنانی تەبەقەیەکی ناوەندیی نێونەتەوەیی هەنگاو بنێت لە رووی سیاسی و کەلتووری و ئابوورییەوە. لە کاتێکدا لە ناوچەکەدا تەنها ئیسرائیل دەتوانێت خۆی وەك دەوڵەتێکی دیموکراسی بخاتە ســەر شانۆ. جیاوازیی گەورەی نێوان ئیسرائیل و کوردســتان ئەوەیە کە کوردستان هەرگیز لە هەوڵی گێچەڵی سیاســی و نەتەوەییدا نەبووە لەگەڵ نەتەوەو وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، بەڵام ئیسرائیل بە تەواوی دەستی لە دروستکردنی کێشەکاندا دیار و بەرچاوە.

کوردستان بە تەواوی خۆی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لە ئەگەری هەڵگیرسانی هەموو جۆرە توندوتیژیەك کە لە دەوروبــەری روویدات، بەرگری لە خۆی بکات. لە کاتێکدا سوننەکانی عێراق هەوڵیاندا لە رێگەی پڕچەك کردنی چەکدارەکانــی (داعش)ەوە کۆنترۆڵی هەموو عێــراق بکەن، تەنها هێزیش کــە توانی چەکدارەکانی داعش راوەستێنێت، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو کە بە باشی پەروەردە کرابوون بۆ جەنگ و بەرگری لە خۆیان و ناوچەکە.

ئێســتە ئیدی هەموو شــتێك روون بۆتەوە بۆ دنیا کە کــورد بۆ ماوەیەکی دوور و درێــژ لە دنیا دوور خرابوونەوە و لە ناو ئازاری خۆیاندا بەبێ حکومەت و دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆیان ژیاون و، ناچار دەکران بە لۆژیکی ئەو وڵاتانە بژین کە تێدا دەست بەسەر بوون و دەچەوســێنرانەوە، بەڵام دوای ئەم هەموو چیرۆکە تراژیدییە نەتەوەی کورد توانی هەرێمێکی دیموکراسی و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و حکومەتێکی خۆجێیی بۆ خۆی بونیاد بنێت. هاوکات دەستی کرد بە بونیادنانی ناوەندیی رۆشــنبیری و پەروەردەکردنی ســوپایەکی مۆدێرنی کوردســتانی، لە ناو جەرگەی زەبروزەنگی سیاسی، ئەتنی و ئایینی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەمڕۆ لە کوردستان ئیسلامیزمێکی رادیکاڵی وامان نییــە کە خواســتی تیرۆر و تێکشــکاندنی خەونی نەتەوەیــی و بەرهەمهێنانی زەبروزەنگی سیاســی و ئایینی هەبێت. ئەم نەتەوەی کوردە خاوەنی توانایەکی گەورەیە لەســەر هێزە خراپەکارەکانــی دنیا. هێزێکە دەتوانێــت رووبەڕووی بەربەرییەت و تیرۆر و تۆقاندن بوەســتێتەوە. هەموو رووداوەکان ئەوە نیشان دەدەن کە کۆمەڵگەی کوردی بە سەر هەموو دنیادا کراوەتەوە، بەو توانا کەلتووری و دیموکراسییە مۆدێرنەی کە بە دەستی هێناوە، بە تەواوتی پێچەوانەی ناسیۆنالیزمێك کار دەکات کە دەیانەوێت بە رووی دنیادا دەرگاکانی خۆیان دابخەن.

کە وابێت بوونی نەتەوە بەگشتی خراپ نییە، وەك چۆن بە تەواوتی باشــیش نییە. دەتوانێت وێنەیەکی جیهان بکێشــێت کە توانــای بەرهەمهێنانی جۆرەها شــێوەی تەعبیری لە خۆی و لە دنیاشــی هەبێت. نەتــەوە جەوهەرەکــەی دیاریکراو نییــە وەك بەردی مەرمەڕ، چۆن لە هەر کوێی دنیا بێت، جەوهەرەکەی خۆی لەگەڵ خۆیدایــە. نەتەوە توانای ئەوەی هەیە بە هەموو لاکاندا بێت و بڕوات، توانای خۆگۆڕین و دەرکەوتنەوەی لێرەو لەوێش هەیە.

**گەلی کورد دەتوانێت دیوارێکی بەرز لە نێوان خۆی و فۆندامۆنتالیزم و کۆنەپەرستیدا بونیاد بنێت**

**لە کاتێکدا رۆژهەڵاتی ناوین کەوتۆتە نێوان بەرداشی توندوتیژیی رژێمە سیاسییەکانی خۆیان، کەچی کوردستانی عێراق جیاواز لەم حکومەتە توندوتیژانەی ناوچەکە، بەردەوام لە هەڵکشانی سیاسیدان و پێداگری لەسەر بوونی سیستمی ئینساندۆستیی نوێ دەکەنەوە**

**چرکەی مێژووییمان هەیە کە ناسیۆنالیزمی ئەوروپی توانیویەتی بە شێوەی جیاواز بیر بکاتەوەو کار بکات، بەبێ ئەوەی هیچ هاوکارییەك لە پرۆژەی سیاسی راستڕەوە رادیکاڵەکان وەربگرێت**

---

*** سۆسیۆلۆگ، ســەرۆکی دەزگای زانســتە مرۆییەکان، پاریس. سەرۆکی رێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیۆلۆژی**



# بەهاری کوردستان لە پاییزی تیرۆریستانەوە دەست پێدەکات

## یەکڕیزی نێو ماڵی کورد لە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوەدا



«دەکرێــت لە هەموو کاتێکدا پشــت بە ئەمریکا ببەسترێت، بۆ ئەوەی هەنگاوی ڕاست هەڵبگرێت، بەڵام پاش ئەوەی هەموو بژاردە خراپەکان تاقی دەکاتەوە»

وینستۆن چەرچڵ

**ئەو زەمەنە کۆتایی هات، پێناسەی سیستمی فیدراڵی عێراق پێناسەیەکی لاستیکی بێت و ناوەند بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی تەفسیری بۆ بکات**

**ناکرێت سەرچاوەی داهات بکرێتە کارتێک بۆ گوشاری سیاسی کە حکومەت دژ بە هەرێمەکان بەکاری بهێنێت، وەک ئەوەی حکومەتی ناوەندی بەغدا دژ بە هەرێمی کوردستان پیادەی کردووە**

**دەبێت پێکەوەژیانی زۆرەملێ و ناچاربوون بۆ مانەوە لە ژێر زوڵم و زۆری حکومەتی ناوەند بگۆڕێت بۆ پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە لە چوارچێوەی حکومەتێکی فیدراڵی کە هەموو پێکهاتەکان بە حکومەتی خۆیانی بزانن**

ستراتیژە تازەکەی ئۆباما بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش لە سووریا و عێراق، تەنها ستراتیژییەکە لە ئاسمانەوە چالاکییەکانی تیرۆریستان سنووردار دەکات، بۆیە ئەم ستراتیژییە بۆ لە ریشە هەڵکێشان و نەهێشتنی تیرۆریستانی داعش، پشت بە فاکتەرێکی گرنگتر لە هێزی ئاسمانی دەبەستێت، کە ئەویش هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، یان وەك پسپۆرانی دیراساتی ئاسایش و بەرگری لەسەر ئاستی ناوەندەکانی توێژینەوە ئاماژەی پێدەکەن، ئەو هێزانەی وەك هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانایان هەیە رووبەڕووی تیرۆریستان ببنەوە، پێویستیان بە هاریکاری سەربازی و لوجیستی و مەشق و راهێنان هەیە.

ئەوەی هەتا ئێستا سەبارەت بەم لایەنە گوێبیستی بووین، لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە توێژەران باس لە مەشق و راهێنان بە ئۆپۆزسیۆنی سووریا (سوپای سووریای ئازاد)، یان ئاماژە بە دووبارە چەكدارکردنی هۆزە عەرەبەکانی سوننەی عێراق دەکەن لەسەر شێوازی سەحوەکەی ژەنراڵ پەتریۆس، بەڵام بێجگە لە پشتبەستن بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەوانی دیکە بە گومانەوە سەیر دەکرێن، یان لە باشترین حاڵەتدا بەوجۆرە باس دەکرێت، بەوەی لەوانەیە پشتگیری کردنی ئۆپۆزسیۆنی سووریا و چەكدارکردنی خێڵەکانی سوننەی عەرەب، مەترسی دیکە بە دوای خۆیاندا بهێنن و لە بری ئەوەی شەڕی تیرۆر کۆتایی بێت، جۆرێکی دیکە لە ناسەقامگیری لەسەرتاسەری ناوچەکە بێتەئاراوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا و هەتا ئێستاش تەواوی ئەندامانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی (بێجگە لە وڵاتانی عەرەبی)، هێزی سەرەکی کە لەسەر ئەرزی واقیع و گۆڕەپانی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، وەك تاکە هێزی کاریگەر سەیری بکەن، هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.

توێژەران و پسپۆرانی ئاسایش و بەرگری لەو راستییە دەکەن و دڵنیان بەرەی تیرۆریستان تەنها بەرەیەکی شەڕ نییە کە بتوانرێت بە هێرشی سەربازی کۆتایی پێبهێنرێت، لەبەر ئەوەی تیرۆریستان وەك ئایدیۆلۆژییەکی توندڕەو بەردەوام توانای خۆبەرهەمهێنانەوە و خۆنوێکردنەوەیان هەیە، لەمەش زیاتر توانای جووڵەیەکی دینامیکی فراوانیان هەیە کە دەتوانێت دەستیان بگاتە زۆر شوێن لە ناو دڵی رۆژئاوادا، ئەم دەستڕاگەیشتنەش بە ناوەندەکانی رۆژئاوا و دەست نەپاراستن لە شوێنە گشتییەکان و خەڵکی سڤیل و هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لەنێو هاووڵاتیانی رۆژئاوا، پێویستی بەوە هەیە کە لەو ناوچانەی دەبنە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی تیرۆر پێگەیەك هەبێت و ئەم پێگە جوگرافییە توانای ئەوەی هەبێت رێگە نەدات تیرۆریستان نەوای ئارامیان بۆ دروست بێت، یان ببێتە پردی ترانزێت بۆ پەڕینەوەی تیرۆریستان.

سەبارەت بەم لایەنەش وەك لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە، ژینگەیەك بوار نەدات ئاسانکاری لەسەر ئاستی میللی و پاشان حکوومی بۆ تیرۆریستان دروست بکرێت، تەنیا ئاستی میللی و حکوومیی هەرێمی کوردستانە، هەر بۆیە نەبوونی هاوسۆزی لەگەڵ تیرۆریستان و بڕوانەبوونی کورد وەك نەتەوە بە کردەوەو کەلتووری توندوتیژی لە نێو یەکریزی گەلی کوردستاندا رەنگی داوەتەوە، وێڕای ئەوەش لە هەرێمی کوردستاندا فرەیی و ئازادی بیروڕای سیاسی لەو پەڕیدایە و سەرەڕای جیاوازییەکی زۆریش کە لە نێوان پارتە سیاسییەکان و تەواوی پێکهاتەکانی گەلی کوردستان هەیە، بەڵام هەموویان لەو خاڵەدا یەکانگیردەبنەوە کە ئەویش دژایەتیکردنی تیرۆر و توندوتیژی سیاسیە.

ئەم لایەنە درەوشاوەیە زەمینەیەکی لەباری دروستکردووە، بۆ ئەوەی جیهان بە ستراتیژییەکی نوێ بیر لە شەڕی تیرۆریستان بکاتەوە، ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرامبەر تیرۆریستان رانەوەستایە، ئەوا جارێکی دیکە جیهان نەیدەتوانی بیر لە دروستکردنی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی لەبەرامبەر تیرۆریستان بکاتەوە، ئەوەشی ئەم راستییە بە تەواوەتی پشتڕاست بکاتەوە، هەڵوێستی ئەمریکا و دەوڵەتانی ناتۆیە لە ئەفغانستان، کە راشکاوانە ئەو راستییانە بەرجەستە دەکاتەوە کە تیرۆریستان چۆن جەستەی رۆژئاوایان لە رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شەکەت کردووە، لەنیو ئەم پێگە جوگرافییە فراوانەشدا بەوانەشی کە خۆیان دەبنە قوربانی دەستی تیرۆریستان، بەڵام نابنە هاوپەیمانێکی راستەقینە لەگەڵ ئەمریکا و رۆژئاوا بۆ رووبەڕووبونەوەی تیرۆریستان، لەم چوارچێوەیەشدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە تا دەگاتە ئاسیای ناوەڕاست بێجگە لە گەلی کوردستان و هەرێمی کوردستان هاوپەیمانێکی راستەقینەی شەڕی دژی تیرۆریستان لە چوارچێوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی قاعیدە و داعش بوونی نییە.

### ● پێناسەی سەرکەوتن لە ستراتیژیەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە شەڕی دژە تیرۆردا

باراك ئۆباما لە ستراتیژە نوێیەکەیدا دژی تیرۆریستانی داعش، ئەوانی وەك «سەرەتان و ڤایرۆس» ناو برد، ئەمەش مانای ئەوەیە وەرەمی سەرەتانی پێویستی بە لە ریشەهەڵکێشان هەیە و رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسیش پێویستی بە ئامێری بەرگری هەیە، هەروەك چۆن جەستەی مرۆڤ ئامێری بەرگری هەیە، بۆیە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەگەر تیرۆریستان وەك سەرەتان پێناسە بکەین، یان ڤایرۆس، ئەوا مانای ئەوەیە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو سەرەتان و ڤایرۆسە پێناسەی سەرکەوتن دیاری دەکات، هەروەك چۆن لە پرۆسەی نەشتەرگەری و چارەسەری نەخۆشیدا، پێناسەی سەرکەوتنی نەشتەرگەرییەکە پەیوەستە بە ئاستی رزگابوون لە نەخۆشییەکە، نەك قورسی و سادەیی نەشتەرگەرییەکە. لەمەش گرنگتر ئەوەیە ئەم

ستراتیژییە نوێیە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژی تیرۆریستان لەلایەن سەرۆکیکی ئەمریکاوە دانراوە، کە بە دژایەتیکردنی بۆ شەڕی عێراق و کشانەوەی سەربازانی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان دووجار لەسەر یەك دەرگای کۆشکی سپی بۆ کراوەتەوە، هەروەها سەرۆکێك ئەم بڕیارەی داوە کە گومانی گەورەی لەسەر پێناسەی سەرکەوتن لە ستراتیژیەتی سەرۆکی پێش خۆی هەبووە، کە ئەویش جۆرج دەبلیو بوش بووە.

لەمەش زیاتر ڕەخنەی سەرەکی لە سەر ستراتیژیەتی ئیدارەی جورج دەبلیو بوش لە هەر دوو شەڕی ئەفغانستان و عێراق، ئەوە بوو کە سەرۆك بوش توانی جەنگەکە بەرێتەوە، بەڵام شەڕەکەی دۆڕاند، مەبەستیش لە بردنەوەی جەنگ و دۆڕاندنی شەڕەکە ئەوەیە: ڕاستە ئیدارەی بوش توانی ئیمارەتی تاڵیبان لە ئەفغانستان و ڕژێمی سەدام حوسێن لە عێراق بڕووخێنێت، بەڵام دوای جەنگەکە بەرنامەیەکی بۆ بونیادنانەوەی عێراق و ئەفغانستان نەبوو بۆ ئەوەی وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخ بتوانن بڕوایان بە دیموکراتی و پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی هەردوو وڵات هەبێت.

بۆیە ئەوەی لەم ستراتیژە تازەی سەرۆك ئۆباما بۆ پێناسەی سەرکەوتن بەرجەستە دەبێتەوە، ئەوەیە کە مانای سەرکەوتن لەم ستراتیژە تازەیەدا چۆنیەتی ڕێکخستنەوەی سیستمی دەوڵەتدارییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و لە سووریا و عێراق بەتایبەتی، لەم چوارچێوەیەشدا ئەگەر وردتر سەرنج بدەین، بە ڕاشکاوی ئەوە دەردەکەوێت، کە هەنگاوەکانی سەرۆك ئۆباما پێش ڕاگەیاندنی ستراتیژە نوێیەکەی وەك مەرجی پێشوەختە گرێدرابووەوە بە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، لەمەش زیاتر شێوازی حکومەتە نوێییەکەی عێراقیش دیاری کراوە بەوەی دەبێت حکومەتێکی بنکەفراوانی نیشتمانی بێت و هەموو پێکهاتەکان بەشداری تێدا بکەن و ڕەنگدانەوەی ئیرادەی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بێت بۆ ئەوەی لەسەر ئەرز هاوپەیمانییەکی نیشتمانی لە چوارچێوەی عێراقدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان دروست بێت.

ئەگەر لێرەوە جارێکی دیکە ئەو مەرجە پێشوەختەیەی ستراتیژی تازەی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق و حکومەتە تازەکەی عەبادی هەڵبسەنگێنینەوە، ئەوا هەست دەکەین حکومەتی تازەی عێراق دەبێت ئەو مانایە لە خۆی بگرێت کە عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدڕاڵی پێناسە بکاتەوە و ئەم دەوڵەتە فیدڕاڵییە بە ئاستێك تایبەتمەندیی پێکهاتە جیاوازەکانی لەبەر چاو بگرێت کە بتوانرێت لەسەر ئەرزی واقیع پێکهاتەکان پێکەوە بە بێ ترس و زۆرەملێ کۆبکاتەوە.

ئامانج لەم هەنگاوانە لە عێراقدا زەمینە خۆشکردنە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ ئەوەی ببێتە کلیلێك و گرفتی پرۆسەی سووریاشی پێبکرێتەوە، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە، پێکهاتەکانی سووریاش (بە عەلەوی و سوننە و کوردەوە) جارێکی دیکە لەنێو سیستمی حوکمڕانیی کۆنی سووریا ناتوانن پێکەوە هەڵبکەن و هەروەها ناشتوانن بەبێ لەبەر چاوگرتنی تەواوی تایبەتمەندی عەلەوی و سوننە و کورد، گەرەنتی ئەوە هەبێت سووریا وەك دەوڵەتێك بوونی بمێنێتەوە.

کەواتە ئەم بارودۆخە مانایەکی تازە بۆ پێناسەی سەرکەوتن لەم ستراتیژە تازەیە دروست دەکات، لە هەمانکاتیشدا پرسیاری ئەوە دروست دەکات: بە چ میکانیزمێك ئەو دەسکەوتانە بەدەست دەهێنرێن و چۆن دەپارێزرێن؟ هەر بۆ نموونە: ئەگەر ئامانج لەم ستراتیژە تازەیەی ئۆباما بریتی بێت لە:

١- لە ڕیشە هەڵکێشان و تێکشکانی تیرۆریستانی داعش و کۆتایی هێنان بە دەوڵەتی ئیسلامی داعش.

٢- مانەوەی سووریا و عێراق وەك دوو دەوڵەت بەم نەخشە سیاسیەی ئێستا.

ئەوا ئەم دوو ئامانجە بەدەستهێنان و پاراستنی پێویستی بە میکانیزمی تازەی مامەڵەکردن هەیە لەگەڵ بارودۆخی سیاسیی ئێستای سووریا و عێراق و لە بەرچاو نەگرتنی ئەو واقیعە سیاسییەش دووبارە پێناسەی سەرکەوتن بێ مانا دەکاتەوە.

### ● بونیادنانەوەی دەوڵەت و شەڕی داعش

پرۆفیسۆر کینس پۆلاك سەرۆکی سەنتەری سابان لە ئامۆژگای برۆکینگز، لە دوایین وتاریدا سەبارەت بە چۆنیەتی سەرکەوتن لە شەڕی تیرۆریستان، ڕاشکاوانە پەنجەی ختۆتە سەر کرۆکی کێشەکە و جەخت لەوە دەکاتەوە، پرۆسەی سەرکەوتن لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، لە پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراق و سووریا جیا ناکرێتەوە، دیارە مەبەستیشی لە بونیادنانەوە، بونیادنانەوەی هەردوو دەوڵەتی عێراق و سووریایە وەك دوو دەوڵەتی هاوچەرخ کە تیایدا پێکهاتە جیاوازەکانی هەردوو وڵاتەکە بتوانن بە ئاشتی پێکەوە بژین.

پۆلاك سەبارەت بە عێراق ڕایوایە ئیدارەی ئۆباما لە میانەی داکۆکیکردنی لەسەر پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراق بە سەرۆکایەتی د.حەیدەر عەبادی وەك حکومەتێکی بنکەفراوانی نیشتمانی هەنگاوێکی ڕاستی هەڵگرتووە، بۆیە گرنگە بۆ سووریاش بیر لە هەمان هەنگاو بکرێتەوە، ئەمەش بەو مانایەی لە ڕووی سیاسییەوە چارەسەرێك بۆ کێشەی سووریا بدۆزرێتەوە و سیستمی حوکمڕانی کۆنی ئەسەد بگۆڕێت بۆ سیستمێك کە ڕەنگدانەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی گەلانی سووریا بێت، سەبارەت بەم لایەنە وەزیری دەرەوەی ئێران (محەمەد جەواد زەریف)، لە میانەی سیمینارێکدا کە ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوە لە واشنتۆن بۆیان ڕیکخستبوو، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە کۆماری ئیسلامی ئێران پشتگیری ئەو گۆڕانکارییە

**ئەگەر سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما وەک دوائامانج بۆ عێراق، مانەوەی عێراق بێت بە یەکپارچەیی، دەبێت ئەو هۆکارانە چارەسەر بکات، کە لەسەردەمی حوکمڕانی مالیکی بوونە هۆکاری کۆتایی هاتنی عێراق**

**باراک ئۆباما لە ستراتیژە نوێیەکەیدا دژی تیرۆریستانی داعش، ئەوانی وەک «سەرەتان و ڤایرۆس» ناو برد، ئەمەش مانای ئەوەیە وەرەمی سەرەتانی پێویستی بە لە ڕیشەهەڵکێشان هەیە و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسیش پێویستی بە ئامێری بەرگری هەیە**

**ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرامبەر تیرۆریستان ڕانەوەستایە، ئەوا جارێکی دیکە جیهان نەیدەتوانی بیر لە دروستکردنی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی لەبەرامبەر تیرۆریستان بکاتەوە**

سیاسییه دەكات كه گەلی سووریا خۆی بڕیاری لەسەر دەدات، نەك چارەسەرێكیان بەسەردا بسەپێنرێت.
سەبارەت بە حكومەتی تازەی عێراقیش بۆ ئەوەی لەو ئاستەدا بتوانێت عێراق وەك دەوڵەتێك رزگار بكات، پرۆفیسۆر مارك سیفەرز توێژەری باڵا لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی، لە وتارێكدا بە ناونیشانی « پەند وەرگرتن لە هەڵەكانی مالیكی » نووسیوویەتی: حكومەتی عەبادی سەركەوتوو دەبێت، ئەگەر هەڵەكانی مالیكی دووبارە نەكاتەوە، هەروەها ئەمریكاش سوود لە هەڵەكانی مالیكی وەربگرێت و رێگە نەدات ئەمجارە دووبارە بێتەوە». ئەو هەڵانەی وەك پرۆفیسۆر مارك ئاماژەی پێكردووە، بووە هۆكاری ئەوەی عەرەبی سوننە پەراوێز بخرێت و كوردیش وەك مانەوە لەگەڵ عێراق وەك هەرێمێكی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا نائومێد بێت و ناچار بێت بڕیاری سەربەخۆیی بدات.

**نەبوونی هاوسۆزی لەگەڵ تیرۆریستان و بڕوانەبوونی كورد وەك نەتەوە بە كردەوەو كەلتووری توندوتیژی لە نێو یەكڕیزی گەلی كوردستاندا رەنگی داوەتەوە**

ئەگەر لەم خاڵەی پرۆفیسۆر مارك سیفەرز ئاماژەی پێكردووە، شرۆڤە بكەین، هەست دەكەین بە راشكاوی دەستی خستۆتە سەر كرۆكی كێشەكە و ئەوەمان بیر دێنێتەوە كە چۆن سەرۆكی هەرێمی كوردستان دوای ئەوەی نائومێد بوو لە حكومەتەكەی مالیكی كە پابەندی هیچ كام لە بەڵێنەكانی نەبوو، ناچار بوو بە جیهانی رابگەیەنێت، ئەگەر مالیكی پابەندی بەڵێن و ئیمزاكانی خۆی نەبێت، ئەوا سەرۆكی كوردستان ناچار دەبێت ئەم پرسە رووبەڕووی گەلی كوردستان بكاتەوە و گەلی كوردستان خۆی بڕیاری خۆی بدات.
ئەوەی لەم هۆشدارە تازانەی لە میانەی وتار و لێكۆڵینەوەكانی ئێستا دەردەكەون، ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئیدارەی ئەمریكا هەستی بەو هەڵانە كردووە كە ئیدارەی یەكەم و نیوەی یەكەمی ئیدارەی دووەمدا لە سیاسەتی بەرامبەر عێراق ئەنجامیداوە، بۆیە ئەگەر سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما وەك دوائامانج بۆ عێراق، مانەوەی عێراق بێت بە یەكپارچەیی، دەبێت ئەو هۆكارانە چارەسەر بكات، كە لەسەردەمی حوكمڕانی مالیكی بوونە هۆكاری كۆتایی هاتنی عێراق، چارەسەركردنی ئەو هۆكارانەش بەوە دەكرێت:
١- دەبێت پێكەوەژیانی زۆرەملی و ناچاربوون بۆ مانەوە لە ژێر زوڵم و زۆری حكومەتی ناوەند بگۆرێت بۆ پێكەوە ژیانی ئارەزوومەندانە لە چوارچێوەی حكومەتێكی فیدراڵی كە هەموو پێكهاتەكان بە حكومەتی خۆیانی بزانن.
٢- گۆڕینی باڵادەستی پێكهاتەیەك بەسەر پێكهاتەیەكی دیكەدا بۆ هاوسەنگیی نێوان پێكهاتەكان و پیادەكردنی ڤیتۆكراتی لە بری زۆرینەی سیاسی كە دەبێتە سەرەتایەك بۆ دەركەوتی دیكتاتۆریەتی زۆرینە.
٣- ئەم جۆرە حكومەتە فیدراڵییە لەسەر دوو بنەمای گرنگ سەركەتوو دەبێت، یەكەمیان: دابەشكردنی دەسەڵاتەكان و دووەمیان: دابەشكردنی داهاتە، لەمەش گرنگتر ئەوەیە ناكرێت سەرچاوەی داهات بكرێتە كارتێك بۆ گوشاری سیاسی كە حكومەت دژ بە هەرێمەكان بەكاری بهێنێت، وەك ئەوەی حكومەتی ناوەندی بەغدا دژ بە هەرێمی كوردستان پیادەی كردووە.
٤- شێوازی دابەشكردنی دەسەڵات دەبێت لە چوارچێوەی دەستووری عێراق بێت و دەسەڵاتی حكومەتی فیدراڵی سنووردار بێت و دەسەڵاتی هەرێمەكان فراوان بێت، ئەم دەسەڵاتە فراوانە بەپێی ئەو واقیعە تازەی هاتۆتە ئاراوە، دەبێت بێجگە لە هێزی ئاسایش و پۆلیس وەك هێزی ناوخۆ، هێزی پاسەوانی هەرێمەكانیش بگرێتەوە لە چوارچێوەی سیستمی بەرگریی عێراق بۆ ئەوەی هەر هەرێمێك بتوانێت لە پاراستنی هەرێم، یان ناوچەكەی خۆیدا رۆڵی هەبێت.

**● بەهاری كوردستان و پاییزی تیرۆریستان**

لەسەر ئەرزی واقیعی بەرەكانی شەڕی نێوان هێزی پێشمەرگە و تیرۆریستانی داعش، ئێستا هاوكێشەكە بەو جۆرەیە تیرۆریستان لە پێشڕەوی وەستێنراون و لە پاشەكشەدان و پێشمەرگە بە وورەی بەرزەوە لە پێشڕەویدایە و ئەو ناوچانە ئازاد دەكاتەوە كە پێشتر تیرۆریستانی داعش داگیریان كردوون، ئەم هاوكێشەیە لە گۆڕەپانی شەڕەكە ئاماژەیە بۆ ئەوەی تیرۆریستانی داعش رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر گەمارۆ دەدرێن و هێزی پێشمەرگەی كوردستانیش رۆژ لەدوای رۆژە بەهێزتر و شارەزاتر دەبێت.
لایەنێكی دیكەی وەرچەرخان لەسەر ئەرزی گۆڕەپانی شەڕ ئەوەیە، جیهان گەیشتە ئەو قەناعەتەی پێویستە هێزی پێشمەرگەی كوردستان ببێتە خاوەنی چەكی قورس و مەشق و راهێنانی پێویست، دووبارە بونیادنانەوەی هەیكەلی هێزی پێشمەرگە و لەمەش زیاتر ناساندنی لەلایەن حكومەتی عێراقەوە وەك بەشێك لە سیستمی بەرگریی عێراق، ئەم دانپێدانانە جیهانییە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و دانپێدانانی حكومەتی عێراق لەسەر ئاستی لۆكاڵ، ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەو زەمەنە كۆتایی هات، پێناسەی سیستمی فیدراڵی عێراق پێناسەیەكی لاستیكی بێت و ناوەند بە پێی بەرژەوەندییەكانی خۆی تەفسیری بۆ بكات، راشكاوانەتر پێناسەی فیدراڵیزم بەرەو ئەوە هەنگاو هەڵدەگرێت لە چوارچێوەی عێراقدا چ میكانزمێك پیادە بكرێت، دەبێتە هۆكاری ئەوەی كورد بتوانێت ئارەزوومەندانە بە مانەوە لە چوارچێوەی عێراق رازی بێت؟ ئەمە ئەگەر هەنگاوی یەكەم و زەمینە رەخساندن بێت بۆ چارەسەری فراوانتری كێشەی كورد لەسەر ئاستی ناوچەكە، ئەوا بە سەركەوتنی كورد لە باشووری كوردستان بارودۆخەكە بەو جۆرە دەگۆڕێت كە چارەسەری هاوشێوەی باشوور بۆ بەشەكانی دیكەش بدۆزرێتەوە، ئەم پرۆسەیە كە لەگەڵ شكانی تیرۆریستانی داعش پاییزی تەمەنیان رۆژ لە دوای رۆژ نزیك دەبێتەوە، لە هەمانكاتدا بەهاری هەموو كوردستانیش پێكەوە دەگرێتەوە.

**ئەو هێزانەی وەک هێزی پێشمەرگەی كوردستان توانایان هەیە رووبەڕووی تیرۆریستان ببنەوە، پێویستیان بە هاریكاری سەربازی و لوجیستی و مەشق و راهێنان هەیە**

ئەسیل نجێفی پارێزگاری نەینەوا بۆ گوڵان:

# سەرقاڵی پێکهێنانی هێزێکین بۆ ئەوەی موسڵ لە تیرۆریستانی داعش رزگار بکەین

**ئەسیل نجێفی پاریزگاری نەینەوا لە ئاخاوتنێکی کورتدا بۆ گوڵان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە ئێستا سەرقاڵی ئەوەن هێزێك لە پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی نیشتمانی لە عەرەبی موسڵ دروست بکەن و خۆیان بۆ ئازادکردنی شاری موسڵ ئامادە دەکەن و هەر لەو بارەیەوە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دەداتەوە.**

*** ئێستا کە شاری موسڵ و زۆر ناوچەی دیکەی پارێزگاکە لە ژێر کۆنترۆڵی داعشدایە، ئێوە بە نیازی چین و چیتان بەدەستەوەیە؟**

- ئێمە لە ئێستادا سەرقاڵی پێکهێنانی هێزێکین لە پۆلیس و پاسەوانی نیشتمانی بۆ هاوکاریکردنی پرۆسەی ئازادکردنی شاری موسڵ، دیارە دوای تەواوکردنی رێوشوێن و پێداویستییەکانی پێکهێنانی ئەو هێزە، ئەو توانایەی دەبێت کە بەشداریی لەو پرۆسەیەدا بکات.

*** دەگوترێت کە زۆر ئەستەمە بە رێگەی سوپای عێراق و بەم هێزەی ئێستا شاری موسڵ رزگار بکرێت، بەڵکو پێویستی بە هێزێك هەیە کە خەڵکی شارەکە بن وخۆتان دەستنیشانی بکەن، تا چەند لەگەڵ ئەو رایەدایت؟**

- لە راستیدا چاکتر وایە لە خەڵکی شارەکە بن، هەروەها هێزی دیکەش هەبێت بۆ هاوکاریکردنی ئەم هێزە و ئەنجامدانی پرۆسەکە، بێگومان پێویستمان بە هێزی دیکەی گەورەی وەك ئەمریکا و گورزی ئاسمانی هەیە، بۆ دابرانی کۆمەك و یارمەتیی دارایی لە داعش، بەڵام بڵاوەپێکردنی هێزی جیاواز لە سەر زەوی رەنگە داعش سوودی لێوەربگرێت و کێشەو ململانێ لە نێوانیاندا بێنێتەئاراوە.

*** مەبەست لە کۆمەك و یارمەتییەکان چییە و چ وڵاتێکی لەپشتە و چۆن رێگری لە گەیاندنی ئەو هاریکارییانە بە داعش دەکرێت؟**

- لە راستیدا داعش زۆربەی یارمەتییەکانیان لە سووریاوە بۆ دێت، ئەو هێزەی داعش کە لە ناو موسڵدایە زۆر سنووردارە و تەنیا لایەنی تەقەمەنی نەبێت، بەڵام یارمەتییەکانی دیکەیان لە دەرەوە پێدەگات.

*** پێتوایە بۆردومانی ئاسمانی و پێشرەویی پێشمەرگە فاکتەربوون بۆ رێگە لێگرتنیان لە پێشرەوی، یان لاوازکردنی داعش؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەو هێزانە رۆڵی سەرەکییان هەبوو، هەروەها خەڵکەکەش بۆیان روون بووەوە کە مەترسییەکە تا رادەیەك کەمتر بۆتەوە، هاوکات رەوشەکەش لەبەر ئەو هۆکارانە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە.

*** دەگوترێ کۆمەڵە گەنجێك لە ناو شاری موسڵ پەیدا بوون دژی داعش شەڕدەکەن، ئێوە زانیاریتان دەربارەی ئەو کۆمەڵە گەنجە هەیە؟**

- بەڵێ، چەند گرووپێك لەناو موسڵ پەیدابوون کە ژمارەیان چەند سەد کەسێك دەبێت، بوێرانە دژی تیرۆریستانی داعش شەڕدەکەن.

*** دەگوترێت رەوش و گوزەرانی خەڵکی ناو شاری موسڵ زۆر خراپە، بەتایبەتی لە رووی ئابوورییەوە، گرانیی بازاڕ تەنگی پێهەڵچنیون، ئەوە تاچەند راستە؟**

- بەڵێ، رەوشی گوزەران و ئابووریی خەڵکەکە لەو پەڕی خراپیدایە، خزمەتگوزارییەکان زۆر کەمن، یان هەر نین، نرخی یەك بوتڵ غاز گەیشتۆتە ٤٠تا ٥٠ هەزار دینار، خزمەتگوزاریی کارەبا و نەخۆشخانە و شارەوانی زۆر کەمە.

*** ئایا هیچ ژمارەیەکتان لەبەر دەستدایە دەربارەی کۆی ئەو خەڵکەی لە ئێستادا لەناو شارەکەدا دەژین؟**

- ژمارەیان نزیکەی یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار کەس دەبێت، پێش رووداوەکانیش ژمارەیان لە دەوری یەك ملیۆن و ٧٠٠ هەزار کەس دەبوو.



## زوهێر ئەعرەجی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# موسڵ بە گورزی سەربازی ئازاد ناکرێت و پێویستی بە هاوکاری عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە

**بارودۆخی شـــاری موسڵ لە ژێر سایەی تیرۆریستانی داعش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو خراپتر دەچێت، لە هەمان کاتدا هەوڵەکان بۆ ڕزگارکردنی شـــاری موسڵ هەتا ئێستا شتێکی ئەوتۆی دیار نییە، سەبارەت بەم پرسە ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پەرلەمانتار زوهێر ئەعرەجی ئەندامی ئەنجومەنـــی نوێنەرانی عێـــراق و نوێنەری پارێزگای نەینـــەوا لە پەرلەمانی عێراق ســـاز کـــرد و، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

***چۆن دەکرێت خەڵکی شـــاری موسڵ لە دەست داعش ڕزگاربکرێـــت، ئایا بە هێزی عێراقـــی دەکرێ، یان بە هێزێکی خەڵکی شارەکە، ڕاتان لەو بارەیەوە چییە؟**

- دەتوانین بڵێین ئەوەی بەسەر شاری موسڵ و خەڵکەکەیدا هات، شتێکی لەناکاو بوو، کارەساتێکی چاوەڕواننەکراو بوو، نابێ بیر لە ڕابردوو بکەینەوە، بەڵکو پێویســـتە بیر لە ئایندەو ڕزگارکردنی شـــارەکە بکەینەوە، لە ڕاستیدا دەبێ واقیعبینانە قســـە بکەین، سوپای عێراق شکستی هێنا بەرامبەر ژمارەیەکی کەمی داعش، کە سەرەتا لە شـــارەکە نزیك بوونەوە، ئەمڕۆ ئەو هێزە تیرۆریستە لەناو شارەکە بنکە و بارەگایان داکوتاوە و خەڵکێکی دیکەی شـــارەکەش هەڵخەڵەتاون و بەگەڵیـــان کەوتوون، هاوکات مەشـــق و ڕاهێنان بە هەندێ لە فریودراون دەکەن، بۆیە دەبێ دڵنیایی بدەینە خەڵکەکە کە داعش لەوێ شوێنیان نابێتەوە و هەردەبێ پێیان چۆڵ بکرێت، پێویســـتە زۆر بەخێرایی خەڵکی شارەکە ڕۆشنبیر و هۆشیار بکرێتەوە. دیســـان دەبێ سوود لەو کۆنگرە نێودەوڵەتییانە وەربگرین کە لە جیدە و پاریس و نەتەوە یەکگرتووەکان بەســـتران، کە پشـــتیوانیی نێودەوڵەتییان لێکەوتۆتەوە بۆ ڕاماڵینی هێزی تیرۆریســـتی داعش، هاوکات پێویستە هەرێمی کوردســـتانیش هاوکاری و هەماهەنگیی هەبێت لەگەڵ حکومەتی ناوەنـــد و پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگای موســـڵ بۆ ئەوەی بتوانرێت بە هەمـــوو لایەك کار بۆ دەرپەڕاندن و لەناوبردنی داعش بکرێت.

*** ئایـــا دەکـــرێ تەنیا بە بۆردومانی فڕۆکە موســـڵ ڕزگاربکرێت؟**

- نەخێر، ناکرێ، بە تەنیا بە گورزی ئاسمانی ئەمە مەیسەر نابێت، ئێمە ڕۆژانە زانیاریمان لە ڕێگەی سەرچاوەکانمانەوە لە خەڵکی موسڵەوە پێدەگات، کە داعش دەستی کردووە بە گۆڕینی بەرنامە و پلانەکانی، ئەوان لە خانووی مەسیحی و کوردانی شـــەبەك و ســـەرکردە ئەمنی و بەرپرسیارانی دیکەی شـــارەکە نیشتەجێن کە لە ئێســـتادا ئاوارەبوون و ئەو خانووانەش دەکەونە چەند گەڕەکێکی موســـڵەوە، کە ناکرێ بەو ئاســـانییە شـــوێنەکانیان دەستنیشان بکرێت، تەنانەت کۆبوونەوەکانیشـــیان لە نـــاو گەراجی ئۆتۆمبیل لە ژێرزەمینـــدا ئەنجام دەدەن، بۆیـــە ناکرێ بە فڕۆکە و گورزی ئاســـمانی ئەو شارە ئازاد بکرێت، بەڵکو دەبێ بە هێزی زەمینی و بست بە بست بە هەوڵی ڕزگارکردنی بدرێ، بەڵام دەبێ ئـــەوەش بزانین کە داعش زۆربەی ڕێگەکان و دەوروبەری موسڵیان مینڕێژ کردووە.

**بەو هێزە سوپایەی ئێستای عێراق پێموا نییە بتوانرێت بەرەو ڕزگارکردنی شاری موسڵ پێشڕەویی بکرێت**



*** ئایا دەکرێت هەندێ گەنج کە لە ئێستا لە ناو شاری موسڵ شەڕ دژی داعش دەکەن، وەك ئەو ئەزموونەی پێشتر لە ئەنبار لە ژێر ناوی (هێزی سەحوە) پێك هات، ئەوانیش لەژێر هەر ناوێك بێت، خۆیان ڕێك بخەن و هێزی بەرگری دروست بکەن؟**

- بە هۆی گەندەڵیی دارایی و ئیداری و پێکهێنانی سەحوەوە لە هاووڵاتی سادەو ساکار و دروستکردنی فەوجی وەهمی ناوی سەحوە بێزراو بووە و لەلایەن خەڵکەکەشەوە پەسند نەبوون، ئەمڕۆ پێویستمان بە ڕاپەڕینێکی گشتیی هەیە، نەك بە پێکهێنانی ئەو جۆرە گرووپانە، چونکە تا ئێستا گەندەڵیی دارایی و سیاسی هەیە و بەردەوامە، ئێمە دەمانەوێ خەڵکی خۆڕاگر و شەرەفمەندی شارەکە ئەم ئەرکە لەئەستۆ بگرن، خەڵکانێك لە بەغدا هەن، بە ناوی ئەوەی گوایە دەیانەوێت بێنە دەوروبەری شارەکە و هەوڵی ڕزگارکردنی بدەن، لە ڕاستیدا ئەو جۆرە کەسانە تەنیا بۆ سوودی دارایی و بەرژەوەندیی تایبەتی و بەدەستهێنانی پارەو سامان ئەم ئەرکەیان ڕاگەیاندووە، کە لەسەر ئەرزی واقیعیدا هیچی لێ دیار نییە و دێن وێنە و دیکۆمێنت و هەواڵ بڵاو دەکەنەوە کە گوایە ئەوان ئەو پرۆسە سەربازییانەیان ئەنجامداوە کە زۆر لە ڕاستییەوە دوورە، ئێمە دەمانەوێ لە سایەی حکومەتدا هێزی سەربازی پێکبێت لە خەڵکی بەتوانا و بەدەر لە مەرجی تەمەن و هەندێ یاسای پێشوو، کە لە هەندێ شوێنی سەقامگیر و دوور لە شەڕ ئەو یەکە سەربازییانە دروست بکرێن و خەڵك پەیوەندیان پێوە بکات، لە ئاوارەکان و کەسانی دیکە کە ئەگەر بتوانن لە شارەکەوە پەیوەندییان پێوە بکەن.

*** دوا پرسیارمان ئەوەیە بۆچی حکومەتی عێراق کە خاوەن دامودەزگای ئەمنی و سەربازییە، ناتوانێت شارێك ئازادبکات کە ژمارەی دانیشتووانی لە ملیۆنێك و پێنج سەد هەزار کەس زیاترە، ئایا هیچ مەبەست و مەرامێکی لە پشتەوەیە؟**

- من هەمان پرسیار دووبارە دەکەمەوە، باشە ئەدی بۆ باس لە ئەنبار ناکرێت کە خەڵکەکەی ئاوارەیە و هێزی سەربازیی عێراقیشی لێیە و بەردەوام بۆردومان دەکرێت، هەروەها فەللوجە کە پتر لە سێ مانگە تۆپباران دەکرێت؟ بۆچی پارێزگای سەلاحەدین کە بنکەی سپایکەری لێیە و فەرماندەیی سەربازی و هێزێکی ئێجگار گەورەی لێیە، تا ئێستا نەتوانراوە ئازاد بکرێت؟ بۆیە بەو هێزە سوپایەی ئێستای عێراق پێموا نییە بتوانرێت بەرەو ڕزگارکردنی شاری موسڵ پێشڕەویی بکرێت، تەنانەت بەو چەك و توانا تەکنیکییەی سوپا هیچ ئەنجامێکی نابێت، چونکە ئەگەر هێزی بیانی و نێودەوڵەتی نەبووایە ڕەنگە شاری بەغداش داگیر بکرایە، بۆیە دەڵێم پێویستە سوپایەکی بەتوانای نیشتمانپەروەر دابمەزرێت، نەك هەر سەری مانگان بیر لە مووچە بکاتەوە، چونکە لەبەر بوونی گەندەڵیی دارایی و ئیداری ئەو سوپایەی ئێستا لە ئاستی پێویستدا نییە، ئەوە ١٠ ساڵ بەسەر حکومەتی تازەی عێراقدا ڕەت دەبێت، کەچی تا ئێستا سوپایەکمان نییە، تەنانەت بتوانێت بەشداریی لە شەڕێکی ناوخۆدا بکات، نەك نێودەوڵەتی.

**پێویستە هەرێمی کوردستان هاوکاری و هەماهەنگیی هەبێت لەگەڵ حکومەتی ناوەند و پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ بۆ ئەوەی بتوانرێت بە هەموو لایەک کار بۆ دەرپەڕاندن و لەناوبردنی داعش بکرێت**



### پرۆفیسۆر رۆبەرت رابیل بۆ گوڵان:

# تورکیا بە ناڕاستەوخۆ هاتۆتە ناو شەڕی داعش و ئێستا بنکەی ئەنجەرلیک بۆ شەڕەکە بەکار دەهێنرێت

**پرۆفیسۆر رۆبەرت رابیل تۆێژەرە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڕێوەبەری خوێندنی باڵایە بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی فلۆریدا ئەتلەنتیک و تایبەتمەندە لەسەر بوارە جیاجیاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك كێشەی عەرەب - ئیسرائیل، ئیسلامی رادیكاڵ، حزبوڵا و تیرۆریزم و عێراق، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەی بۆ شەڕی تیرۆریستانی داعش هاتۆتەئاراوە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ساز کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** له شەڕی داعشدا دەركەوت كە ئەم شەڕە جیاوازە لە شەڕی ئەلقاعیدە، لەبەر ئەوەی داعش تەكنیك و شێوازی نوێ بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵك بەكار دەهێنێت، پرسیارەكە ئەوەیە چۆن هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دەتوانێت بەسەر ئەم تەكنیك و تاكتیكە نوێیەدا زاڵ بێت؟**

-ئەمریكا هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئێوەدا، واتە كورد و هەرێمی كوردستان لە باكووری عێراق و هەروەها حكومەتی عێراقی و وڵاتانی عەرەبی هەیە. ئەوەی ئێستا روودەدات بریتییە لە لاوازكردنی داعش، نەك لە ناوبردنی، كە ئومێدی ئێمە ئەوەیە هەرچی زووترە داعش تێكبشكێنرێت. هەر لەبەر ئەوەشە كە ئەمریكا و هاوپەیمانێتی عەرەبی كاریان كردووە و لە هەندێ شویندا پێشڕەوی ئەوانیان راگرتووە، ئێستاش دەستێوەردان دەكەن و من هیوادارم ئەمریكا و هاوپەیمانێتی عەرەبی بۆردومانیان بكەن لە هەر شوێنێك بن. من دەزانم ئەمە قورسە و هیچ وەهمێكم نییە لەم بارەیەوە، بۆیە ئومێد دەكەم خەڵكی ناوچەكە پێكەوە شەڕی ئەم شێرپەنجە مەترسیدارە بكەن.

*** ئەو سوپایەی رۆڵێكی كارا دەبینێت لەسەر زەوی لە بواری شەڕكردن لە دژی داعش، بریتییە لە هێزەكانی پێشمەرگە، تا چ رادەیەك هەرێمی كوردستانی عێراق رۆڵێكی بنەڕەتی دەبینێت لە شەڕی دژ بە داعش؟ ئایا تا چەند پێویستە هاوپەیمانی دژ بە تیرۆر لە رووی هەواڵگری و هاوكاری ئابوورییەوە، نەك تەنها بە پێدانی چەك هاوكاریی پێشمەرگە بكات؟**

- ئەوەی ئاگادارم ئەوەیە ئێستا راوێژكاری سەربازی لە كوردستان هەن، رەنگە سەد راوێژكاری ئەمریكی لە كوردستاندا هەبن، هەروەها ئەمریكا كەلوپەل بۆ كوردستان رەوانە دەكات، من وتەبێژی حكومەتی ئەمریكا نیم و بە ناوی حكومەتەوە قسە ناكەم، بەڵام دەزانم هاوكارییەكی زۆر لە ئەمریكاوە بەرەو هەرێمی كوردستان و ناوچەكانی دیكە چووە. مەسەلەكە ئەوەیە پێویستە خەڵكی زیاتری بەشدار بن لەسەر ئەرزی واقیع، من دەڵێم: دەبێت پشتیوانی ئێزدییەكانیش بكرێت، بە چەشنێك هەموو ئێزدییەك بچێتە شەڕەكەوە بۆ گەڕاندنەوەی ماڵ و حاڵی خۆیان، هەروەها هەموو مەسیحییەك و هەموو كورد و هەموو عێراقییەك كە ماڵ و حاڵی خۆیان لە دەست داوە. من ئومێدی ئەوە دەكەم هاوپەیمانێتی زیاتر بكرێت و هێزی عەرەبی بە سوپایەكی دیاریكراو بەشداری بكەن، نەك تەنها لە ئاسمانەوە، بەڵكو بەشداری بكەن لە هەندێ ناوچەی دیاریكراودا، وەك هێزی تایبەت، بە دڵنیاییەوە ئەردەنی بن، یان سعودی، یاخود عێراقی پێویستە بچنە ئەو شوێنانەی داعش داگیری كردوون و هێرش بكەنە سەریان.

*** لەم رۆژانەی دواییدا بینیمان كە داعش هێرشی كردە سەر كۆبانێ و ئەمەش ترس و دڵەڕاوكێی خستە نێو خەڵكانی مەدەنی و كوردەكانی ئەو ناوچەیە، ئەمە لە كاتێكدا كوردەكان بە گشتی دژ بە تیرۆرن، ئایا چاوەڕوان دەكرێت، لە كاتێكدا كورد هاوپەیمانی دژ بە تیرۆرن لە هەنگاوەكانیاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، كارەساتی دیكەیان بەسەردا بێت؟**

- رەنگە ئێوە لای خۆتانەوە وای بەدی بكەن كە ئەمریكا بە سستی هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام لێرە لە ئەمریكا وا لە مەسەلەكە دەڕوانرێت كە ئەمریكا بە خێرایی هەنگاو دەنێت، كەواتە ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی لە چ گۆشەنیگایەكەوە سەیری بارودۆخەكە دەكەیت. بۆیە رەنگە لای ئێوە سست و خاو دەربكەوێت، بەڵام لێرە پێشوەختە لێكۆڵینەوە دەكرێت و تاوتوێ دەكرێت، بۆ ئەوەی ئامانجی كاریگەر دەستنیشان بكرێت، تا بپێكرێت، ئیدی لە سووریا بێت، یان لە عێراق. ئەوەی پەیوەندی بە (كۆبانێ)یەوە (عین العرب) هەبێت، ئەوا من دڵگرانم و ئەوە تراژیدیایە و ئومێد دەكەم ئەمریكا —هەروەك چۆن گورزی وەشاندووە- لەمەودواش گورز بوەشێنێت بۆ راگرتنی هێرشەكانیان، كوردەكانیش كە جەنگاوەری زۆر باشن، رووبەڕوویان ببنەوە، بۆ ئەوەی كوردی زیاتر روونەكاتە توركیا.

**كورد رووبەڕووی هەڕەشەیەكی زۆ مەترسیدار بووەتەوە لەسەر سنوورەكانی كە دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بكات، بۆیە تاوەكو زووتر بكەونە خۆیان و رۆڵێكی چالاكتر ببینن، بۆ خۆیان و بۆ ناوچەكەش باشترە**

*** كۆدەنگی هەیە لە نێو ئەندامانی هاوپەیمانی دژ بە داعش بۆ لێدانی ئەم رێكخراوە، بەڵام بەرژەوەندی و بۆچوونی جیاوازیش هەیە لە بڕیارداندا بۆ گورزوەشاندن لە داعش لە ناو خاكی سووریادا، ئایا چۆن ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەتوانێت بەسەر ئەم جیاوازییەدا زاڵ بێت؟**

-ئەمریكا دەتوانێت بۆ كۆكردنەوەی لایەنەكان هاوكار بێت، بەڵام ئەمریكا ناتوانێت هەموو سوورییەكان پێكەوە كۆبكاتەوە و ئەوەیان بۆ دیاری بكات كە چ بڕیارێك لەبارەی ئایندەی خۆیانەوە دەدەن. ئەمریكا گورزی لە شوێنی زۆر گرنگ وەشاندووە-گرنگ بەلای داعشەوە-. سوپای سووریای ئازاد پشتیوانی دەكات و ئیسلامییەكانی دیكە خۆشحاڵ نین پێی، بەرەی ئەلنوسرە، تەنانەت ئەوانەی سەر بە ئەلقاعیدەش بوون كە شەڕیان لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی دەكرد، ئێستا دژی ئەمریكان، واتە ئەوانەی لە دژی داعش بوون، ئێستا لە دژی ئەمریكا دەوەستنەوە، كەواتە من دەزانم جیاوازی هەیە، بەڵام ئەمریكا بایەخ بەم جیاوازییە نادات، چونكە دوژمنێك هەیە، كە دوژمنی سووریایە و دوژمنی عێراق و ناوچەكەیە و ئەویش لە دژیان دەوەستێتەوە، بەڵام بە تەنها ئەم كارە ناكات، بەڵكو لەگەڵ پێنج دەوڵەتی عەرەبیدا ئەم كارە دەكات. ئەوەی من نیگەران دەكات و ئەوەی سەرجەم كاراكتەرەكانی لە سووریا نیگەران دەكات، ئەوەیە ئایا ئاكامەكانی لێدانی داعش لەلایەن ئەمریكاوە بۆ سەر گرووپەكانی سووریا چییە؟ بۆ نموونە هەندێ كەس دەڵێن: ئەوان هاوكاری رژێمەكە دەكەن، هەندێكی دیكە دەڵێن: نەخێر ئەوان هاوكاری رژێمەكە ناكەن و هاوكاری كەسانی دیكە دەكەن، هەندێ كەسی دیكە دەڵێن: كە سوپای سووریای ئازاد زۆر لاوازە و ئەو كاتەی ئەم سوپایە بەهێز دەبێت، ئەوا زۆر درەنگ دەبێت. كەواتە بۆچوونی جیاوازن هەن. بەڵام ئامانجە سەرەكییەكە لاوازكردنی داعشە، بە ئومێدی ئەوەی لە ئایندەیەكی نزیكدا تێكبشكێندرێت. هەروەك وتم ئەمریكا دەتوانێت هاوكار بێت، بەڵام دەبێت سوورییەكان خۆیان پێكەوە كۆ ببنەوە. من نازانم ئەمە چۆن چارەسەر دەكرێت، لە رێی سەربازییەوە، چونكە عەلەوییەكان، مەسیحییەكان سوننەكان،

**بێ رێككەوتنی سعودیە و ئێران ئەو حكومەتەی بەم دواییە لە لوبنان پێك نەدەهێنرا**

شیعەکان و کوردەکان لەوێ دەبن، من ئومێد دەکەم سووریاش وەك عێراق سیستمێکی سیاسیی فیدراڵی پیادە بکات، کە عەلەوییەکان ئەندازەیەك لە خۆبەڕێوبەری (ئۆتۆنۆمی) یان هەبێت و سوننەکانیش و کوردەکانیش ئۆتۆنۆمییەکی دیاریکراویان هەبێت و حکومەتێکی مەرکەزی هەبێت و هەموویان کۆبکاتەوە. راستە لە شەڕی سووریادا ئەمریکا گورز لە داعش دەدات، بەڵام جگە لە سوورییەکان ڕێگەچارەیەکی دیکە نییە بۆ چارەسەرکردنی، دەبێت ئەوان پێکەوە کۆببنەوە. ئێوە دەزانن چی لە عێراقدا روویدا، من ئاشنایەتیم هەیە بە دۆخی عێراق، راستە ئەمریکا لە عێراقدا هەبوو، بەڵام ڕێککەوتنێك لە نێوان شیعە و سوننە و کورددا هەبوو، راستە کار لەسەر ئەو ڕێککەوتنە نەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێککەوتنێك هەبوو بۆ ئەوەی پیادە بکرێت و جێبەجێ بکرێت، کەچی لە سووریا ڕێگایەك نییە بۆ ئەوەی بیگرنەبەر، من دەمەوێ خەڵکی سووریا ئاسودە بن لەو شوێنەی لێی دەژین، کەواتە دەبێت بە راستی باس لە سیستمێکی سیاسیی نوێ بکەن کە کەمینە جیاوازەکان وەك سووری بمێننەوە، بەڵام ئاستێك لە ئۆتۆنۆمییان هەبێت، ئەمەش دەبێت بە کۆبوونەوەی سوورییەکان خۆیان بێت. شتێکی دیکە هەیە لە ناوچەکەدا دەمەوێت باسی بکەم، ئەویش ئێران و سعودیەیە، کە پێم خۆشە ڕێککەوتنێك لە نێوان ئێران و سعودیەدا بەدی بێت، بەتایبەتی لەبارەی سووریاوە، ئەمەمان لە سووریا بەدی کرد، بێ ڕێککەوتنی سعودیە و ئێران ئەو حکومەتەی بەم دواییە لە لوبنان پێك نەدەهێنرا. کەواتە ئەمریکا هەیە، هەروەها وڵاتە ئیقلیمییەکان هەیە، بەتایبەتی تورکیا و سعودیە، هەروەها ئێرانیش، پێویستە جۆرێك لە تێگەیشتن هەبێت لە نێوانیاندا، لە کۆتاییشدا خودی سوورییەکان خۆیان دەبێت بڕیار بدەن، کەواتە کاتێك باس لە ئەمریکا دەکەین، ئەوا ئەمریکا ئامانجێکی هەیە، ئەویش بریتییە لە لاوازکردن و تێکشکاندنی داعش کە هەڕەشەیە بۆ سەر ناوچەکە و بۆ سەر تەواوی شارستانییەت. کەواتە بەڵێ ئەمریکا دەتوانێت هاوکار بێت، بەڵام ئەمریکا ناتوانێت ئەم کارە لە بری سوورییەکان بکات.

*** تورکیا وەك دەوڵەتێکی گرنگ لە نێو ناتۆ و لە جیهانی ئیسلامیدا تەنانەت دوای رزگارکردنی بارمتەکانیشی نایەوێت بەشدار بێت لە هاوپەیمانێتی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی و سەرچاوەکانیش باس لەوە دەکەن، تورکیا گفتوگۆی کردووە بۆ رزگارکردنیان و دەوڵەتی ئیسلامیش دەڵێت: گفتوگۆمان لەگەڵ تورکیادا هەبووە، ئایا بەشدارینەکردنی تورکیا لە شەڕی دژی داعش مەترسیدار نییە؟**

- ئەگەرچی تورکیا ڕۆڵێکی راستەوخۆ ناگێڕێت، بەڵام ئێستا بنکەی ئەنجەرلیك بەکار دەهێنرێت، هەندێ کەس ئەمە رەتدەکەنەوە و هەندێ کەسیش پشتڕاستی دەکەنەوە، بەڵام بە گوێرەی ئەوەی خوێندوومەتەوە و بەپێی هەندێ سەرچاوەی موتەوازیعی خۆم، تورکیا رێی داوە بە هاوپەیمانێتییەکە کە هەندێ بنکە بەکار بهێنرێت. کەواتە تورکیا هەندێ ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام لە پشت پەردەوەیە، بەڵام ئایا خوازیاری ئەوەین تورکیا ڕۆڵێکی چالاکتری هەبێت، بە دڵنیاییەوە خوازیاری ئەوەین تورکیا ڕۆڵێکی چالاکتری هەبێت، بە تایبەتی لەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت لە ئێستادا، پێموایە ئەوەی لە کۆبانێ (عین العرب)دا روو دەدات، جێی بایەخێکی زۆرە بۆ کورد کە وایان لێدەکات بجووڵێن و ڕۆڵێکی چالاکتر ببینن، واتە چیتر ئەوە نەما دابنیشن و بڵێن نازانین چی بکەین، چونکە کورد رووبەڕووی هەڕەشەیەکی زۆ مەترسیدار بووەتەوە لە سەر سنوورەکانی کە دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بۆیە تاوەکو زووتر بکەونە خۆیان و ڕۆڵێکی چالاکتر ببینن، بۆ خۆیان و بۆ ناوچەکەش باشترە.

*** سعودیە وەك یەکێك لە گرنگترین هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بەڵێنی داوە بە مەشق پێکردنی موعارەزەی سووریا، لە لایەکی دیکەوە ئێرانیش کە دەستڕۆیشتوویەکی زۆری هەیە لە سووریادا دژی لێدانی دەوڵەتی ئیسلامییە، ئەگەر هاتوو ببێتە هۆی رووخاندنی رژێمەکەی بەشار ئەسەد، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەم جیاوازییە نابێتەهۆی شکست پێهێنانی هەوڵەکانی لە ناوبردنی داعش؟**


- با ئەوەمان لە بیرنەچێت، کە ئێستا ئێران هاوکاری حکومەتی عێراق دەکات و ناو بە ناویش هاوکاری کوردەکانی کردووە بە درێژایی مێژوو، کەواتە ئێران ڕۆڵێکی ناڕاستەخۆ دەبینێت لە رووبەڕووبوونەوەی داعش. ئەوەی پەیوەندی بە رەوشی سووریاوە هەبێت، ئەوا دۆخەکە زۆر ئاڵۆزترە، کە رژێمەکە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دابڕاوە. کەواتە ڕۆڵی ئێران چی دەبێت، رۆحانی سەرۆکی ئێران ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو لەبەر ئەوە دژی هەڵمەتەکەیە، چونکە دەیویست هەڵمەتەکە لە دژی داعش سووریاش بگرێتەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئێستا لە سووریا روودەدات، چونکە پێیوایە ئەوەی لە سووریادا روودەدات، دەبێت پەیوەندی بە حکومەتی سووریاوە هەبێت، ئەمە تێڕوانینی ئەوانە، کەواتە مەسەلەکە ئەوە نییە ئەوان دژی ئەو کارە بن کە ئەمریکا و دەوڵەتە عەرەبییەکان دەیکەن، بەڵکو دژی داعشن، با ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کە ئێران بۆ ماوەیەکی باش پشتیوانی حکومەتی عێراق و هەروەها میلیشای شیعەی کردووە، بەپێی سەرچاوەکانی من ئەوان شەڕێکی زۆریان لە دژی داعش کردووە، زۆر زیاتر لەوەی حکومەتی عێراقی کردی، کەواتە ناتوانین بڵێین ئێران ڕۆڵی نییە، بەڵام ئەم ڕۆڵەی لە سووریادا دەگۆڕێت، ئەمەش زیاتر لە رەهەندێکی هەیە، رەهەندی ژیۆستراتیژی و رەهەندێکی تایەفەگەری، رەهەندی تایەفەگەریش ئەوەیە ئێران لەگەڵ شیعە و عەلەوی و کەمینەی سووریایە، هەروەها ئێران لەگەڵ رژێمی سووریادایە. کەواتە کردنی ئێران بە بەشێك لە هاوپەیمانێتیەکە شمشێرێکی دوو دەمە، لەلایەکەوە بۆی هەیە ئەمریکا عەرەبە هاوپەیمانەکانی لە دەست بدات، لەلایەکی دیکەوە بۆی هەیە ببێتە هۆی زیاتربوونی رەوتی تایەفەگەری، هەر لەبەر ئەمەش کە رەنگە باشتر بێت، ئێران ڕۆڵێکی ناڕاستەوخۆی هەبێت، بە چەشنی ئەوەی ئەنجامی داوە لە رابردوودا و ئەوەی ئێستادا لە عێراقدا ئەنجامی دەدات.

**رەنگە ئێوە لای خۆتانەوە وای بەدی بکەن کە ئەمریکا بە سستی هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام لێرە لە ئەمریکا وا لە مەسەلەکە دەڕوانرێت کە ئەمریکا بە خێرایی هەنگاو دەنێت**

**ئێران بۆ ماوەیەکی باش پشتیوانی حکومەتی عێراق و هەروەها میلیشای شیعەی کردووە، بەپێی سەرچاوەکانی من ئەوان شەڕێکی زۆریان لە دژی داعش کردووە، زۆر زیاتر لەوەی حکومەتی عێراقی کردی**



# داعشی تیرۆریست و وێرانکار نە دەوڵەتە و نە ئیسلامییە



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

بۆ گوڵانی نووسیوە

هەندێك لە هۆیەكانی راگەیاندن وەك ئاماژەیەك بۆ هێزە تیرۆریستەكان و تاقمە مافیایی و خوێنڕێژە دزێوەكان ناوونیشانی (دەوڵەتی ئیسلامی)یان دەهاتە سەر زاران، رەنگە هەندێ لە بەرپرسانی نێودەوڵەتی و لۆكاڵی ئەم زاراوەیەیان بە مەبەست، یان بە بێ مەبەست گوتبێتەوە، لە حەقیقەتدا هەر كەسێك ئەم زاراوەیەی (دەوڵەتی ئیسلامی) بەكارهێنابێت و لە پاش ئەوەیشەوە لە بەرانبەر هەبوونی ئەو گرووپە تیرۆریستی و ئانارشیستانەی بە سەر خاكی عێراق و سووریادا بڵاوبوونەتەوەو ناوی داگیركاری لێ نابێتن، وێڕای رەتكردنەوەی راستگۆیی لە وتنەكەدا، خزمەتیشیان بە چەسپاندنی هەبوونێكی تاوانكاریی كردووە و ددانپیانانێكی فەرمییان پێ بەخشیون، كاتێ وەسفی (دەوڵەت)یان پێ داون، بێ ئەوەی یاسایەكی لۆكاڵی، یان نێودەوڵەتی، یان شەرعیەتێكی مەدەنی، یان ئایینی بڕیاری بوون بە دەوڵەتیان لەسەردابێت.

**ئەوەی هەبوونی هەیەو دیارە، بریتییە لە هەرەسهێنانی دامودەزگاکانی چەند ناوچەیەکی سەر خاکی عێراق، ئەو بۆشاییانەی لە پاش ئەم هەرەسەوە دروست بوون، ئێستا بە گرووپەکانی تاوانکاری و لاقەکاری و وێرانکاری پڕکراونەتەوە**

سەرەتا با لە زاراوەی (ئیسلامیی)یەوە دەستپێبکەین کە چۆن ئەم زاراوەیە وەك سەرپۆشێك خراوەتە پاڵ ئەندامە تاوانکار و نەخۆشەکانی ئەو گرووپانەوە، ئەمە راست و دروست نییە، هیچ کاتێك و هیچ ئایینێك بەتایبەتیش ئایینی محەمەدی بریتی نەبوون لە خەڵکانی لاسار و سەرەڕۆ و سەربڕ، هەر زوو ئەوانەی بڕوای تەواویان بە ئیسلام هەبێت، ئەم لەکە و پەڵە ناشیرینەیان لە خۆیان دوورخستەوەو جەختیان کردەوە لەسەر ئەوەی ئەم توێژە سەرلێشێواوەی ناوی داعشە، گوزارشت ناکەن لە ئایینەکەیان و وشەی موسڵمانیان پێ رەوا نادیترێت، بەڵکو ئەوانە بریتین لە چەند کەسێکی گومڕا کە بە بەرگی ئایینەوە تاوانکاری ئەنجام دەدەن، بە شێوازێك کە هەرچی لۆژیکی میانڕەوی و لێبوردەیی و پێکەوەژیان و ئیعترافکردن بەوانی تر کە لە ئایینی ئیسلامەتیدا و لە ئایینەکانی تریشدا لە ناواخن و گەوهەریاندا جەختیان لەسەر کراوەتەوە ئەمان رەتی دەکەنەوە..

پێکەوەژیانی مرۆڤایەتی و قبوڵکردنی فرەیی و هەمەجۆریێتی وشوناسی جیاوازی و نزیکبوونەوە لە یەکتر، لە رێی دیالۆگی ئاشتیانەو لەسەر بناغەی برایەتی و یەکسانی و هاریکاری بۆ کاری چاکەو بەڕێوەبردنی کاروانی بونیادنان و ئازادی لە بیروباوەڕدا، حەقیقەتی ئەو گوزارشت لێکردنەیە کە لایەنگران و هەوادارانی مەزهەبە ئایینییەکان پێڕەوی لێ دەکەن بە پێی لۆژیکی ئاوەزو حیکمەت، بەڵام ئەو نەخۆشە هەمەجیە سادییانە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بێوێنەن لە خراپیدا، خۆیان وا نیشان دەدەن کە موسڵمانی راستەقینەن، ئەگەر ناوێکیان بۆ دابنرێت کە لەگەڵ ناوەڕۆك وشوناس و حەقیقەتیاندا بگونجێت بریتین لە توندڕەوە تەکفیرییەکان، بەڵکو تەنیا میکرۆبێکن سامناکترن لە میکرۆبی ئەنتراکس و تاعونی رەش و ئەو ڤایرۆسە پیسانەی کە ماوە نا ماوە مرۆڤایەتی لەناویان دەبات..

کەواتە ئەمانە موسوڵمان نین، تەنیا بە راگەیاندن و قسەی خۆیان نەبێت، ئەویش بۆ هەڵخەڵەتاندنی هەندێ کەسی ساویلکە کە بە ئاسانی ئەم بیرۆکە نەخۆشانە کاری لێ بکات، رێکخراوەکەشیان ئینتیمای بۆ هیچ ئایین و مەزهەبێك نییە، لە هەوڵداندان ببنە تایەفەیەك بۆ نوێنەرایەتی هێزەکانی زوڵم و تاریکایی، لەوەشدا کە ناولێنانی تایەفەیەکی یەکگرتوویان بۆ خۆیان دابین کردبێت شکستیان خواردووە، هەر کەسێ بەدواداچوون بۆ هەواڵەکانیان بکات تووشی هێدمە دەبێت کە چۆن لە ناوخۆشیاندا کەوتونەتە لە ناوبردنی یەکتری، چونکە تاقمێك نەخۆش و شەیداگیرن بە تاوانکردن و خوێنڕێژی..

وەسفکردنی خۆیان بەوەی دەوڵەت بن، ئەمەش دروست نییە و وەك چۆن لە ئایینی خوا بێبەشن و لەمەشدا هەروا، چونکە دەوڵەت بەوە دەناسرێتەوە کە هەبوونێکی جیۆگرافی تایبەتمەند بە گەلێکەوە کە مێژووی هەبێت و دامودەزگای دامەزراوەیی یاسایی دانابێت، خاپەڕۆك و بەرماوەی گەل و دەوڵەتانێکن کە گسکیان لێدراون و خراونەتە سەر لیستی مەترسیدارترین تاوانبارانەوە، ئیتر چۆن چۆنی دەبن بە گەل، کاتێك هەنجەتی کۆبوونەوەیان لە ژێر چوارچێوەی ئایین بۆ نامێنێتەوە، ئیتر چیتر کۆیان دەکاتەوە جگە لە دوژمنایەتیکردنی بەها باڵاو جوامێرەکانی مرۆڤایەتی نەبێت، وەك چۆن ئێستا رۆژانە خەریکن بە کۆکوژی و سەربڕینی خەڵکی سڤیل و لاقەکردنی ئافرەتان: ئایا ئەمە خەسڵەت و سیماکانی کەسانێکە کە بیانەوێت دەوڵەت دابمەزرێنن و بەڕێوەی بەرن؟

پێشتر ئەوەمان زانیوە کە دەوڵەت بوونێکی دامەزراوەییەو دیسپلین و یاساو رێسای نێودەوڵەتی بەڕێوەی دەبەن، هەروەها رێز لە خەڵك و نەوەکانی خۆی دەگرێت و بەرژەوەندی و مافەکانیان دەپارێزێت، نەك وەك دڕندە لە وێزەی خەڵکی بەربێت و خوێنی هەر کەسێ حەڵاڵ بکات کە لە بیرکردنەوەدا لێی جیاواز بێت و لاقەی ئافرەتانی ئەو ناوچانە بکات کە دەکەونە بن دەستی و خەڵکیش هەمووی بکەنە کۆیلە، رێبازی مانەوەی ئەو هێزە نەخۆشانە بریتییە لە تۆقاندنی مرۆڤایەتی و هەڕەشەکردن لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە رێی مولگەکانیەوە کە ناوکی جەنگەکانین بۆ هەڵگیرساندنی ئاگر، ئەگەرچی قەبارەو ژمارەیان دیاریکراوە، بەڵام ئەندامەکانیان لە هەموو گەلانی سەرزەمینەوە رێکخستووە تا بتوانن هەڕەشەو تۆقاندنەکانیان ئاراستەی هەموو وڵاتان و دەوڵەتان بکەن..

لە راستیدا دەوڵەتی عێراق کە لە رێی پایتەختەکەیەوە بە تایەفەگەرییانەی سیاسییەوە فەرمانڕەوایەتی دەکردو سەرقاڵ بوو بە کۆمەڵێك ململانێی لابەلاوە، میلیشیا تایەفەگەرییەکان تێکەڵی سیاسەتی گشتی وڵات دەکران و بوونە هۆکاری هەرەسهێنانی دامودەزگاکانی دەوڵەتی عێراق کە تەمەنی مێژوویی ئەم دەوڵەتە نزیکە بە دەهەزار ساڵ مەزندە دەکرێت و تەمەنی مێژووی هاوچەرخیشی نزیکەی سەد ساڵێکە، ئاسایییە کە هەندێك لە پارێزگاکانی عێراق لە ژێرڕکێفی ئەو فەرمانڕەوایانە بمێنێتەوە کە جڵەوگیری پایتەختن بکەن، بەو شێوەیە دەسەڵاتی تایەفەگەری ئەو پارێزگانەی دەهاڕی لە نێوان چەکوشی تاقمەکان و سندانی سوپا

**کاتێک داعش هەنجەتی کۆبوونەوەیان لە ژێر چوارچێوەی ئایین بۆ نەمێنێتەوە، ئیتر چیتر کۆیان دەکاتەوە جگە لە دوژمنایەتیکردنی بەها باڵاو جوامێرەکانی مرۆڤایەتی نەبێت، وەک چۆن ئێستا رۆژانە خەریکن بە کۆکوژی و سەربڕینی خەڵکی سڤیل و لاقەکردنی ئافرەتان**

تایەفەگەریەکەدا، هەر ئەمەش زەمینەی ڕەخساند بۆ گایەلە تیرۆریستە بازاڕیەکان تا ئەو خاکانە داگیربکەن کە پێشتر دامودەزگا دەوڵەتیەکانی تێدا هەرەسی هێنابوو، تا ئەو فەوزایەی ناو ئەو پارێزگانە بقۆزنەوەو لاوازی هێزە نادیسپلینکراوە ئەمنیەکانیان بە دەرفەت وەربگرن و بە میزاجی خۆیان هەرچییان دەست بکەوێت بە پاساو و بیانووی مەزهەبی و ئاینی بیانکەن بە کۆیلەو لە رووی سێکسەوە ئالوشی خۆیانی تێدا دامرکێننەوە، دواتر دەرفەتی مانەوەیان لەو ناوچانە قەبەتر بوو تا بە ناوی دەوڵەت و بە بۆیاخی موسوڵمانێتی بە تەواوی گیرساونەتەوە، ڕەوایەتی هەبوونی دوو دەوڵەتی خۆرهەڵاتی ناوەندی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکانیان قۆستەوە..

لە ژێر رۆشنایی ئەم روانینەدا، ئەوەی روودەدات بریتی نییە لە داگیرکاری بەڵکو داڕووخان و هەرەسهێنانی هەموو شێوازەکانی هەبوونی دەوڵەتییە و کشانەوەیەتی لە مەیدانی نێودەوڵەتیدا، تا ڕێ چۆڵ بێت بۆ تاوانکاری و فەوزاو خاك و نامووسی خەڵکی تێدا هەتك بکرێت، بوار بدرێت تا خەڵکی وەك کۆیلە هەڵسوڕێن و لاقەی بوون و مافەکانیان بکرێت، ئەوەی نەیەتە ژێر باریانەوە تیرۆری جەستەیی بە ڕێگایەکی هەمەجیانە چاوەڕێی بێت و لەبەردەمی خەڵکیدا بەشێوەیەك سەری لە لەشی بکرێتەوە کە بۆ ئاژەڵ سەربڕینیش بەو شێوەیە هەڵسوکەوت ناکرێت، کەواتە چۆن بەم تاوانبارانە دەوترێت خاوەن دەوڵەتی ئیسلامیی، هیچ لۆژیکێك لە دنیادا نییە بۆ ناولێنانی دەوڵەت لە بەرانبەر ئەم هەموو تاوان و فەوزایەی خستویانەتەوە، هیچ بنەمایەکی دەوڵەتییانە نییە لەسەری وەستابن لە فەزایەکدا کە لە گرێژنەوە هاتۆتە دەرەوە، هیچ دیسپلینێکی یاسای نێودەوڵەتی ئیعتراف بەم ڕەفتارە جەنگەڵستانیانەدا ناکات کە لە گەنیویی ئەشکەوتە تاریك و زەمانە مردووەکانیەوە هەڵدەقوڵێت، لە لایەکی ترەوە هیچ موسڵمانێك کە موسڵمانێتی دروست بێت، شێواندنی باوەڕەکەی وەرناگێڕێت بۆ وەسفکردنی ئەو تاوان و دڕندایەتیەی کە بە ناوی فێرکاری ئایینەوە دەکرێت..

بە پوختی پێویستە ڕێگە نەدەین بە ئەکتیڤکردن و پشتگیریکردنی بڵاوبوونەوەی زاراوەی دەوڵەتی ئیسلامی، بەڵکو باشترە زاراوەی لەناوبردن و لاقەکردن لە بری زاراوەی ئیحتلال بەکار بێت، لە بەرانبەر ئەو مەرگەساتانەی لە هەردوو خاکی عێراق و سووریادا روودەدەن، هیچ هەبوونێکی هێزی دەوڵەتانی بیانی لەسەر خاکی ئەو دوو دەوڵەتە بوونیان دیار نییە، تا زاراوەی ئیحتیلال بەکار بهێنرێت..

ئەوەی هەبوونی هەیەو دیارە بریتییە لە هەرەسهێنانی دامودەزگاکانی چەند ناوچەیەکی سەر خاکی عێراق، ئەو بۆشاییانەی لە پاش ئەم هەرەسەوە دروست بوون ئێستا بە گرووپەکانی تاوانکاری و لاقەکاری و وێرانکاری پڕکراونەتەوە کەواتە لەناوبردن گونجاوترو وردترە لە وشەی ئیحتیلال بۆ ناساندنی ئەو واقیعەی هەیە، واقیعێك کە بە هۆی کوشتن و وێرانکردن نەك لەسەر بونیاد نان وەستاوە، کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیش ناتوانێت لێپێچینەوەی یاسایی لە دەوڵەتێك بە پاساوی ئیحتیلالی خاك و کۆیلەکردنی گەلەکەی بکات، دواتر ئەمە دەوڵەت نییە بە زاراوە یاسایی و نێودەوڵەتیە باوەکەی کە هەیە، کەواتە پێویستە زاراوەکە لە رووی یاساییەوە ڕێکبخرێتەوە تا حاڵەتەکە دیاری بکرێت و بزانین لە رووی فەرمی و جەماوەرییەوە چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەین، ئەرکی چاوەڕوانکراومان لە پاش ڕەتکردنەوەمان بۆ زاراوەی دەوڵەت بریتیە لە سەرلەنوێ بونیادنانەوەی دەوڵەتێکی داڕووخاو یان تێکدراو بە هۆی زاڵبوونی گرووپەکانی تاوانکاری و میلیشیا تیرۆریستەکانی ئەو شوێنانەی کە دامودەزگای دەوڵەتیانەیان تێدا راوناوە، دواتر پاکژکردنەوەی خاکەکەی لە پاشەڕۆکی تاوانکاران و دادگایی کردنیان لە بەرانبەر ئەو هەموو تاوانانەی بە حەقی پێکهاتەکانی عێراقیان کردیان، باشترە وریا بین لە بەکارهێنانی زاراوەکانماندا بە تایبەتی مەبەستم لەو دەزگاو راگەیاندنانەیە کە بە کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانەوە بەستراونەتەوە، یان گوتاری پارتە سیاسییەکان و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرو دیموکراتخوازەکان چ لەسەر ئاستی ناوخۆ، یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی..

هیچ دیسپلینێکی یاسای نێودەوڵەتی ئیعتراف بەم ڕەفتارە جەنگەڵستانییانە ناکات کە لە گەنیویی ئەشکەوتە تاریک و زەمانە مردووەکانەوە هەڵدەقوڵێت

هەردەم ئەوە وەبیردەهێننەوە کە دروستیی خیتابی فیکری سیاسی دەسپێکی پێداویستییەکانی سەرکەوتنە بەسەر هێزەکانی تاریکی و وێرانکاریی بۆ گێڕانەوەی بونیادی دەوڵەت و گەڕانەوەی دەسەڵاتی بونیادنان و پێشکەوتن، لە رووی پراکتیکییەوە پێویستە ئەوەش بیربهێنینەوە کە گوتاری خۆرئاوایی زاراوەی دەوڵەتی ئیسلامەتی لادەدات و وردبینی لە خیتابەکانیدا وەبەرهەم دێنێت، وەك چۆن لە دەقی سەرۆکەکانی وڵاتانی زلهێز و لەسەر زاری ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتووە، کەچی هێشتا لای هەندێ سیاسەتمەداری خۆمان و هەندێ لایەنی راگەیاندنەوە، بە هەڵە زارەوەی دەوڵەتی ئیسلامی بەکار دەهێنرێت.

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان و سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە دانیمارك**




## پرۆفیسۆر یۆسی مەکلبێرگ لە ئامۆژگای چاتام هاوس بۆ گوڵان:

# لە نێو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەرژەوەندی جیاواز بوونی هەیە بەڵام مەترسی داعش هەموویان کۆدەکاتەوە

*** داعش تەکنیك و شێوازی نوێ بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵك بەکار دەهێنێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دەتوانێت بەسەر ئەو تەکنیك و تاکتیکە نوێیەدا زاڵ بێت؟**

- ئەمە تەحەددییە و ستراتیژیەتی هاوپەیمانێتییەکە دەیەوێت رووبەڕووی ببێتەوە، هەڵمەتەکە ئێستا ئەوەیە کە جڵەوەکە بگرنەوە دەست و لە بری ئەوەی لە دۆخی بەرگریدا بن، کارێك بکەن داعش ناچار بکرێت لە دۆخی هەڵاتندا بێت، ئەویش بە هێرشکردنەسەر بنکەکانی و شوێنەکانی خۆحەشاردانی، هەروەها ژێرخانەکەی، وەك ئەوەی دوو رۆژ پێش ئێستا پاڵاوگەکانی نەوتی بۆردومان کرا، ئەویش بۆ ئەوە بوو سەرچاوەکانی دارایی داعش وشك بکات، بەڵام ئاشکرایە ئەمە هەڵمەتێکی کورتخایەن نابێت و دەبێت هاوپەیمانێتییەکە تاکتیکەکانیان زیاتر هەڵبسەنگێنن، گەورەترین مەترسی ئەوەیە زۆرێك لە داعشەکان تێکەڵی خەڵکەکە بن و لەشوێنی جیاواز دەربکەونەوە کە بۆیان گونجاو بێت، هەر بۆیە لەبەر ئەم بارودۆخە پێویستە هەڵمەتەکە تێکەڵێك بێت لە هێزەکانی عێراق و هێزە کوردییەکان و هێزە موعارەزەکانی دیکە کە بەرهەڵستی داعش دەکەن. هەروەها بە هاوکاری هاوپەیمانێتییەکە خەڵکەکەش شەڕی داعش بکەن، واتە تێکەڵەیەك بێت لە تاکتیکی جیاواز.

**پرۆفیسۆر یۆسی ماکلبێرگ تۆێژەری باڵایە لە ئامۆژگای چاتام هاوس لە بەریتانیا و تایبەتمەندە لە بوارەکانی دیراساتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و پرۆسەی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شۆڕش و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پەرەپێدانی سیاسی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، سەبارەت بە پرۆسەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیش بۆ لێدانی تیرۆریستانی داعش، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دایەوە.**

*** تا چەند پێویستە هاوپەیمانی دژ بە تیرۆر نەك تەنها بە پێدانی چەك، بەڵکو لە ڕووی هەواڵگری و ئابوورییەوە هاوکاری پێشمەرگە بکات؟**

- من هاوڕام لەگەڵتاندا کە پێشمەرگە لایەنێکی زۆر گرنگە لە مامەڵەکردن لە گەڵ داعش، نزیکی و توانای هێزی پێشمەرگە لایەنێکی بنەڕەتیە لە سەرکەوتنی ئەم هەڵمەتەدا. پێموا نییە ئەم شەڕە بە بێ سێ سەرچاوە بکرێت، کە چەك و تەقەمەنی و داراییـن، کە باوەڕم وانییە ئەمە دواییان کێشەیەکی گەورە بێت، چونکە لە بەردەستدا هەیە. دەبێت هەماهەنگی هەواڵگریش هەبێت بۆ ئەوەی پێشمەرگە و هێزەکانی دیکە لەم شانۆیەدا ئەدایەکی سەرکەوتوویان هەبێت. هەروەها دەرفەتی ئەوە هەیە، پێشمەرگە لەگەڵ سوپای عێراقیدا و حکومەتی عێراقیش کار لەگەڵ پێشمەرگەدا بکات، ئەمەش تەنها لایەنێکی سەربازی نییە، بەڵکو لایەنێکی سیاسیشە.

*** لەم ڕۆژانەی دواییدا بینیمان کە داعش هێرشی کردەسەر کۆبانێ و ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێی بۆ خەڵکانی مەدەنی و کوردەکانی ئەو ناوچەیە دروستکردووە، ئایا چاوەڕوان دەکرێت کارەساتی دیکە بەسەر کورددا بێتەوە؟**

- گومانی تێدا نییە کات ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەم مەسەلەیەدا و هەر دوودڵییەك دەبێتە هۆی درێژەپێدانی ئەوەی ڕوودەدات لە کوشتن و لە هێرشکردن و تێکدانی شوێنەکان. بەڵام ئەوەی لێرە هەستی پێدەکرێت، ئەوەیە ڕۆژئاوا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە دەبێت پەلە بکرێت لە شەڕی دژی داعش، نەك تەنها بەهۆی مەترسییەوە لەسەر عێراق و کوردەکان، بەڵکو دەبێتە مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. لەبەر ئەوە ئەگەری ئەوە هەیە بە ڕەوتێکی خێراتر کار بکرێت لەلایەن ڕۆژئاواوە، یاخود لەلایەن هاوپەیمانێتییەکەوە وەك ئەوەی لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا بینیمان. بە دڵنیاییەوە ئەمە شێوازێکی جیاواز و کاراترە پەرلەمانی بەریتانیاش ڕەزامەندی پیشانداوە بۆ ئەوەی وڵاتەکەی بەشداری ئۆپەراسیۆنەکە بکات.

*** ڕاستە کۆدەنگی هەیە لە نێو ئەندامانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ لێدانی داعش، بەڵام بەرژەوەندی و بۆچوونی جیاواز هەیە لە بڕیارداندا بۆ گورزوەشاندن لە ناو خاکی سووریادا، ئایا چۆن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت بەسەر ئەم جیاوازییەدا زاڵ بێت؟**

- پێموایە لە نێو سەرجەم ئەندامانی هاوپەیمانێتییەکەدا دان بەوەدا دەنرێت کە داعش، یان دەوڵەتی ئیسلامی هەڕەشەیەکی مەترسیدارە بۆ ناوچەکە و دەرەوەی ناوچەکەش، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی زاڵبوون بەسەر هەموو جیاوازییەکانی هاوپەیمانێتییەکەدا، بەڵام جیاوازی زۆر دەردەکەون دوای شکستهێنانی داعش، چونکە ئەوەی کۆی کردنەوە، هەستی هەڕەشە بوو، کە ئێمە دەزانین جیاوازی هەیە لە نێوان قەتەری و سعودیەکان و لە نێو عێراقدا و ئەمەش ستراتیژیەتێکی درێژخایەنی دەوێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، پێموایە کارکردن پێکەوە هاوکار دەبێت، بەڵام چارەسەری ناکات. بەڵام باشترە بەرەیەکی یەکگرتوو هەبێت کە لە نێویدا تورکیا هەبێت. ئێمە بینیمان کە دابەش بوونی نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پانتاییەکی دروست کرد بۆ ئەوەی داعش بە خێرایی دەست بە سەر خاکێکی زۆردا بگرێت، هەروەها ئازار و نەهامەتیەکی زۆر دروست بکات، ئەمە گرنگە بۆ ئەوەی تورکیا لە یادی بێت، وەك ئەندامێکی ناتۆ هاوپەیمانێکی بەهێزتر بێت، بەڵام ئێوە دەزانن، تورکیا بەرژەوەندی خۆی هەیە.

*** ئایا ئەم جیاوازییە نابێتە هۆی شکست پێهێنانی هەوڵەکانی لەناوبردنی دەوڵەتی ئیسلامی؟**

- پێموایە لەناو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی خاڵێکی هاوبەش هەیە، ئەویش مەترسی داعشە، ئەگەر داعش نەبوایە، ئەوا ئەم هاوپەیمانێتییە پێکەوە نەدەمایەوە، هەڵەیە ئەو جیاوازییانە لابدەین کە بوونیان هەیە، چونکە بەرژەوەندی جیاواز هەیە و بە دڵنیاییەوە سعودیە و تورکیا و میسر بەرژەوەندی خۆیان و ئەجێندای خۆیان هەیە و دەیانەوێت لە سەرەوی مەسەلەی داعشیشەوە ئەوان کاریگەریان هەبێت لەم وڵاتەدا، بەڵام بۆ تێکشکاندنی داعش دەبێت پێکەوە کاربکەن، دواتریش کەلێنەکان ئاشکرا دەبن، کە ئەمەش مەسەلەیەکە دەبێت دیبلۆماسیەت چارەسەری بکات، چونکە سوورییەکان زۆر دابەش بوون، ئەویش دوای شەڕێکی ناوخۆیی دژوار. کەواتە نەك هەر بۆ سووریا، بەڵکو بۆ ئێرانیش پێویستمان بە ستراتیژیەتێکی یەکگرتوو دەبێت.

**پەرلەمانی بەریتانیاش ڕەزامەندی پیشانداوە بۆ ئەوەی وڵاتەکەی بەشداری ئۆپەراسیۆنەکە بکات**

**ڕۆژئاوا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە دەبێت پەلە بکرێت لە شەڕی دژی داعش، نەك تەنها بەهۆی مەترسییەوە لەسەر عێراق و کوردەکان، بەڵکو دەبێتە مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی**

**نەك هەر بۆ سووریا، بەڵکو بۆ ئێرانیش پێویستمان بە ستراتیژیەتێکی یەکگرتوو دەبێت**

# عێراقییەکی عەرەب دەپرسێت:
# ئایا یەکێتی عێراق شتێکی پیرۆزە؟



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

سامی ئەلعەسکەری سیاسەتوانی عەرەبی شیعەو پەرلەمانتاری پێشووی عێراق، لە تۆڕی (عراق القانون) لە بەرواری ٥ی ئەیلوولی ئەمساڵداو لەژێرئەم ناونیشانەدا بابەتێکی لە دوو ئەڵقەدا نووسیوە، ئەمەی دەیخەمە بەر دیدەتان ناوەڕۆکی ئەو خاڵانەیە کە پەیوەستن بە ئایندەی کورد و عێراقەوە.

لەبەشی یەکەمی وتارەکەیدا دەڵێت: «لە رووخاندنی رژێمی عێراقەوەو لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر کێشەیەکی سیاسی، یان ئەمنی، باس لە یەکپارچەیی خاکی عێراق و مەترسیی دابەشکردنی دەکرێت لەناوەو دەرەوەی عێراقدا، سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەم باسە زۆر هەستیارەو، دووریش نییە باسکارانی بە ناپاك و خائین ناو ببرێن، پێویستە جەخت لەسەر ئەوەش بکەینەوە کە هەرچەندە تەڵاق ناخۆش بێت، بەڵام وەك دواچارەسەر دانراوە لە (بوارە کۆمەڵایەتییەکەدا)، کاتێك کە رێگەچارەکانی دیکە دەبنە مەحاڵ.

یەکەم: پێویستە بپرسین: چۆن سنووری ئێستای عێراق دیار کراوە؟ ئایا ئەم سنوورانە کۆنن؟ یان نوێ؟

واتە ئەگەر ٢٠٠ ساڵ بۆ دواوە بگەڕێینەوە، ئەم رووبەرەی ئێستا عێراقی ناو لێنراوە، یەك پارچە بووە؟ یان پارچەی جیاواز بووە و دواتر کۆکراونەتەوە بۆ

پێکهێنانی دەوڵەتێکی نوێ؟
لەدیارکردنی سنووری عێراقیش رای هیچ عێراقییەك وەرنەگیراوە، لەوساوە تا ساڵانی نەوەدەکانیش کە نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ بایەخێکی بە رای عێراقییەکان نەدا لەنەخشاندنی سنووری نوێی نێوان عێراق و کوێت.

کەواتە سنووری دەرەوەی عێراق پیرۆزیی نەبووە و بەردەوام دەستکاری کراوە، ئەوە سنووری نێوخۆی عێراقیش خراپتر بووە، لەبەر زۆر هۆکاری سیاسی و ئیداری بەردەوام دەستکاری کراوە، بەبێ ئەوەی لەمەشدا رای هیچ هاووڵاتییەك وەربگیرێت.

ئەمە وامان لێدەکات بپرسین: ئایا پێکهاتەی کۆمەڵگەی عێراقی یەکگرتووە لە رووی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەوە؟ یان عێراق کۆمەڵگەی عەرەب و کوردو تورکمان و نەتەوەی دیکەیە؟ یان عێراقی موسڵمان و ئایینەکانی دیکەیە، یان عێراقی سوننە و شیعەیە؟

ئەم دابەشبوونە بە درێژایی چەندین سەدە بەکارهێنراوە، وەك چەکێك لەنێوان زلهێزەکاندا لەسەر خاکی عێراق شەڕەکانیان یەکلا کردۆتەوەو ئەم پێکهاتانەیان کردووە بەگژ یەکتردا.

لە شەڕی عوسمانی سەفەوی و لە شەڕی عوسمانی و ئینگلیزدا، لەسەردەمی پاشایەتی و سەردەمی رژێمەکانی دوای ئەوانیش.

هەرچەندە لەساڵی ٢٠٠٣دا، واچاوەڕوان دەکرا، دەوڵەتێکی نوێی عێراقی بونیاد بنرێت لەسەر بنەمای دیموکراسی، واتە فەرمانڕەوایی زۆرینە و رێزگرتن لە کەمینە، بەڵام تا ئێستاش ئاگری شەڕی تائیفی هەر گڕەی دێت.

بەڵام مەسەلەکە لێرەدا ناوەستێت: ئەی چی لەبارەی کوردەوە هەیە؟

کورد وەك نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە لە دوای رووخاندنی دەوڵەتی عوسمانییەوە زیاتر لە هەوڵی جیابوونەوەو دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بووە، بەڵام رێککەوتنامەی سایکس بیکۆ لەو مافەی بێبەش کردن، هەتا راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ کە ناوچەی سەروو هێڵی ٣٦ بۆ کورد دروستکراو، واقعێکی جیای لە عێراق بۆ بەرهەم هێنان، دواتریش لەساڵی ٢٠٠٣دا کورد هاتەوە نێو عێراق. بەڵام لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا هەرچەندە کورد بەردەوام خەونی سەربەخۆیی هەیە، بەڵام کۆمەڵێك رێگر لە بەر دەمیدایە لەوانە:

یەکەم: نەبوونی ژێرخانی ئابووری و سیاسی و سەربازی و دیبلۆماسی.

دووەم: نەبوونی کەشێکی سیاسیی نێودەوڵەتیی و ئیقلیمی کە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی قەبوڵ بکات.

بەڵام ئێستاش لە دوای تێپەڕبوونی ٢٣ ساڵ بەسەر راپەڕین و ناوچەی ئارامی سێ پارێزگاکە، ئەمڕۆش رێگەخۆشکردن بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لەئارادایە.

ئێستا سوننەکان تووڕەن لە رووخانی رژێمێك کە ئەوان فەرمانڕەوا بوون تیایدا بۆ ماوەی دەیان ساڵ شیعەکان دوای قوربانیدانێکی زۆر تازە حوکمی عێراقیان کەوتۆتە دەست. کوردیش نزیکە لەبەدیهێنانی خەونی نەتەوەیی خۆی لەدەوڵەتێکی سەربەخۆدا، ئایا دەتوانرێت هەموو ئەمانە لە دەوڵەتێکدا کۆ بکرێنەوە؟ ئایا یەکێتی عێراق شتێکی پیرۆزە؟»

لە بەشی دووەمی وتارەکەیدا دەڵێت: «کورد بە گشتی و بەڕێز مەسعود بارزانی بەتایبەتی بەردەوام باس لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەن و، زۆربەی سەرکردایەتی کوردیش باس لە مافی بڕیاردانی چارەنووس دەکەن. کوردستان وەك دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتی عێراقدا هەڵسوکەوت دەکات، لەبەر ئەمەو زۆر هۆی دیکە مرۆڤ دەتوانێت بزانێت کە هەرێم ملکەچی حکومەتی فیدراڵیی نییە.

سەبارەت بەپرسیاری پەیوەست بە بەرژەوەندیی عێراقەوە لەسەربەخۆبوونی کوردستاندا، دەتوانین بڵێین: عێراق قازانج دەکات ئەگەر هەرێمی کوردستانی لێ جیا بێتەوە؟

یەکەم: چیدی عێراق ١٧٪ی بودجە بەکوردستان نادات

دووەم: رزگار دەبین لە دەستێوەردانی کورد لە کاروباری عێراق.

سێیەم: لەبارەی سنووریشەوە، هەرچی کورد بیبات لە خاك، لەپارێزگاکانی موسڵ و سەلاحەددین و دیالە و کەرکووکی دەبات، کەواتە شیعە بۆ نارازی بێت، ئەگەر سوننەکان خاکی خۆیان بەکورد بدەن؟

بەسرە، یا نەجەف چ زیانێك دەکەن؟ ئەگەر کورد نیوەی موسڵ و سێ لەسەر چواری سەلاحەددین و هەموو کەرکووك ببات؟

کورد ئەگەر ئەم ناوچانە بەدانوستانیش نەبەن، بەهێزی سەربازیی دەیبەن، کەسیش لەبەغداوە بیر لە ناردنی سوپا ناکات بۆ شەڕی کورد لە پێناوی ئەو ناوچانە.

دواکەوتنی عێراقییەکان لە رازیبوون بە بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان لە بەرژەوەندیی عێراقییەکاندا نییە، چونکە ئەم کارە هەر روو دەدات، بۆیە عێراقێکی بێ دەستێوەردانی کورد لە بڕیارە سیاسی و ئەمنییەکانی، واتە عێراقێکی زیاتر ئارام و سەقامگیر» .

**لەدیارکردنی سنووری عێراق رای هیچ عێراقییەک وەرنەگیراوە، لەوساوە تا ساڵانی نەوەدەکانیش کە نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ بایەخێکی بە رای عێراقییەکان نەدا لەنەخشاندنی سنووری نوێی نێوان عێراق و کوێت**

**لەساڵی ٢٠٠٣دا، واچاوەڕوان دەکرا، دەوڵەتێکی نوێی عێراقی بونیاد بنرێت لەسەر بنەمای دیموکراسی، واتە فەرمانڕەوایی زۆرینە و رێزگرتن لە کەمینە، بەڵام تا ئێستاش ئاگری شەڕی تائیفی هەر گڕەی دێت**




# ئەم جارەش ئەمریكا عێراقی لەبار دەچێت



پ. جەمال رەسول محەمەدئەمین*

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئاشکرایە کە لەبەر ئەوەی شەڕەنگێزانی سوننە ناتوانن ئەو ناوچانەی داگیردەکرێن بۆ ماوەیەکی درێژخایەن دەستی بەسەردا بگرن، بە شێوازێکی دڕندانە هەرچی زیندەوەر بکەوێتە بەر دەستیان و سوودی بۆیان نەبێت، لەناوی دەبەن و ئەوانەی هاو سۆز و بۆچوونیان نەبن، دوای دەستدرێژی بۆ سەر ئەو ئافرەتانەی کە لە لایەن چەپەڵێکی وەك خۆیانەوە لێیان دەکرێت، پێیان دەفرۆشن. ئەوانەی شارەزایی مێژوویان هەبێت، دەزانن کە ئەم دیاردەیە یەکەم جار نییە رووی دابێت و تەنانەت کوردستانەکەی خۆمان لەم کارەساتانەی بەسەردا هاتووە و خاك و باپیرانمان دەستاودەستی چەپەڵان کراون.

هەر لە کۆتایی جەنگەکانی یەك و دووی جیهاندا بە کۆتایی هاتنی دەوڵەتی عوسمانی، کەڵبەی دیانەتمان لەسەر شل بوو بە هاوکاری بەریتانیا و فەرەنسا وڵاتێکیان لێ دروست کردین و ناویان نا عێراق. بە خەونی بەریتانییەکان، سێ لە خێزانی (ئال سعود)یان کرد بە مەلیکی هەریەك لە ئەردەن و سوریا و عێراق، بە هیوای ئەوەی کە نموونەیەکی بەریتانیای مەزن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابمەزرێنن، بە بێ ئەوەی هیچ گوێ بدەنە پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە تازانە و شایستەیی پێکەوەژیان تێیاندا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. بۆ نموونە، مەلیك فەیسەڵ کە پشکی عێراق بوو، هەر خۆی باش دەیزانی کە ئەو عێراقە وڵات نییە و نابێت بە وڵات. ئەمەش ئەو رستەیەیە کە لە زاری مەلیك فەیسەڵ خۆیەوە لە لاپەڕەکانی مێژوودا نووسراونەتەوە:

«اقول وقلبي ملان اسى....انه فى اعتقادى لا يوجد فى العراق شعب عراقى بعد، بل توجد تكتلات بشرية خيالية، خاليه من اى فكره وطنية، متشعبة بتقاليد واباطيل دينية، لا تجمع بينهم جامعة.....»

لەگەڵ ئەوەشدا بوون بە مەلیك بۆ خودی فەیسەڵی سعودی و ئەو پێگەو دەسەڵات و ئەوەی کە بە دوایاندا دێت، زۆر لە پێشتر و گەورەتر بوون لەوەی کە ئەو عێراقە ببێت بە عێراقە چاوەڕوانکراوەکەیان. ئەوەی گرنگ بوو بە لای ئاغاکەی عێراقیشەوە، ئەوە بوو کە بەرمیلە نەوتەکان بە بەردەوامی بچنە بازاڕەکانەوە و بەریتانیا تێچووی داگیرکردنی عێراقی لێ وەربگرێتەوە، جگە لەو پێگە جوگرافی و پۆڵیتیکییەی کە وەك ئێستا، ئەوساش لەهەمان ئاستدا لایان گرنگ بوو.

بە لەدایکبوونی عێراق لە ژێر فەرمانی بەریتانیادا، ئەوەی کە فەیسەڵ توانی بیکات، کڵاوێکی تایبەت بوو کە دەبوو گشت ئەو نێرینە عێراقییانەی کە پێگەی کۆمەڵایەتی و حکوومییان هەبێت، وەك پێناسەیەکی گشتگیر لە سەری بکەن و ئەو کڵاوەش لەگەڵ کوودەتای قاسم و عارفەکان کۆتایی هات و ئەوانیش کۆتاییان بە سیستمی شاهانە هێناو عێراق وردە وردە لە ژێر باڵی بەریتانیا دەرچوو. ئەوانیش هەستیان کرد کە کڵاوەکەی فەیسەڵ کاریگەر نەبوو لە یەك نزیك کردنەوەی لایەنە نامۆکان کە بە زۆرداری لە تەوقی عێراقدا گیردران، دەستیان بە راگواستن و بە عەرەب کردنی ناوچە کوردستانییەکان کرد و هەرلەوەوە هەستی نەتەوایەتی کوردی هێندەی تر پەرەی سەند و کەوتە بواری بەرەنگار بوونەوەی سوپای عێراقییەوە.

هەر بە لەبارچوونی عێراقەکەی بەریتانیاوە و بەدوایدا تەپڵی عورووبەی ناسر و لۆبی جوولەکەکان لە سەرانسەری جیهان و بەتایبەت لە ئەمریکا، گرنگیدانی ئەمریکا بە عێراق پەرەی سەند و جموجووڵی دەست پێ کرد. یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکان کە بە وردی باسی ئەو جموجووڵەی کردووە، تێزی بڕوانامەیەکی ماستەرە کە ولیام زەمان لە ساڵی ٢٠٠٦ دا پێشکەشی یەکێك لە زانکۆکانی ئەمریکای کردووە کە تێیدا بە وردی و بە بەڵگەوە باسی پێگەیاندنی کەسایەتی سەددام دەکات کە چۆن هەنگاو بە هەنگاو (سی ئای ئەی) ی ئەمریکی پێی گەیاندووە و هەنگاوەکانی کە لە ژێر فەرمانی ئەواندا ناویەتی لە پێناوی بە زۆر دروستکردنەوەی عێراقدا ئاماژەی پێ کراوە. لە هەمان کاتدا، سۆزی بە عەرەب کردنی عێراق و گۆڕینی سیمای جۆگرافی و کۆمەڵایەتی کوردستان و وێرانکردنی گوندە کوردستانییەکان و بە ئەنفال کردن و راگواستنی گشتی و گۆڕە بە کۆمەڵەکانی کوردان، سەددامیان لە چاوی عەرەبدا (بە سوننە و شیعەوە) گەیاندە ئاسمان و مێژووەکەیان بە گەورەترین سەرکردەی نەتەوەیی عەرەبیی بۆ ئەم سەدەیە ئەژماری دەکات. ئەمەش نامۆ نییە لەگەڵ سەرکردەکانی پێشووی عەرەب لە دەستپێکی پەرەسەندنیانەوە لە دوورگەی عەرەبییەوە بۆ ئەمڕۆی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**سیاسەتەکانی «خۆم نەبم و خۆم نەیکەم و بۆ خۆم نەبێت، با نەبێت»، دژی پرەنسیپەکانی «یان کوردستان یان نەمانە»و تەنها ماڵوێرانی هەمووانی لەدوا دەبێت**

عێراقەکەی ئەمریکا لە تەمەنە درێژە خوێناوییەکەیدا ساڵ بە ساڵ دڕندەتر بوو لە ناو سنوورەکەیدا و لەگەڵ دەوروبەرەکەشیدا قاچی ئێرانی گرت و هەتا زۆربەی دەوڵەتە عەرەبییەکانیشی لەگەڵ خۆیدا مایەپووچ نەکرد، هیلاك نەبوو بۆ راستکردنەوەی مایەپووچییەکەی، هەروەها بە سیناریۆیەکی سەمەرە پەلاماری کوێتی دا، بەوەش دەماری ئاغاکانی گرژ کردەوە و بڕیاری گێڕانەوەیان دا بۆ ناو عێراق و کوێتیان لە کەڵبەی عێراقەکەیان رزگار کرد. لەگەڵ گشت ئەو سەمەرانەدا و لەگەڵ ئەو قورساییەی کە تابووری پێنجەمیش دوابەدوای رەوە ملیۆنییەکەی کوردستان لەسەر هاوپەیمانانی شەڕی کەنداو دروستی کرد، ئەمریکا تەنها مەبەستی بوو کە ئەو گورگەی بەدەستی خۆی دروستی کردبوو و بازاڕی لە ئاستی ناوچەکەو جیهاندا نەمابوو، بە یەکێکی بگۆڕێت کە یەك پارچەیی سنووری عێراقەکەیان بپارێزن. تەنانەت راپەڕینەکەی کوردستانییان و راونانی دەسەڵاتی عەرەبی لەو بەشەی کوردستانی باشوور کە ئێستا بە هەرێم ناسراوە و لای بڕیاردەرانی ئەمریکا چاوەڕواننەکراو بوو، هەوڵ

**پێویستە حکومەتەکەمان بەردەوام بێت لە کارکردن بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو پلانانەی کە بەغدا بۆ سەپاندنی ئاغایەتیەکەی خۆی بەسەر هەرێمدا کاریان لەسەر دەکات**

**ئەگەر هاوپەیمانان بەنیازی بەرپاکردنی دوارۆژێکی رووناک بن بۆ ئەم ناوچەیە، دەبێت سیستمێک بچەسپێنن کە هەرگیز هیچ لایەنێک نەتوانێت ئابڵۆقەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەسەر هیچ لایەنێکی کەیان بسە پێنێت**

**با سەرکردەکانی ئەو عێراقەی کە بە خواستی ئەمریکا دانراون، پشتگیری فەرمیی گشتپرسییەکەی کوردستان بکەن کە بەنیازە ئەنجام بدرێت و بە ئارەزوومەندانە کوردستانییەکان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن**

درا کە بۆ پاراستنی عێراقی یەکپارچە بەکار بهێنرێت، هەتا بتوانن قورسایی پۆلیتیکی لەسەر کەم بکەنەوە و سنووری هاوبەشی کوردستانیش بەکار بهێنن بۆ بەزاندنی ئەو ئابڵوقەیەی کە لەسەر عێراق دانرابوو بەرانبەر کارە کیمیاوی و نەوەوییەکانی کە لەژێر پەردەوە سەددام پەرەی پێ دابوون.

رووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەر لە ئەمریکا بە ئاشکرا گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کردو پشتگیری سیستمە دیکتاتۆرییەکانی سست کرد و تۆنی دیموکراسی و سیستمی گشتگیری بەرز بووەوە، بەبێ ئەوەی گرنگی بدرێت بە لێکداپچڕانی زیاتری ئەو کۆمەڵگەیەی کە مەلیك فەیسەڵ پڕ بە پێستەکەی لە بیستەکاندا پێناسەی کردبوو.

هەر لە ژێر ئەو سێبەرەشدا هیچکام لەو حکومەتانەی کە لە بەغدا پێکهاتن، نەیانتوانی پابەندی ئەو دەستوورە بن کە بە نزیك گشتگیری پەسەند کرا و تەنها لایەنی کوردی بە پێچەوانەی گوژمەکانی بەغداوە کاری لەسەر گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی کردو تا رادەیەکی دیار سەرکەوتوو بوو لە بنیادنانی ناوچەیەکی ئارام لەگەڵ خۆی و جیهانی دەرەوەو تورکیاو ئێرانیش کە هەردوولایان بە درێژی مێژوو حوکمڕانیی کوردانیان بە مەترسییەکی گەورە دادەنا لەسەر خۆیان و دژایەتییان دەکرد، باوەشیان بۆ هەرێم کردەوە.

گشت ئەو سەقامگیری و پێشکەوتنەی هەرێم بەرانبەری بەرەو دواوە چوونی بەشەکانی کەی عێراق لە ئەنجامی ململانێی سوننەو شیعە و سیاسەتە چەوتەکانی بەغدا هێندەی دی پێکهاتەکانی لە یەك دوورخستەوە و تەنانەت لەسەر ئاستی بڕیاردەراندا، هیچ پاساوێك نەما کە بەکار نەهێنرێت بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دارایی هەرێم و بودجەکەی کە دەبوو بەپێی دەستوور لە ١٧٪ بێت، بە کردار کرابووە نزیکەی لە ١٠٪ و هەر لە دەستپێکەوە ئابڵۆقەی تەواویان بەسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا سەپاند و لە ئەنجامی ململانێی پەسەند نەکردنی بودجەی فیدرالیدا بە بڕیارێکی ئاغای مالیکی بەشە بودجەی هەرێم لە بەغداوە راگیرا.

ئەم بێ متمانەییە و ئامادە نەبوونی بەغدا بۆ پابەندبوون بە بەندەکانی دەستووری عێراق و رێکەوتنەکانی گشت لایەنەکان بۆ بە ئەنجامدانی ماددەی ١٤٠ بە بەردەوامی کارکردنی حکومەتی فیدراڵ لەسەر زیادکردنی پێگەی عەرەبی بەگشتی و بەتایبەتی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، هەروەها ئابڵوقەی دارایی لەسەر هێزی پێشمەرگە و کۆمپانیا نەوتییەکان پاڵی بە کوردستانەوە نا کە بەرەو سەربەخۆیی دارایی هەنگاو بنێت و بۆریە نەوتەکانی راستەوخۆ بۆ تورکیا دامەزران.

بەغدا هەر بە بڕینی مووچەو بودجەی هەرێمەوە نەوەستا، بەتایبەتی کە بۆی دەرکەوت کوردستان بە بەردەوامی ملکەچی ئاغایەتی بەغدا نابێت، بە پلانی گەورەتر کەوتنە گەڕ بۆ شێواندنی بارودۆخی هەرێم کە تێیدا وەك هەندێك لە میدیاکان باسی لێ دەکەن، بۆ ئەوەی بەشی سوننە کە زیاد لە ١٠٠٠کیلۆمەتر سنووری لەگەڵ هەرێمدا هەیە، بە باشی رۆڵی خۆی ببینێت، بە فەرمانی مالیکی، بڕی ٥٠٠ملیۆن دۆلار گوێزرایەوە بۆ بانکی موسڵ بۆ ئەوەی ئەوانەی بەناوی (داعش)ـەوە و لە ژێر سێبەری ئەودا کارەچەپەڵەکەیان ئەنجام دەدەن، لە پارە پەکیان نەکەوێت و دواتریش دەستیان بە سەر باشترینی ئەو چەکانەدا گرت کە ئەمریکییەکان بۆیان بەجێ هێشتوون.

ئەوانەی کە بە داعش لە میدیاکاندا ناو دەبرێن، پێکدێن لە:

نەقشبەندییەکان و شۆڕشگێڕان کە کۆنەبەعسین و موجاهدین و سوپای ئیسلامی و سوپای محەمەد و کەتائیبی مستەفا و کەتائیبی پورە ئەلعەشرین و ئەنسار ئیسلام کە سەلەفین و ئەم لایەنانەش هەر یەکەی روانگەیەکی جیاوازی هەیە، جگە لەوەی کە خوازیارن بەشدار بن لە تاڵانکاری و وێرانکردن و لەناوبردنی ئەزموونە سەرکەوتووەکەی هەرێم کە نەیارانی تۆقاندووە. داپۆشینی ناوی سوننە لەم کارەشدا رێگەخۆشکەر بووە و ئاسانکاری کردووە بۆ هێزە دەرەکییەکان کە بتوانن پشتگیری کۆمەڵگەی ئەورووپی و چەند وڵاتێکی عەرەبیش بە دەست بهێنن بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوە دڕندەکە و پاراستنی عێراقەکەیان.

- **خەونەکەی ئەمریکا**

ئەگەر وڵاتانی رۆژئاوا بە پێشڕەوی ئەمریکا و بەریتانیا هەر لە بنەڕەتەوە کاریان بۆ ئەوە کردبێت کە ناوچەیەکی سەقامگیر دابمەزرێنن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ئەو بنەمایانەی کە خۆیان وڵاتیان لەسەر بنیاد ناوە و ململانێیەکان تەنها لەسەر پێشبڕکێی بە باشترکردنی سیستمی حوکمڕانی و ژیانی کۆمەڵگەکەیان بێت، هەر چۆن (ئێلیزابێت)ی بەریتانیا دوای زیاد لە سەدان ساڵ بە ئارەزوومەندانە بە شاهەنشای زیاد لە پەنجا وڵات ماوەتەوە، سنوور بەزاندن و خواستی سەربەخۆیی خولیای زۆرینە نابێت. تازەترین نموونەی ئەم ئەزموونەش ریفراندۆمەکەی سکۆتلەندا بوو کە بە رەزامەندی بەریتانیا بە ئەنجام درا و سکۆتلەندییەکان بە زۆرینەی دەنگ و بە ئارەزوومەندانە خواستی مانەوەیان وەك بەشێك لە بەریتانیای مەزن دەربڕی. یەکێتی ئەورووپی نموونەیەکی کەیە کە وڵاتانی وەك تورکیا هەوڵ دەدەن کە وەربگیرێن تێیدا، نەك بە شەڕ داگیر بکرێن و بە زۆرەملی لە سنووری یەکێتییە گەورەکەدا بهێڵرێنەوە، هەر وەك ئەو زۆرەملییەی کە کوردی بەستۆتەوە بە عێراق و ئێران و تورکیاو سوریاوە.

با سەرکردەکانی ئەو عێراقەی کە بە خواستی ئەمریکا دانراون، پشتگیریی فەرمیی گشتپرسییەکەی کوردستان بکەن کە بەنیازە ئەنجام بدرێت و بە ئارەزوومەندانە

کوردســـتانییەکان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن، بە مانەوە، یـــان جیابوونەوەیان لەم عێراقە کە زۆرینەی تێیدا نەحەساوەتەوە.

ئایا دەبێت ئەمریکا بە تەمـــای ئەوەبێت کە بەڕێوەبەرانی عێراق وەك بەڕێوەبەرانی وێستمنســـتر لە لەندەن هاوڕا بن؟ دەبێت ئەمریکا نەزانێت کە بە بەراورد لەگەڵ ئەو ســـەدان ساڵانەی کە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا ئەزموونی ڕێز لە یەك گرتن و هاوسۆزی و پێکەوەکارکردنیان دەوڵەمەند کردووە، بـــەڵام کۆمەڵگەکانی ئـــەم ناوچەیـــە ئەزموونی خۆیان دەوڵەمەند کردووە بە ئەنفـــال و خاپوورکردن و تاڵانکردنی هەزارەها گوند و ســـڕینەوەی پێناســـەی هەر لایەنێك کە خۆیان نەبن؟ دەبێت نەزانن کە ســـوننە و شـــیعەی دوێنی سوننە و شیعەی ئەمڕۆ نین و هی سبەینێش نابن؟ دەبێت نەزانن کە ئەو عێراقە یەکپارچەیەی کە خەونی پێوە دەبینن، هەر بە خەونی دەمێنێتەوە؟

ئەگەر هاوپەیمانـــان بەنیازی بەرپاکردنـــی دوارۆژێکی ڕووناك بن بۆ ئەم ناوچەیە، دەبێت سیســـتمێك بچەسپێنن کـــە هەرگیز هیچ لایەنێك نەتوانێـــت ئابڵۆقەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەســـەر هیچ لایەنێکی کەیان بسەپێنێت، ئـــەوەش بە دامەزراندنـــی کۆنفیدراڵییەك دەکرێ کە پاش جێگیرکردنی ســـنوورەکانی بەینیان، بودجەی لایەنەکانی ســـوننە و شیعە و کورد بە فەرمانی ئاسایشی نێودەوڵەتی بســـەپێنرێت، بـــە پێچەوانەوە، نەك هـــەر ئەمریکا بەڵکو زۆرینەی سەرشـــەقامی گشـــت ناوچەکە دەزانن کە ئەم جـــارەش ئەمریکا عێراقـــی لەبار دەچێت و بـــە ڕەنج بە خەساری دەمێنێتەوە.

## • چی لـــە حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان چاوەڕوان دەکرێت؟

لە هەمـــان کاتدا ئەمە ئەوە دەســـەلمێنێت کە بێ شـــك ســـەربەخۆیی ئابووری کلیلی ڕزگاربوونی کوردســـتانەو کلیلـــی سەقامگیریشـــە لە ناوچەکەدا و دروســـتیی ئەو سیاسەتە دەیسەلمێنێت کە لەم دەیانەی دواییدا حکومەتی هەرێمـــی کوردســـتان گرتوویەتەبەر بۆ ئەو مەبەســـتە. پێویســـتە حکومەتەکەمان بەردەوام بێت لـــە کارکردن بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو پلانانەی کە بەغدا کاریان لەســـەر دەکات بۆ سەپاندنی ئاغایەتیەکەی خۆی بەسەر هەرێمدا. هەر لەم بارەیەوە پێویســـتە هەرێم لەگەڵ دۆستەکانیدا کار بکات لەســـەر بەرەو پێش بردنی ئەو هەنگاوانەی کە پیاوە ماقووڵانی فەرەنســـا ناویانە و داوا لە حکومەتی فەرەنسا دەکەن کە کار بکات بۆ بەرپاکردنی یاسایەك لە ئەنجومەنی ئاسایشـــی نێودەوڵەتییەوە هەتا بە یاســـایەکی نێودەوڵەتی بەغدا پابەند بکرێت بە پێدانی لە ١٧٪ی بەشـــە بودجەی هەرێم و چیدیکە ئارەزوومەندانە بڕیاردەرانی بەغدا نەتوانن دەســـتی تێوەردەن. لە گشـــت ئەوانەش گرنگتر ئەوەیە کە حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردســـتان لەخۆبوردانە کار لەســـەر دەستووری هەرێمی کوردســـتان بکەن کە لە ناوەڕۆکیدا هێزی بەرگری هەرێمی کوردســـتان یەکگرتوو بێـــت و تەنهـــا لە ژێـــر فەرمانگـــەی وەزارەت و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بن.

پێویستە بڕیاردەرانی هەرێم بەوە ڕەزامەند بن کە کوردستان بە گشت پێکهاتەکانیەوە جوانەو تەنها سیاسەتی گشتگیری پێشـــکەوتن و مانەوەی نیشـــتمانەکەمان دەســـەپێنێت و سیاسەتەکانی «خۆم نەبم و خۆم نەیکەم و بۆ خۆم نەبێت، بـــا نەبێت»، دژی پرەنســـیپەکانی «یان کوردســـتان یان نەمانە»و تەنها ماڵوێرانی هەمووانی لەدوا دەبێت. هەر لەو گۆشەیەوە پێویستە هەرێم بە بێ مەرج پشتگیری کوردانی ســـوریا بکات و لەگەل دۆســـتەکانیدا کار بکات لەســـەر سەپاندنی ناوچەیەکی دژەفڕین کە سەرانسەری باکووری سوریا بگرێتەخۆی و کار بکرێت بە گێڕانەوەی ئاوارەکانی ئەو ناوچانە لە تورکیا و کوردســـتانی باشـــوورەوە بۆ سەر ماڵی خۆیان و بە دۆســـتانە و بەبێ بەرانبەری سیاســـی و ئابـــووری یارمەتی بەڕێوەبەرانی کانتۆنەکان بدرێت، بۆ سەپاندنی ســـەقامگیری و بووژانەوەی ئابووری تێیاندا. ئەمەش لە دوارۆژێکی نزیکدا وەك قسە نەستەقەکان دەڵێن سەبەتەیەکی کەمان بۆ پەیدا دەکات کە هێلکەکانمانی تێ بکەین و دەروویەکی کەمان بۆ ســـەر دەریای ناوەڕاست بۆ بکرێتەوە.

پێویســـتە کۆمەڵگـــە و پەرلەمانی هەرێمی کوردســـتان پشتگیر و هاوسۆزی دامودەزگاکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بن لە بەرەنگاربوونەوەی گشت ئەو پلانانەی کە لە هەر لایەنێکەوە دژیان دەگێڕدرێت و چاودێری دڵسۆزی بەڕێوەبەرایەتیی گشـــتگیریان بن، هەتا هەرێم بتوانێت لەم کاتە ناسکانەدا هەنگاوی بەرچاو بنێت بەرەو سیستمێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری گشـــتگیر، کـــە تەنها زامنە بۆ کوردستانێکی ئاوەدان و پێشکەوتووی بەردەوام.

بـــا چاوەڕوانی چەندین کارەســـاتی کەی وەك هەڵەبجە و شـــنگال نەبین بۆ لە یەك نزیکبوونەوەی کوردستانییان و یەکبوونیان لە کێشە چارەنووسسازەکاندا.

■

بە فەرمانی مالیکی، بڕی ٥٠٠ملیۆن دۆلار گوێزرایەوە بۆ بانکی موسڵ بۆ ئەوەی ئەوانەی بەناوی (داعش)ەوە و لە ژێر سێبەری ئەودا کارەچەپەڵەکەیان ئەنجام دەدەن، لە پارە پەکیان نەکەوێت و دواتریش دەستیان بە سەر باشترینی ئەو چەکانەدا گرت کە ئەمریکییەکان بۆیان بەجێ هێشتوون

■


ڕووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەر لە ئەمریکا بە ئاشکرا گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کردو پشتگیری سیستمە دیکتاتۆرییەکانی سست کرد و تۆنی دیموکراسی و سیستمی گشتگیری بەرز بووەوە، بەبێ ئەوەی گرنگی بدرێت بە لێکدا پچڕانی زیاتری ئەو کۆمەڵگەیەی کە مەلیک فەیسەڵ پڕ بە پێستەکەی لە بیستەکاندا پێناسەی کردبوو

### • پەراوێزەکان:

William J Zeman (2006) U.S. COVERT INTERVENTION IN IRAQ 1958-1963:
THE ORIGINS OF U.S. SUPPORTED REGIME CHANGE IN MODERN IRAQ. Master of Arts Thesis Presented to the Faculty of California State Polytechnic University، Pomona
http://www.ekurd.net/mismas/articles/misc2014/9/state8474.htm? Viewed on 11th of September.

---


*** ڕاوێـــژکار لـــە وەزارەتی پلاندانانـــی حکومەتی هەریمی کوردستان**






**پرۆفیسۆر تانەر ئەکچام**


**تۆێژەر لە سەنتەری هۆلۆکۆست بۆ دیراساتی ژینۆساید بۆ گوڵان:**


# تەنیا گەرەنتی بۆ دووبارەنەبوونەوەی ژینۆساید دژی کورد دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە




**پرۆفیسۆر تەنار ئاکچەم سۆسیۆلیست و میژوونووس، تۆێژەری باڵایە لە سەنتەری هۆلۆکۆست بۆ دیراساتی ژینۆساید لە زانکۆی کلارك لە ئەمریکا و ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵە کار لەسەر پرسی ژینۆساید دەکات و یەکێکە لەو ئەکادیمیستە دەگمەنانەی تورك کە کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکانی وەك ژینۆساید ناساندووە، بۆ قسەکردن سەبارەت بە مەترسیی تاوانی ژینۆساید لە ئێستای جیهان و کارەساتی ژینۆسایدی ئێزدییەکان لە شنگال، ئەم وتویژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** دوای ژینۆسایدی بەلقان لە نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتایبەتی، بەڵێنیان دا کە جارێکی دیکە لەسەر بنەمای جیاوازیی ئایینی و ئیتنی رێگە بە رووودان و دووبارەبوونەوەی کۆمەڵکوژی و ژینۆساید نادەنەوە، بەڵام لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، پتر لە ملیۆنێك ئاوارەی ناوخۆیی هەن، کە پێکهاتوون لە مەسیحی و ئێزدییەکان و بە سەدان کەس لەو پێکهاتانەش کۆمەڵکوژ کران، لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوون کە ببن بە ئیسلام، ئایا چۆن جیهان لە سەدەی بیست و یەکدا رووبەڕووی ئەم دیاردەیە دەبێتەوە؟**

-پێموا نییە گۆڕانکارییەکی ئاوها گەورە هاتبێتە ئاراوە، لە نێوان ئەو تاوانانەی لە ماوەی نێوان جەنگی جیهانی یەکەم و ئێستادا روودەدەن. زلهێزەکان هەرگیز لەسەر بنەما ئەخلاقییەکانیان کاردانەوەیان بەرامبەر ئەم تاوانانە نەبووە، بەڵکو ئەوان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانیان کار دەکەن. باوەڕم وانییە گۆڕانکارییەکی گەورە هاتبێتەئاراوەو ئەوان بە گوێرەی بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو تاوانانەدا دەکەن، بە تایبەت تاوانەکانی کە لەم ماوەیەدا لە ناوچەکەدا روویان داوە.

*** دوای رووداوەکانی ئەم دواییە و هێرشە تیرۆریستییەکانی داعش، ئەوە بە ئاشکرا دەرکەوتووە کە ولاتە شکستخواردووەکانی وەك عێراق و سووریا، زەمینەیەکی گونجاویان بۆ تیرۆریستان دروست کردووە، تا رێکخراوی تیرۆریستی داعش خەلافەتی ئیسلامی خۆیان رابگەیەنن، هاتنەئارای ئەم بارودۆخەش ئەوە روون دەکاتەوە کە دەوڵەتە شکستخواردووەکان توندوتیژی لەسەر بنەمای ئیتنی و ئایینی دروست دەکەن و ئەمەش دەبێتەهۆی کۆمەڵکوژی، ئایا ئاشتی و پێکەوەژیان لە دەوڵەتە شکستخواردووەکاندا دێتەئاراوە؟**

- من چارەسەرێکی کورت مەودا بەدی ناکەم، لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی، یەکەمیان لەبەر ئەوەی رێککەوتنێك نییە لە نێوان ئەمریکا و رووسیادا، تاوەکو رێکنەکەوتن هەبێت لە نێوان زلهێزەکان، ئەوا بە ئاسانی سەقامگیری لەسەر ئاستی ناوچەیی نایەتەئاراوە. دووەم هۆکاری سەرەکی بریتییە لە پارتە سیاسییەکانی ناوچەکە، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە خۆیان نایانەوێت ئاشتییانە پێکەوە بژین. دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، ئەوا ئێستا هەموو گرووپێکی ئایینی و ئیتنی دەیەوێت دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێت لە سنوورەکانی خۆیدا و دەیەوێت هەر کەسێکی دیکە دەربکات، یان لە ناو ببات کە سەر

**نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نە هێزە ناوخۆییە مەحەلییەکان توانای ئەوەیان نییە سەقامگیری لە ناوچەکەدا دروست بکەن. لەبەر ئەوە باشترە بە زووترین کات کورد دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دروست بکات و ئاسایش لە ناوچەکەدا بپارێزێت**

**رێککەوتنێک نییە لە نێوان ئەمریکا و رووسیادا و تاوەکو رێکنەکەوتن هەبێت لە نێوان زلهێزەکان، ئەوا بە ئاسانی سەقامگیری لەسەر ئاستی ناوچەیی نایەتە ئاراوە**

**پارتە سیاسیەکانی ناوچەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خۆیان نایانەوێت ئاشتیانە پێکەوەبژین. دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە هەموو گرووپێکی ئایینی و ئیتنی دەیەوێت دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێت و لە سنوورەکانی خۆیدا و دەیەوێت هەر کەسێکی دیکە دەربکات، یان لە ناو ببات کە سەر بە رەچەڵەکێکی دیکەیە**

بە رەچەڵەکێکی دیکەیە، لەبەرئەوە گریمانەی ئەوە دەکەم کە لە مەودای کورتدا، شیعە بۆ نموونە، هیچ بایەخێك لە ئاست سوننەکاندا پیشان نادەن، یاخود رەوتی تازەهەڵکشاوی تیرۆریزمی سوننە، هیچ بایەخێك لە ئاستی مەسیحییەکان، یاخود کەمینەکانی دیکە پیشان نادات، بەڵکو بیرۆکەی لە ناوبردنیانی هەیە. ئەگەر بە تەواوەتی راشکاو بم، ئەوا من زۆر رەشبینم، لەبەر ئەوەی نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نە هێزە ناوخۆییە مەحەلییەکان توانای ئەوەیان نییە، سەقامگیری لە ناوچەکەدا دروست بکەن. مەزەندەی من ئەوەیە ئەوەی بۆ نموونە لە ئێستادا لە ناوچە کوردییەکەدا روودەدات، کە شتێکی باشە، ئەگەرچی بەدڵنیاییەوە من لە پێگەیەکدا نیم راوێژ پێشکەش بکەم، ئەویش ئەوەیە بەڕاستی و بە زووترین کات کورد دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دروست بکەن و ئاسایش لە ناوچەکەدا دروست بکەن، بەلای کەمەوە بۆ ئەو کەسانەی کە روودەکەنە هەرێمە کوردییەکە.

*** بە درێژایی مێژووی خۆی، کورد رووبەڕووی کۆمەڵکوژی و ژینۆساید و بۆردومانی کیمیایی بۆتەوە لە زەمەنە جیاوازەکاندا، بەڵام دوای دەرکەوتنی داعش، زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کوردی ئێزدی رووبەڕووی کۆمەڵکوژی بوونەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەوان جیاوازن لە ئیسلام و چەکدارانی داعش کچ و ئافرەتانی ئێزدی و مەسیحی دەبەن و دەیانفرۆشن، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت چ هەڵوێستێکی هەبێت لە ئاست ئەم کارەساتە مرۆییەدا و چۆن شتی وا لە سەدەی بیست و یەکدا روودەدەن؟**

- دەبێت دووبارەی بکەمەوە، کە بە دڵنیاییەوە لە حاڵەتی کارەساتی مرۆییدا ئەوا ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە کە بێت بە هانای هەرێمی کوردستان لە باکووری عێراق، یاخود باشترە بڵێین یارمەتی دەوڵەتی کوردی بدەن، چونکە لە ئێستادا تاکە هێزی ناوچەکەن کە دژی داعش وەستانەونەتەوە. بەداخەوە بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی دەیبیستین حکومەتی تورکیا هەڵوێستی لەبەرامبەر داعش نییە، کەواتە ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە کە هاوکاری مرۆیی بۆ کورد بنێرن، هەرچەندە من دڵنیا نیم ئایا ئەوان ئامادەن ئەم کارە بکەن، یاخود ئایا ئەم کارە دەکەن، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوەی کراوە، بەس نییە، ئەمە پرسێکی زۆر گرنگە. ئەرکێکی گرنگی دیکە بریتییە لە بەهێزکردنی حکومەتە کوردییەکە لە هەرێمەکەدا. من لەم رووەوە ئەرکێکی دیکە بەدی ناکەم. دووبارەشی دەکەمەوە، بە گوێرەی بەدواداچوونم بۆ هەواڵەکان هێزە مەزنەکان لەسەر دواچارەسەر لە ناوچەکەدا رێکناکەون، ئەمە خاڵی یەکەم، هەروەها بۆ ئەوەی تەواو راشکاوبم لەگەڵتاندا، من شەخسی خۆم پێموا نییە جیاکردنەوەی داعش و شەڕکردن لەگەڵیدا لەسەر بنەمای ئەوەی تەنیا رێکخراوی تیرۆریستیە، زۆر یارمەتیدەر بێت، دەبێت ئەوە بزانین کە ژمارەیەکی زۆری سوننە هەن پشتیوانی لەم رێکخراوە تیرۆریستە دەکەن، ئەمەش پرسێکی گرنگی دیکەیە کە ناکرێت نادیدە بگیرێت. تۆ ناتوانیت تەنیا کێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئێستادا لە کێشەی تیرۆردا کورت بکەیتەوە، بەڵکو لایەنی قووڵتری هەیە. تەنیا دوو ئەرك هەیە، یەکەمیان بریتییە لە هاوکاری کردن و رەوانەکردنی کۆمەکی مرۆیی- ئەوەندەی دەکرێت- بۆ عێراق و لە بنەڕەتدا بۆ کورد، دووەمیان بەهێزکردنی حکومەتە کوردییەکەیە، چونکە پێدەچێت تاکە هێزی سیاسی بێت لە ناوچەکەدا کە دەتوانێت سەلامەتی و پارێزگاری بۆ ئاوارەکان دابین بکات، لە ئێستاشدا هەر ئەوەندە دەتوانم پێشنیار بکەم.

**دوو ئەرکی سەرەکی هەن، یەکەمیان بریتیە لە هاوکاریکردن و رەوانەکردنی کۆمەکی مرۆیی- ئەوەندەی دەکرێت- بۆ عێراق و لە بنەڕەتدا بۆ کورد، دووەمیان بەهێزکردنی حکومەتە کوردیەکەیە چونکە پێدەچێت تاکە هێزی سیاسی بێت لە ناوچەکەدا کە دەتوانێت سەلامەتی و پارێزگاری بۆ ئاوارەکان دابین بکات**

***هەمیشە کورد داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە کە جۆرە دەستەبەری و زەمانەتێکیان پێ بدات، تاوەکو جارێکی دیکە کورد رووبەڕووی ژینۆساید نەبێتەوە. ئایا تا چ رادەیەك جیهان پشتیوانی سەربەخۆیی کوردستان دەکات بۆ ئەوەی جارێکی دیکە رووبەڕووی ژینۆساید نەبێتەوە؟**

-کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای ئەخلاقی کار ناکات، باوەڕم وا نییە لەسەر بنەمای ئەخلاقی پشتیوانی سەربەخۆیی کوردستان بکەن، تەنیا ئەو کاتە پشتیوانی ئەم سەربەخۆییە دەکەن کە بەرژەوەندییەکی گەورە و راستەقینەیان هەبێت لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاوادا. بە گوێرەی بەدواداچوونمان بۆ هەواڵەکان خواستێکی گەورە نییە بەو ئاراستەیەدا. پێموایە ئەمە بە تەنیا بەوچارەسەر دەبێت کە لە نزیکەوە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی تورکیادا بکرێت، بەڵام بەداخەوە بە پێی تێگەیشتنی من تورکیا ئامادە نییە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی کوردی باکووری عێراقدا بکات بۆ شەڕکردن لە دژی تیرۆریزمی داعش. بە داخەوە ئەمە کێشەی سەرجەم دەوڵەتە سوننییەکانی ناوچەکەیە. لەبەر ئەوەی تاوەکو دەوڵەتە سوننییەکان پشتیوانی کاری سیاسی دژی داعش و رێکخراوە هاوشێوەکان نەکەن، ئەوا من سەرکەوتن لە مەودای دووردا بەدی ناکەم.

*** ئەو کارەساتەی بەسەر ئێزدییەکاندا هات و هەروەها هەڵاتنیان بۆ چیای شەنگال لە ماوەی رابردوودا لەلایەن تەواوی جیهانەوە بە دڵگرانی و دڵتەنگییەوە سەرنجی لێدرا و ئەمەش تەواوی جیهانی نیگەران کرد و تائێستاش چاودێری دۆخەکە دەکەن، بە بۆچوونی ئێوە**



**ئایا تا چەند پێویستە جیهان دان بەم کارەساتەدا بنێت و بە ژینۆسایدی بزانێت وەك ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێناسەی بۆ داناوە؟**

- من تەواو هاوڕام لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا (ئۆباما) کاتێك باسی ئەوەی کرد کە رای جیهان و ئەو سەرنجەی لەسەر ئەو رووداوانە بوون کە لە شنگال و لە ناوچەکەدا روویان دا، ژینۆسـایـد بوون، ئەوە ژینۆساید بوو کە بە هۆی دەسـتێوەردانی ئەمریکا و دەستێوەردانی کوردەوە رێگری لێکرا، حکومەتی کوردی باکووری عێراق شان بە شانی بۆردومانی ئاسـمانی ئەمریکا رێگرییان لە رووداني ژینۆساید کرد لە عێراقدا، ئەمە روونە بۆ ئێمە. من هیوادارم رای گشـتی جیهانی، یان کۆمەڵگەی جیهانی ئامـرازی دیکە بدۆزنەوە بۆ دەسـتێوەردان و کۆتاییهێنان بە کارەساتی مرۆیی.

*** چ لێکچوونێك لە نێوان کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان و کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکاندا بەدی دەکەیت؟**

- من توێژەری بواری ژینۆسایدم و بۆ ماوەی زیاتر لە سی ساڵ لەسەر ئەم پرسە کار دەکەم، ئێوە و رۆژنامەکەتان زۆر دووچاری سەرسوڕمان دەبن کە پێتان بڵێم کۆمەڵگەی جیهان هەرگیز سـەرنجی لەم بەرەوپێشـچوونە نەدا. دەتوانم دڵنیاتان بکەمەوە لەوەی ئەمە مێژووی جیهانە، دۆسـتەکانم، شتێکی نوێ نییە لەمەدا، دەتوانم بڵێم کە بەلای کەمەوە لەو حاڵەتەدا دەسـتێوەردانێکی جوزئی کرا و رێگە لە ژینۆسـاید گیرا، لە حاڵەتی ئەرمینیادا دەستێوەردان نەکرا و کەس دەستێوەردانی نەکرد، لە رواندا و لە سـاڵی ١٩٩٤دا کەس دەستێوەردانی نەکرد، جیهان تەماشای کوشـتن و کۆمەڵکوژی یەك ملیۆن کەسی کرد، ئەمە نوکتەیەك نییە، یەك ملیۆن کەسـە، کەواتە لە حاڵەتی رواندا‌شـدا و لە ساڵی ١٩٩٤دا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی فڕۆکەی ناردە تیبالی و تەنیا هاووڵاتیانی خۆیان رزگار کرد و کەسـی دیکە نـا، وێنای ئەوەی بکەن، ئەمریکا فڕۆکەکانی خۆی بنێرێت بۆ باکووری عێراق و تەنیا هاووڵاتیانی خۆی رزگار بکات و رێگە بدات داعش ئێزدیەکان بکوژێت و کۆمەڵکوژیان بکات، کەواتە لەو رووەوە ئەمە دۆخێکی باشـترە بە بەراورد بە حاڵەتەکانی دیکەی ژینۆساید، ئەمە واقیعی جیهانە و تاکە رێگە هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ناعەدالەتییە و ئەم پێشـێلکردنی مافی مرۆڤـە، ئەویش بریتییە لە دروستکردنی نەوایەکی ئارام بۆ مرۆڤایەتی و من وای نابینم لە ئێستادا عێراق، یان کوردستان ئەو نەوایە ئارامە بن و من لەو رووەوە هیوای سـەرکەوتن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخوازم.

# شایەتحاڵەکانی شنگال

# بەڵگەی تاوانە دڕندانەکانی دەوڵەتی بەناو ئیسلامی (داعش)ن دەرهەق بە کورد و کوردستانییەکان



کوڕێکی موسڵمان:

**بە چاوی خۆم بینیم زیاتر لە حەفتا هاووڵاتی کەوتنە ناو بۆسەیەکی داعشەوەو دوای ئەوەی ئافرەت و منداڵەکانیان جیاکردەوە، پیاو و لاوەکانیان گوللەباران کرد**

شایەتحاڵێک:

**لە چوارڕیانی تەلعەزیم خێزانێکی هەشت کەسی لە ناو ئۆتۆمبێلێکدا کەوتنە بەر گوللەبارانی داعشەکان و هەر هەموویان کوشتن و دواتر زێڕی ئافرەتە شەهیدەکانیان لە قۆڵ و پەنجەکانیان داماڵی و گیرفانی پیاوە شەهیدەکەیان بڕی**

ئافرەتێکی ئێزدی:

**رفاندن و بێسەروشوێن کردنی کچ و ئافرەتە شنگالییەکان باری دەروونیمانی تێکداوەو ترسێکی زۆری لا دروست کردووین**

ئەلیاس شێخۆ:

**مێرمنداڵێک کە بریندار بوو تۆمەتی پێشمەرگەیان خستەپاڵی و دوای ئەشکەنجەدانی لە ناو تەنووری گوندەکەیان سووتاندیان**

زهرێ فەرید:

**داعش و هۆزە عەرەبەکان لەناو شنگال ماڵەکان تاڵان دەکەن و خانووی پێشمەرگەکانیش دەتەقێننەوە**



**کوشتنی دیلەکان و خەڵکی سڤیلی شنگال تەنیا تاوانێکی جەنگ نییە دژ بە مرۆڤایەتی کە ئەوان دەیانویست لەم ڕێگەیەوە ترس و دڵەڕاوکێ لەلای دانیشتووانی ناوچەکانی تریش بڵاوبکەنەوە، بەڵکو قڕکردنی نەتەوەیەکە و تەواوکاری پرۆسەی لە مێژینەی ئەنفالە**

**ئەوەی بەردەستی داعش بکەوێت، بە ئەشکەنجەوە دەیکوژن و هیچ حیسابێک بۆ ئافرەت و پیاوی بەساڵاچوو، یان مێردمنداڵ و تەنانەت منداڵیش ناکەن، لە هێرشەکەیاندا بۆ سەر زومار، دەیان خەڵکی سڤیل و منداڵ کەوتنە بەردەم گوللەی دۆشکەی هامەرەکانیان و جیاوازی نێوان ئێزدی و موسڵمان و عەرەبیش ناکەن**

ستافێکی گۆڤاری گوڵان لە سەردانێکی مەیدانیدا بۆ پارێزگای دهۆك و لەکاتی بەسەرکردنەوەی ئاوارەکانی شنگال، بەعشیقە و زومار و دەوروبەری لە شێخان و دهۆك، ژمارەیەك لە ئاوارەکانی وەکو شایەتحاڵی کارەساتەکە دواند، کە هەرکامیان بەسەرهاتێکی دڵتەزێنی بیرەوەرییەکانی خۆیان لە هەگبەدا هەڵگرتبوو. ئەوان بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە باسی تاوانەکانی چەکدارانی داعش و برینەکانی هەناوی خۆیان دەکەن.

دیمەنی کوردە ئێزدی و موسڵمانەکانی شنگال و بەعشیقە و زومار لە ناو دار و پەردووی باڵەخانە تەواونەکراوەکان و قوتابخانە و چادرەکان بەڵگەی حاشاهەڵنەگرە بەرامبەر قێزەونیی ئەو تاوانەی دەرهەق بە کوردی رەسەنی ئێزدی و ئایینزاکانی تری ناوچەی شنگال و دەوروبەری کراوە، کە لەمێژە ئەم کوردستانییانە قوربانیی تەعریب و تەرحیل و چەوسانەوەی ئایینی و نەتەوەیین، ئەمەش هەڵقەیەکی درێژکراوەی زنجیرە لەدوای یەکەکانی ئەو گرووپە تەکفیرییەی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی داعشە کە پێشتریش لەلایەن شۆڤێنییەکان و دوژمنانی کورد و کوردستانییەکانەوە لە پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراوی ژینۆسایدا جێبەجێیان دەکرد.

لەژمارەکانی رابردووی گوڵان چیرۆکە دڵتەزێنەکانی دوعای تەمەن نۆ ساڵ کە لە بەردەمیدا باوك و دوو مامیان بە دڕندانەترین شێوە کوشتبوو، هەروەها ئەو دوو خوشکە منداڵەی بێ باوك و دایك ماونەتەوە ئەو باوکەی لە بەردەمیدا کچە تەمەن پێنج ساڵانەکەی بە بۆردومانی هاوەنەکانی داعش کوژراو، غەدر و خیانەتی عەرەبە هاوردەکانی ناوچەکە و دەیان چیرۆکی دڵتەزێنی دیکەمان باسکرد. ئەو چیرۆکانەی بەڵگەی قڕکردنی کوردی شنگالی و ژینۆسایدی خەڵکی سڤیلی نەتەوەی کورد و کوردستانییەکانە و بریندارکردنی کەرامەتی نەتەوەیەکە. لەم ژمارەیەی گوڵانیشدا لەکاتی سەردانماندا بۆ پارێزگای دهۆك و بەسەرکردنەوەی ئاوارەکانی شنگال و بەعشیقە و زومار و دەوروبەری لە شێخان و دهۆك، وەکو شایەتحاڵی کارەساتەکە بۆ گوڵان هاتنەئاخافتن.

سەرەتا لەناو یەکێك لە قوتابخانەکانی دهۆك بە ناوی قوتابخانەی (سەرەڕم) دیمەنی ئەو دوو منداڵە سەرنجی راکێشاین، کە لەگەڵ دایکیان رزگاریان بووە و کەسوکاریان پێیان وتین «باوکیان لە دژی هاتنی داعش شەڕی کردبوو، بۆیە بە برینداری کەوتە دەست ئەو تیرۆریستانە و دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر کوشتیانە».

کوشتنی دیلەکان و خەڵکی سڤیلی شنگال تەنیا تاوانێکی جەنگ نییە دژ بە مرۆڤایەتی کە ئەوان دەیانویست لەم ڕێگەیەوە ترس و دڵەڕاوکێ لەلای دانیشتووانی ناوچەکانی تریش بڵاوبکەنەوە، بەڵکو قڕکردنی نەتەوەیەکە و تەواوکاری پرۆسەی لە مێژینەی ئەنفالە، لەم بارەیەوە بەشیر عەلی کە کوردی موسڵمانە و خەڵکی زومارە وتی: «ئەوەی بەردەستی داعش بکەوێت، بە ئەشکەنجەوە دەیکوژن و هیچ حیسابێك بۆ ئافرەت و پیاوی بەساڵاچوو، یان مێردمنداڵ و تەنانەت منداڵیش ناکەن، لە هێرشەکەیاندا بۆ سەر زومار، دەیان خەڵکی سڤیل و منداڵ کەوتنە بەردەم گوللەی دۆشکەی هامەرەکانیان و جیاوازی نێوان ئێزدی و موسڵمان و عەرەبیش ناکەن گەر بێتو لەگەڵ خۆیاندا نەبن».

رائید شەمۆ، یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە بە هۆی هێرش و پەلاماری تیرۆریستانی داعش ئاوارە بووە. ئەو باسی کۆمەڵکوژییەك دەکات، کە بەچاوی خۆی لەناوچەیەکی نزیك لە شوێنی خۆشاردنەوەی بینیویەتی و دەڵێت: «نزیکەی ٧٠ کەس کەوتنە ناو بۆسەیەکی داعشەوەو دوای ئەوەی ئافرەت و منداڵەکانیان لێ جیاکرانەوە، پیاو و لاوەکانیان گوللەباران کرد».

شنگالییەکان پێیانوایە قڕکردنی ئەوان تەنیا کارێکی کتوپڕ نەبووە، بەڵکو پێشتر نەخشەی وردی بۆ دانراوە، ئەگینا چۆن بێ لێپرسینەوە تەنیا لەبەر کوردبوون و ئێزدی بوونیان قەتڵوعام دەکرێن؟ خێرۆ حەیدەر کە کوردێکی ئێزدییە لەو بارەوە وتی: «ئەم کارەساتە ئەوەندە دڕندانەو ترسناکە باوەڕناکەم لە مێژوودا گرووپێکی بەناو ئیسلامی هەبێت کاری وای ئەنجام دابێت، ئەوان بێ لێپرسینەوەو بێ ترس لە دادگا کەوتنە گیانی خەڵکی بێتاوان و تووشی کوشتن و نەهامەتییان کردین، دیار بوو ئەمە نەخشەی بۆ دانراوەو لەلایەن عەرەبە سوننەکانی ناوچەکەشەوە پاڵپشتی دەکران، تەنانەت خواردن و خواردنەوەشیان بۆ ئامادە کردبوون، ئەوانەی لە دەستیشیان رزگاریان بوو، ئێستا لەناو داروپەردووی بینا تەواونەکراوەکان و پۆلەکانی قوتابخانە و لەژێر رەشماڵە بێ خزمەتەکان چاوەڕێی مەرگ و ژیانێکی زەحمەتن».

قاسم حەجی کە پیاوێکی ئێزدی خێزاندارەو خەڵکی گوندێکی شنگالە، باسی لەو خیانەتە کرد کە عەرەبەکان دەرهەق بە گوندەکانی کورد کردوویانە، ئەو دەڵێت: «داعش چووبێتە ناو هەر گوندێکەوە ماڵەکانی دزیون، زۆر لە ماڵەکانی سووتاندوون، لەمەشدا عەرەبەکانی گوندەکانی دەوروبەرمان هاوەڵیان بوون و تاڵانی زۆریان کردووە، هەر وەکو چۆن لە ئەنفالدا دەرهەق بە کوردەکانی گەرمیان و ناوچەکانی تر کردیان، هەر بۆیە زەحمەتە ئێمەش لێیان خۆش بین».

چیرۆکی چیای شنگال لە دەمی وەلید سەعید دەبیستین کە لە دەستی داعشەکان دەرباز بووە و

خۆی و خێزانەکەی پەنایان بۆ چیای شـــنگال بردبوو، ئەو بە نیگەرانییەکی زۆرەوە وتی: «دیمەنی تینوێتی و برســـێتی و بریندارەکانی چیای شـــنگال و ئاە و نزا و حەســـرەتی دایك و پیاوی بەساڵاچوو لە زهنییەتی شـــنگالییەکان ناســـڕێتەوە و کاریگەری لەسەر باری دەروونیمان دروســـت کردووە، حەوت شەو و حەوت ڕۆژ لەبەر گەرما و لەترســـی هێرشـــی داعـــش و بێ ئاو و خـــواردن لەو چیایەماینەوە، ئێســـتاش لەداڕۆژی منداڵەکانمـــان دەترســـین و ڕۆژ لـــە دوای ڕۆژ باری تەندروستییان خراپتر دەبێت».

لەدرێژەی ســـەردانەکەماندا چەند ئاوارەیەکی شـــاری شـــنگال و دەوروبەریمان بەسەرکردەوە، کە لە ژمارەیەك لە دووکان و باڵەخانەکانی ناو شاری شێخان نیشتەجێ ببوون کە هێشتا تەواو نەکراون.

ســـەرەتا شەمسین قاسم وتی: «شـــەو لە خەودا بووین کاتێك داعشـــەکان بە تۆپ و هاوەن و هامەر هێرشیان کردە سەرمان، مەڕ و ماڵات و کەلوپەلی ماڵەکانمانیان تاڵان کـــرد و بگرە زۆر لـــەو خانوانـــەی لاوەکانیان پێشـــمەرگە بوون تەقاندیانەوە، داعش و عەرەبەکان بۆ ژینۆســـایدی ئێمە هاتبوون، خێـــزان هەیە هەر هەموو ئەندامەکانی تا ئێستا شوێنبزر کراون و دوای ئەوەی بۆ شوێنی نادیار براون، نازانین چارەنووسیان چییە».

ئەو هاووڵاتییە کوردەی ئێزدی لە درێژەی قســـەکانیدا باســـی لە تاوانەکەی گوندی کۆچـــۆی کردو وتی: «١٢٠٠ کەس دانیشـــتووی گونـــدی کۆچۆ بوو، ئەو گوندەی گەنج و پیاوەکانـــی بەرگرییان لەخۆیان کرد و برینـــدار و قوربانییەکی زۆریـــان دا و گوللەیان پێ نەما، کاتێکیش داعش هاتە ناو گوندەکە کۆمەڵکوژی ئەنجامـــدا و برینـــدارەکان و پیـــاوی بەســـاڵاچوو و مێرمنداڵەکانـــی کوشـــتن و گەنجەکانی لـــە بەردەم باوکەکاندا دایە بەر ڕێژنەی گوللە و دواتر باوکەکانیشی کوشت و ئافرەتەکانیشی ڕفاند».

هەر سەبارەت بە بێسەروشوێنکردنی کوردەکانی شنگال بەتایبەتی ئافرەتەکانیـــان زهرێ فەرید وتی: «خزم و کەســـوکارم لەناو ئەو کەســـانەدا بوون کە چارەنووسیان دیار نییە، زۆربەشـــیان ئافرەتن و بێسەروشـــوێن کراون و مەترســـیی دەستدرێژیکردنە ســـەریان هەیە، ئەمەش دەروونی کچەکان و خێزانەکانی تێکداوە».

ئەو ئافرەتە کوردەی شنگال باس لە سووتان و بەتاڵانبردنی ماڵەکانیان دەکات و دەڵێت: «بەپێی ئەو هەواڵانەی بە دەستمان گەیشتووە، داعشـــەکان بە پاڵپشتی زۆربەی هۆزە عەرەبەکان هەر وەکو پیشەی لە مێژینەیان دەستیان کردووە بە بەتاڵانبردنی ماڵـــە کوردەکان و ژمارەیەکی زۆری خانووی خەڵکیـــان تەقاندۆتەوە، بەتایبەتی ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ قاسم سمێل لەچیای شنگالن و چەندین جار لە دوای چەندین شەڕ دەستەویەخە لەگەڵ چەکدارانی داعش ڕووبەڕوو بوونەتەوە».

هەر ســـەبارەت بە کوشتن و ئەشـــکەنجەدانی لاوەکان و خەڵکی ســـڤیل، ئەلیاس شـــێخۆ باسی لە کوشتنی گەنجێکی شـــنگالی کـــرد و وتـــی: «مێرمنداڵێك بەهۆکاری ئەوەی بریندار ببوو، تۆمەتی پێشمەرگەیان خستەپاڵی و دوای ئەشکەنجەدانێکی جەستەیی زۆری دواتر لەناو تەنووری نان برژاندن سووتاندیان».

نوار موەفەق، کوردێکی ئێزدی خەڵکی شنگالە و ئەویش سەبارەت بە کوشتنی خێزانە کوردەکان وتی: «بەچاوی خـــۆم بینیم لەچوارڕیانی تەلعەزیم خێزانێکی هەشـــت کەســـی لەناو ئۆتۆمبێلێکدا کەوتنـــە بەر گوللەبارانی داعشەکان و کوشتیانن و دواتر لەناو ئۆتۆمبێلەکە دەستیان کرد بە گەڕان و بردنی ئاڵتوونی ئافرەتە شەهیدەکان و گیرفانی پیاوە شەهیدە کوژراوەکەیان بڕی، تا ئێستاش لەو شوێنەدا تەرمی کوژراوەکان ماون و نەنێژراون، هەر لەو بۆســـەیەدا خێزانێکی تری ١٣ کەســـییان ڕفاند و پیـــاو و ئافرەت و منداڵەکانیان بە ئۆتۆمبێلی جیا برد، تەنانەت لەسەر دزینی ئۆتۆمبێلەکەشیان لەنێوان داعش و ژمارەیەك چەکداری عەرەب بوو بە شەڕیان».

هەر لە درێژەی سەردانەکەماندا بۆ پارێزگای دهۆك و شاری شێخان ژمارەیەك لە ئاوارەکانی ناو باڵەخانە تەواونەکراوەکان ئومێدیان زۆر بوو تا بەم نزیکانە شنگال و ناوچەکانی دەوروبەری لەلایەن هێزی پێشـــمەرگەوە ئازاد بکرێت و لە ژیانی پڕ لە نەهامەتی و ئاوارەیی دەربازیان بێت. ئەوان باسی ئەوەیان دەکرد کە ئەو کۆمەك و یارمەتییانەی بەدەســـتیان دەگات کەمەو بەشـــی بژێوی ژیانیان ناکات. یەکێکیان کە نەیویســـت ناوی خۆی ئاشکرا بکات، وتی: «هاوکارییەکان نەتوانراوە وەکو پێویســـت دابەش بکرێن، چونکە ئێزدییەکانیش بەسەر شار و دەیان شارۆچکە و باڵەخانەی تەواونەکراو و قوتابخانەو ئۆردوگا دابەشبوون، ئەمەش بووەتە هۆی قورسکردنی گەیاندنی کۆمەك و هاوکارییەکان».

هەروەها زۆر لەو ئاوارانەی قســـەمان لەگەڵیان کرد، وەك شەمسین قاسم و وەلید سەعید و حوسێن قاسم و ژمارەیەکی دیکەی پیاو و ئافرەتی کوردی ئاوارە، ئەو هەقیقەتەیان خســـتەڕوو کە دوای ئازادکردنی شنگال و ناوچەکانیشـــیان گەر بێتو زەمانەتی پاراستنیان لە داعـــش و عەرەبەکانی ناوچەکـــە نەکرێت، زەحمەتە بتوانرێـــت بگەڕێنەوە، بەپێـــی وتەکانیان ئەوان چیتر بڕوایـــان بە عەرەبە ســـوننەکانی ناوچەکەش نەماوە، چونکە زۆربەی هۆزە عەرەبەکان چوونەتە پاڵ داعش و لە کۆمەڵکوژیدا بەشداری ڕاستەوخۆیان کردووە.

**داعشەکان بە تۆپ و هاوەن و هامەر هێرشیان کردە سەرمان، مەڕ و ماڵات و کەلوپەلی ماڵەکانمانیان تاڵان کرد و بگرە زۆر لەو خانووانەی لاوەکانیان پێشمەرگە بوون تەقاندیانەوە**


**داعش چووبێتە ناو هەر گوندێکەوە ماڵەکانی دزیون، زۆر لە ماڵەکانی سووتاندوون، لەمەشدا عەرەبەکانی گوندەکانی دەوروبەرمان هاوەڵیان بوون و تاڵانی زۆریان کردووە، هەر وەکو چۆن لە ئەنفالدا دەرهەق بە کوردەکانی گەرمیان و ناوچەکانی تر کردیان**



# گۆڕینی فاکتەرەکانی قەیرانی ئابووری بۆ چارەسەرکردن و ڕێکخستنەوەی کەرتی تایبەت

ئەگەر پرۆسەی وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی لە رووی سیاسییەوە کارێکی زەحمەت و پڕ ئاستەنگ بێت، ئەوا لەسەر ئاستی ئابووریش کە پرۆسەی وەرچەرخان لە ئابووری دەوڵەتەوە بۆ ئابووری بازاڕ کارێکی ئاسان نییە و ئاستەنگ و گرفتەکانیشی لە ئاستەنگ و گرفتە سیاسییەکان کەمتر نییە، بەتایبەتیش بۆ بارودۆخێکی تایبەتی وەك هەرێمی کوردستان کە هەتا ئێستا بەشێکە لە عێراقێك کە لەگەڵ دەستپێکی دووبارە بونیادنانەوەی ئەم وڵاتە وەك دەوڵەت لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ـەوە ئارامی و سەقامگیری و ئاسایشی بە خۆوە نەبینیوە و ئەم بارودۆخەی عێراقیش لە بواری سیاسی و ئابووری، کاریگەری راستەوخۆی لەسەر هەرێمی کوردستان دروستکردووە، بەتایبەتی لە بواری ئابووری کە هەموو کات حکومەتی ناوەندی بەغدا رێگر بووە لە بەردەم بونیادنانی ئابوورییەکی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستاندا، لەمەش زیاتر دوای ئەوەی لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ـەوە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕیوە و چەند مانگیشە هەرێمی کوردستان کەوتۆتە ناو شەڕێکی گەورەی تیرۆریستانی داعش، بۆیە هەموو ئەم فاکتەرانە بوونە هۆکاری ئەوەی کە ئابووریی کوردستان جۆرێك لە قەیران بە خۆوە ببینێت.

لەوانەیە قەیرانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان جیاواز لە وڵاتانی دیکە، هێندەی پێوەندی بەوە هەبێت کە لە چەند ساڵی رابردوو هەرێمی کوردستان لە وڵاتێکی کاولکراوی دوای شەڕ و پشتگوێ خراو لەلایەن رژێمەکانی پێشووی عێراقەوە، زیاتر سەرقاڵی بونیادنانەوەی ژێرخانەکانی هەرێمی کوردستان بووبێت لە هەرێمەکە و هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە پرۆسەی پەرەپێدان بگۆڕێت بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام و ئابوورییەکی پشت بەخۆ بەستوو لە هەموو بورەکاندا، کە لە کاتێکدا رووبەڕووی بڕینی بودجە لەلایەن بەغدا و هەروەها تێوەگلانی لە شەڕی تیرۆریستانی داعش بووەوە، بۆیە لەم بارودۆخە هەستیارەدا کە لەلایەك هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕێکی بەرفراواندایە، لە هەمان کاتدا خەڵکی کوردستانیش لە بارێکی ئابووری سەختدایە، ئەمەش پێویستی بە توێژینەوە و بەدواداچوون هەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێت سەرلەنوێ ئابووریی کوردستان رێکبخرێتەوە.



د. حوسێن تۆفیق فەیزوڵڵا
شارەزا لە یاسای بازرگانی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# کەرتی تایبەت نەیتوانیوە ببێتە فاکتەریک بۆ بووژانەوەی ئابووریی کوردستان

**د.حوسێن تۆفیق فەیزوڵڵا، شارەزا لە بواری یاسای بازرگانی نێودەوڵەتی بەمجۆرە لەسەر ئاستەنگەکانی بەردەم کەرتی تایبەت لە کوردستان و هەوڵەکان بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت ببێتە فاکتەرێك بۆ بووژانەوەی ئابووری کوردستان، بۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

●●●

**● وەرچەرخان لە ئابووری دەوڵەتەوە بۆ ئابووری بازاڕ**

کەرتی تایبەت کەرتێکی ئاسان نییە، پەیوەستە بە سیستمی سەرمایەداری، هەر بۆیە ئەو وڵاتانەی وەك میسر و عێراق و هەروەها دەوڵەتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پێشتر سیستمی ئابووری دەوڵەتیان پیادە کردووە، نەك ئابووری بازاڕ، بۆیە کاتێك ئەم دەوڵەتانە لە ئابووری دەوڵەتەوە دەیانەوێت هەنگاو هەڵبگرن بەرەو ئابووری بازاڕ و بایەخدان بە کەرتی تایبەت، ئەوا گومانی تێدا نییە ئەم وەرچەرخانە لە ئابووری دەوڵەتەوە بۆ ئابووری بازاڕ پێویستی بە کاتێك دەبێت کە زۆر جار لەوانەیە ئەم ماوەیە بیست ساڵ بخایەنێت. هەر بۆ نموونە میسر لە ساڵانی هەشتاکانەوە لە هەوڵی ئەوەدایە بایەخ بە کەرتی تایبەت بدات و ئامانجی ئەوە بووە کە کەرتێکی تایبەتی ئەوتۆی هەبێت کە بتوانێت پشکدار بێت لە بووژانەوەی ئابووریی میسردا، لەگەڵ ئەوەی لە ساڵانی ٢٠٠٠ـەوە کۆمەڵێك یاسای گرنگی دەرکردووە بۆ پاراستنی مافی بەکاربەر و ڕێکخستنی نرخی بازاڕ و ململانێ، هەروەها بەردەوام ئەو یاسایانەی کە کاروباری کۆمپانیاکان ڕێکدەخەن لە گۆڕانکاری و هەمووارکردنی بەردەوامدان، بەڵام وێڕای وەرگرتنی ئەم هەموو ڕێوشوێنە یاساییانە، هەتا ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ کەرتی تایبەت بکەن، بەو ئاستەی ئەم کەرتە تایبەتە بتوانێت بەشدارییەکی زۆر گەورە لە بووژاندنەوەی ئابووریی میسر بکات. بۆیە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری بارودۆخی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بکەین کە چەند ساڵێکە هەنگاوی کردەییمان بۆ هەڵگرتووە، ئەوا ئەگەر لە هەرێمی کوردستانیش ئەم کەرتە وەك پێویست نەیتوانیبێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەم وەرچەرخانە لە ئابووری دەوڵەتەوە بۆ ئابووری بازاڕ کاتی دەوێت، هەتا بە تەواوەتی جێگیر دەبێت، لەم بوارەدا ڕاستە ئێمەش لە هەرێمی کوردستان زۆر یاسای باشمان دەرکردووە، لەوانە: یاسای وەبەرهێنان، یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر، یاسای پاراستنی مافی ململانێی ئابووری لە نێوان وەبەرهێنەراندا، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا ناوەڕۆکی ئەو یاسایانە بەو جۆرەیە کە ١٠٠٪ خزمەتی ئەم وەرچەرخانە دەکات؟ من دەتوانم بڵێم بەشێکی زۆر لەو یاسایانە کەموکورتی زۆری تێدایە، هەندێك لە بڕگەکانی ئەو یاسایانە لە یاسای دیکە وەرگیراون و کۆپی کراون، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی بنەمایەکی ئابووریی پتەو کرابێت. لەمەش مەبەستم ئەوەیە کاتێك یاسایەك بۆ وەبەرهێنان دەردەکرێت، گرنگە ئامارێکی زانستیشت هەبێت بۆ بازاڕ، واتە گرنگە بزانین بازاڕی هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکانی کشتوکاڵی، پیشەسازی، خزمەتگوزاری، تەندروستی، خوێندن ..هتد، پێویستیان بە چییە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی پێویستە تۆ ئەو ئامارانەت لەبەردەست بێت، ئەوجا یاسایەکە دابڕێژرێت بۆ ئەوەی وەبەرهێنان ئاراستە بکەیت لەو کەرتانە وەبەرهێنان بکات، بۆیە ئەگەر لەسەر ئەم ڕوانگەیە سەیری کەرتی وەبەرهێنان لە کوردستان بکەین، (١- کەرتی هاوردەکردنی ئوتۆمبیل،٢- کەرتی نیشتەجێکردن) دەبینین: وەبەرهێنانی ئۆتۆمبیل خزمەتی بووژانەوەی ئابووری نەکردووە، کەرتی نیشتەجێکردنیش زیاتر خزمەتی چینە ناوەند و باڵاکان دەکات، نەك چینی خوارەوە، هەربۆیە ئەم وەبەرهێنانە زۆرەی لە کەرتی نیشتەجێکردن هەیە، نەیتوانیوە کێشەی نیشتەجێی چینی خوارەوە بە تەواوەتی چارەسەر بکات.

**● ئاراستەکردنی وەبەرهێنەران بۆ کەرتە جیاوازەکان**

لێرەوە ئەگەر بێینە سەر کەرتەکانی دیکەش، دەبینین کەموکورتییەکی زۆرمان لە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی هەیە، هەروەها بە هەمان شێوە لە کەرتەکانی خزمەتگوزاری و تەندروستی و هتد، بۆیە لەم حاڵەتە گرنگە دووبارە چاو بەخۆماندا بخشێنینەوە و هەوڵبدەین وەبەرهێنەران بۆ هەموو ئەو کەرتانە ئاراستە بکەین، کە کەموکورتی زۆریان تێدایە و پێویستمان پێیانە، هەر بۆ نموونە: بایەخدان بە پیشەسازی کشتوکاڵی، کە ئێمە خۆمان وڵاتێکی کشتوکاڵین و ژینگەی کوردستان لەبارە بۆ ئەوەی بەشی خۆمان ئاژەڵداری بکەین، بەڵام هەتا ئێستا وەبەرهێنەران نەیانتوانیوە کارگەیەك دابنێن بۆ ئەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بکاتە پیشەسازی، بۆیە دەبینین هەتا ئێستا شیر و ماست و تەواوی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی دیکە لە دەرەوە هاوردە دەکەین.

لایەنێکی دیکەی ئاستەنگی ئابووری لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە حکومەتی فیدراڵی ماوەی هەشت مانگە بودجەی هەرێمی کوردستان بڕیوە، لەمەش زیاتر شەڕی تیرۆریستانی داعشیشی هاتۆتەسەر، دیارە ئەم شەڕەش خۆی لەخۆیدا خەرجییەکی زۆری هەیە و بارگرانییەکی دیکەی خستۆتە سەر هەرێمی

**کەرتی نیشتەجێکردن زیاتر خزمەتی چینە ناوەند و باڵاکان دەکات، نەک چینی خوارەوە، هەربۆیە ئەم وەبەرهێنانە زۆرەی لە کەرتی نیشتەجێکردن هەیە، نەیتوانیوە کێشەی نیشتەجێی چینی خوارەوە چارەسەر بکات**

**ئەم شێوازە ئابوورییەی ئێستا لە عێراق و کوردستان پێڕەو دەکرێت، ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە بۆ بووژانەوەی ئابووریی تورکیا و ئێران، بەڵام لە بوژانەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی نەبووە**

**ئەگەر بمانەوێت ئەم بارودۆخە ئابوورییەی کوردستان ڕێکبخرێتەوە، دەبێت سەرچاوەی بەدیلی داهاتی نەوت فەراهەم بکەین و پشت بە بەرهەمهێنانی ناوخۆی خۆمان ببەستین**

**کردنەوەی سەنتەرێکی ستراتیژی بۆ توێژینەوەی زانستی لەسەر ئابووری کوردستان پێویستییەکە کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک ئەولەوییەت بیری لێبکاتەوە و هەوڵبدات ئەم سەنتەرە دابمەزرێنێت**

**کاتێک بمانەوێت هۆکاری دروستکردنی تەنگژە بگۆڕین بۆ هۆکاری چارەسەرکردنی تەنگژە، ئەوا پێویستمان بە ریفورمی یاسایی، ریفورم لە چۆنیەتی جێبەجێکردن و ریفۆرم لە بواری دەسەڵاتی دادوەری هەیە**

کوردستان، بۆیە لەم تەنگژەیەدا ئەگەر لە سەرەتای تەنگژەکە کاریگەری ئەم بارودۆخە تەنها لەسەر چینی خوارەوەی هاووڵاتیان بوبێت، ئەوا ئێستا کاریگەری راستەوخۆی لەسەر چینی ناوەند دروستکردووە، ئەوەشی بۆتە هۆکاری ئەوەی کە کاریگەرییەکە زیاتر هەڵبکشێت، چەند هۆکاری هەیە، لەوانە:

١- چاودێریکردنی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان لاوازە، من وای دەبینم چاودێریی حکومەت لەسەر ئەم کەرتە کاریگەری نییە، واتە دەتوانین بڵێین: کەرتی تایبەت بەبێ چاودێری کار دەکات.

٢- بوونی گەندەڵیەکی زۆر لەناو کەرتی تایبەت، راشکاوانەتر ململانێ لەسەر بنەمای ئابووریی بازاڕ لەناو ئەم کەرتە نییە، لە ئاراستەکردنی وەبەرهێنەران شەفافیەت نییە، بۆیە کە گەندەڵی هەبوو، شەفافیەت نەبوو، ئەمە مانای ئەوەیە ئەوانەی ئەو کارە هەڵدەسوورێنن، خۆشیان لە گەندەڵی و نەبوونی شەفافیەت تێوەگلاون، کە ئەم تێوەگلانەش دروست بوو، ئەوا ئەوانەی چاودێری کەرتی تایبەت دەکەن، ناتوانن چاودێرییەکی پتەو لەسەر ئەم کەرتە دروست بکەن. دیاریشە دروشمی کەرتی تایبەت تەنها قازانجە، بۆیە هەوڵدەدات هەموو بارودۆخێك بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی قازانجی زیاتری هەبێت.

٣- لایەنێکی دیکە کە وەزارەتی دارایی دەگرێتەوە، ئەوەیە کە هەتا ئێستا کاری دامەزراوەیی وەك پێویست نییە، ئەویش ناتوانێت رێنماییەکی سەرتاپاگیر دەربکات و وەبەرهێنەران و کۆمپانیاکان رێکبخات. ئەمەش مانای ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێك یاسای زۆر باشمان هەیە، بەڵام سیستمێکی جێبەجێکردنی چالاکمان نییە بۆ ئەوەی ئەو یاسایانەی پێ جێبەجێ بکەین، ئەمەش جێگەی نیگەرانییە.

هەربۆیە ئەگەر لەم گۆشە نیگایەوە سەیری بارودۆخی کەرتی ئابووری لە هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین کۆمەڵێك هۆکار تێهەڵکێش بوون و پێکەوە ئەو هۆکارانە بوونە هۆکاری ئەوەی کە بارودۆخەکە قورستر بکەن، ئەمەش بەو مانایەی تەنها مەسەلەکە پەیوەست نییە بە یاساکان، بەڵکو پەیوەستە بە (یاساکان، جێبەجێکردنی یاساکان، هەروەها لایەنی دادوەری ) بۆیە ئەم سێ لایەنە پێکەوە دەتوانن سیستمێکی تەواو بۆ پاراستنی ئابووریی هەرێمی کوردستان پێکبهێنن.

## ● هەوڵەکان بۆ چارەسەکردن

ئەگەر لەچوارچێوەی بونیادنانی سیستمێکی موتەکامیل بۆ پاراستنی ئابووری باس لە چارەسەری ئەو تەنگژەیە بکەین، ئەوا وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، هۆکاری ئەم تەنگژەیە چەند هۆکارێکی تێکهەڵکێشراون، بۆیە کاتێك بمانەوێت هۆکاری دروستکردنی تەنگژەوە بگۆڕین بۆ هۆکاری چارەسەرکردنی تەنگژە، ئەوا پێویستمان بە ریفورمی یاسایی، ریفورم لە چۆنیەتی جێبەجێکردن و ریفۆرم لە بواری دەسەڵاتی دادوەری هەیە، ئەمەش بەو مانایەی یاساکان بەوجۆرە ریفۆرم بکرێت کە وەبەرهێن بەپێی پێداویستی وڵات ئاراستە بکات، هەروەها دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە تەواوەتی یاساکان جێبەجێ بکات، لەهەمان کاتدا دەسەلاتی دادوەری لە توانایدا هەبێت، لێپێچینەوە بکات لەکاتی پێشێلکردنی یاساکاندا، ئەمەش دەبێتە چارەسەرێکی ریشەیی بۆ پاراستنی ئابووریی هەرێمی کوردستان.

کەواتە لەو بارودۆخە کە ئێمە بایەخ بە کەرتی تایبەت دەدەین، گرنگە زانکۆکان و ناوەندەکانی توێژینەوە هەستن بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەم کەرتە، هەر بۆ نموونە: کەرتی وەبەرهێنان لەماوەی دەیەی رابردوو لە هەرێمی کوردستان بە زۆری کەرتی نیشتەجێکردن بووە، حکومەتیش بۆ ئەوەی کێشەی نیشتەجێ نەهێڵێت، ئاسانکارییەکی زۆر گەورەی بۆ وەبەرهێنان پێشکەش کردووە، بۆیە دوای ئەم ماوەیە گرنگە لەسەر بنەمای توێژینەوەی زانستی هەڵسەنگاندن بکەین و بپرسین: ئایا تاچەند ئەم ئاراستەیە کێشەی نیشتەجێکردنی لە هەرێمی کوردستان چارەسەر کردووە؟ ئەگەر ئاکامی توێژینەوەکان دەریانخست ئەم ئاراستەیە تا ئاستێکی زۆر کێشەکەی چارەسەر کردووە، ئەوا دەکرێت چاو بخشێنرێتەوە بە کەموکوڕییەکان و ئاراستەکە بەردەوام بێت، بەڵام ئەگەر دەرکەوت، ئەم ئاراستەیە کێشەکەی چارەسەر نەرکردووە، ئەوا دەبێت لە ریشەوە ئەم ئاراستەیە بگۆڕێت و ئاراستەیەکی دیکە دەستنیشان بکرێت بۆ ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکرێت. هەروەها سەبارەت بە کەرتی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل، گرنگە توێژینەوەی زانستی لە سەر جۆری ئۆتۆمبیلەکان و هەروەها توێژینەوە لەسەر رێگەوبان و شەقامەکانی ناو شارەکانی کوردستان بکرێت، با بۆ ئەمەش بپرسین: ئایا ئەم کەرتە چ بەشدارییەکی لە بووژانەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان کردووە؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشکرایە و بەشدارییەکی ئەوتۆی نییە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێك دەرهاویشتەی نەرێنیشی بەدوای خۆیدا هێناوە، بۆیە ئەمەش پێویستی بەوە هەیە بایەخی زیاتر بە کەرتی گواستنەوەی گشتی بدرێت، بۆ ئەوەی هاووڵاتی بۆ هەموو پێداویستییەك پەنا نەباتە بەر ئۆتۆمبیلی تایبەتی خۆی.

ئینجا بێگومان پێویستە هەموو کەرتەکانی دیکەش توێژینەوەی زانستی لەسەر بکرێت، ئەمە بەرەو ئەوەمان دەبات کە کردنەوەی سەنتەرێکی ستراتیژی بۆ توێژینەوەی زانستی لەسەر ئابووری کوردستان پێویستییەکە کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك ئەولەوییەت بیری لێبکاتەوە و هەوڵبدات ئەم سەنتەرە دابمەزرێنێت، بۆ ئەوەی بەردەوام توێژینەوەی زانستی لەسەر کەرتە جیاوازەکانی ئابووری ئەنجام بدات بەرچاوڕۆشنی بخاتە بەردەستی حکومەت بۆ ئەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمایەکی زانستی و بە ڕەچاوکردنی پێداویستییەکانی کوردستان ڕێکبخاتەوە. ڕاشکاوانەتر نابێت تەنها سەیری یاساکان بکەین، هەر بۆ نموونە: ئەو یاسای وەبەرهێنانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دایڕشتووە، هەموو ستاندەرەکانی یاسای وەبەرهێنانی تێدایە، بۆیە ئەگەر لەمن بپرسن: ئایا ئەم یاسایە کەموکورتی هەیە، دەڵێم بێگومان یاساکە ڕێکوپێکە، بەڵام گرنگە توێژینەوە لەسەر ئەوە بکرێت، بۆچی ئەم یاسایە نەیتوانیوە وەبەرهێنەران بۆ هەموو کەرتەکان بە هاوسەنگی ئاراستە بکات و هاوسەنگی لە هەموو بوارەکان دروست بکات، یان بۆ نەیتوانیوە کەرتی کشتوکاڵ ببووژێنێتەوە و بۆچی کەرتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە پێداویستیی ناوخۆی هەرێم دابین بکات؟ بۆیە لەم حاڵەتە گرنگە بەدوای ئەو کەرتی تایبەتە بگەڕێین، کە نەك هەر سەرچاوەی داهاتت بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵکو لە هەمان کاتدا دەبێتە سەرچاوەیەکیش بۆ دۆزینەوەی هەلی کار، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی بووژانەوەی ئابووری دروست بکات، بەڵام کە سەیری حاڵەتی ئێستا دەکەین، دەبینین: کەرتی



تایبەت بەتایبەتی لەبواری کشتوکاڵ، نە توانیویەتی سەرچاوەی داهاتت بۆ بگێڕێتەوە، واتە لە بری ئەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی هاوردەبکەین، خۆمان خاوەنی بەرهەم بین، نە بۆتە هۆکارێکیش بۆ ئەوەی هەلی کار دروست بکات، بۆیە لەم حاڵەتە ئەم کەرتە ناتوانێت لە بووژانەوەی ئابووریشدا بەشداریی کارا بکات.

ئەم بارودۆخە ناچارمان دەکات سەیری کۆی ئابووریی عێراق و کوردستان پێکەوە بکەین، ئاشکرایە کە ڕێژەی ٩٨٪ داهاتی عێراق و کوردستان سەرچاوەکەی فرۆشتنی نەوتە، ئەم ئامارە پێمان دەڵێت: بێجگە لەداهاتی فرۆشتنی نەوت هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی داهات لە عێراق و کوردستان بوونی نییە، بۆیە کاتێك داهاتی سەرچاوەی نەوت کێشەی تێدەکەوێت، ئەوا تەنگژەی ئابووری گەورەش دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی لە عێراق و کوردستانیش سەرچاوەی داهاتی بەدیل نییە کە لە کاتی قەیرانەکاندا پشتی پێ ببەسترێت، بۆیە ئەگەر بمانەوێت ئەم بارودۆخە ئابوورییەی کوردستان ڕێکبخرێتەوە، دەبێت سەرچاوەی بەدیلی داهاتی نەوت فەراهەم بکەین و پشت بە بەرهەمهێنانی ناوخۆی خۆمان ببەستین. لەمەش زیاتر دەتوانین بڵێین: ئەم شێوازە ئابوورییەی ئێستا لە عێراق و کوردستان پێڕەو دەکرێت، ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە بۆ بووژانەوەی ئابووریی تورکیا و ئێران، بەڵام لە بوژانەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی نەبووە.

**کە گەندەڵی هەبوو، شەفافیەت نەبوو، ئەمە مانای ئەوەیە ئەوانەی ئەو کارە هەڵدەسووڕێنن، خۆشیان لە گەندەڵی و نەبوونی شەفافیەت تێوەگلاون**

**ژینگەی کوردستان لەبارە بۆ ئەوەی بەشی خۆمان ئاژەڵداری بکەین، بەڵام هەتا ئێستا وەبەرهێنەران نەیانتوانیوە کارگەیەک دابنێن بۆ ئەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بکاتە پیشەسازی، بۆیە دەبینین هەتا ئێستا شیر و ماست و تەواوی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی دیکە لە دەرەوە هاوردە دەکەین**



**د. محەمەد شەعبان**

**راگری کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری لە زانکۆی دهۆک بۆ گوڵان:**

# کەمبوونەوەی سیولە
# کەرتی تایبەتی دووچاری قەیران کردووە

**کەمبوونەوەی سیولەی نەختینەیە کە بەهۆی نەناردنی بودجەوە لەلایەن بەغداوە لە هەرێمەکە دروست بووە، ئەم لایەنەش نەک هەر کاریگەری لەسەر هاووڵاتیان دروستکردووە، لەهەمانکاتدا کەرتی تایبەتیشی رووبەڕووی قەیران کردۆتەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا کەرتی تایبەت کە خۆی دوچاری قەیران بووە، زۆر زەحمەتە بتوانێت هاوکاری حکومەت و بووژانەوەی ئابووریی کوردستان بکات، سەبارەت بەم لایەنە د.محەمەد شەعبان راگری کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری لە زانکۆی دهۆک بەمجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

●●●

کوردستان بە قەیرانێکی سیولەی توند تێپەڕ دەبێت، کە کاریگەری گەورەی لەسەر هاووڵاتیان و حکومەت و کەرتی تایبەتیش کردووە، بەپێی هاوکێشە ئابوورییەکانیش هەر ئابوورییەك تووشی کەمی سیولەی نەختینەیی بێت، شوێنەواری توندی لەسەر کەمبوونەوەی خواستی گشتی دەبێت و دواتر بازاڕ و ئابووری رووبەڕووی قەیرانێکی بێبازاڕی و پووکانەوەی ئابووری دەبێتەوە. کەوتنەوەی ئەم قەیرانەش چاوەڕوانکراوە، لەبەر ئەوەی حکومەتی ناوەند وا بۆ زیاتر لە ٩ مانگ دەچێت، بەردەوامە لە بڕینی بەشە بودجەی هەرێم و گەمارۆی لەسەر هاووڵاتیانی هەرێم و ئابووری و حکومەتەکەی داناوە، کە هۆکاری بنەڕەتی بووە بۆ کەمبوونەوەی سیولەی نەختینەیی لە هەرێمەکە. بەو پێیەی لە رووی دارایی و نەختینەییەوە هەرێمەکە بەستراوەتەوە بە بەغداوە و حکومەتی ناوەندی لە رێگەی ئەو بەشە بودجەیەوە تەمویلی پڕۆژە و کار و چالاکییەکان دەکات و زیاتر لە ملیۆنێك هاووڵاتی مووچە لەو بەشە بودجەیە وەردەگرن و سلفەی پڕۆژەکانی بەڵێندەرانیش بە هەمانشێوە دەدرێت، هەربۆیە قەبارەی خواستی گشتی رووی لە کەمی کردووە. ئالێرەدا بە سەپاندنی گەمارۆی نەختینەیی لەسەر شەش ملیۆن هاووڵاتی ناو هەرێم ئەوا بەشێکی زۆری خواست لە بازاڕ دوور دەکەوێتەوە

و بێبازاڕی روو لە بازاڕەکانمان کردووە، بەمەش کەرتی تایبەت بەشێك لە زیانەکانی بەردەکەوێت و لەلایەکی ترەوە لە پێناو مانەوەو بەردەوامبوونی وەکو دامەزراوەیەکی ئابووری، یان کۆمپانیا، یان پڕۆژە هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی قەرزەکانی کە لە سەر هاوولاتیان هەیەتی، یان بە کۆکردنەوەی قیست و ئەو پارانەی کە لە ڕێگەی کار و چالاکییەکانەوە لە لای هاوولاتیان هەیەتی. ئەوەی پێوەندی بە پێداویستیی سەرەکیی خۆراك و کەلوپەلە سەرەکییەکانی هاوولاتیانیشەوە هەیە، کۆمپانیا و سەرمایەدارەکان هەڵدەستن بە بەرزکردنەوەی نرخەکان. بەمجۆرە بە زیانگەیاندن بە خواستی تاك لەناو بازاڕ و ئابووری زیانەکانی بەر کۆی ئابووری دەکەوێت، بەڕادەیەك بەکارهێنان و بەکاربردن رووی لە کەمی کردووەو پاشەکەوتیش بووەتە سفر، ئەمە جگە لەوەی ئەو سیولەیەش کە هاوولاتیان دەستیان دەکەوێت، هەوڵ دەدەن بۆ ماوەیەکی زۆر دەستی پێوە بگرن و خەرجی نەکەن، چونکە هاوولاتیان (بەکارهێنەر و بەکاربەر) متمانەیان بەچارەسەری خێرای دۆخەکە کەم بووەتەوە، بۆ نموونە مووچەخۆرێك متمانەی نییە لەمانگی داهاتوو مووچەکەی لەکاتی خۆیدا پێ بدرێت، بەمەش خەرجییەکانی تا بۆی بکرێت، کەم دەکاتەوە. کاتێك کار و چالاکییەکانی تاك لە رووی ئابوورییەوە بەمشێوەی لێبێت، دواتر کەرتی تایبەت و کۆمپانیاو بەڵێندەر و وەبەرهێنەکانیش لە بارودۆخێکی باشتردا نەبن و حکومەت نەتوانێت ئیلتزاماتەکانی سیولە و پارەیان بۆ دابین بکات، پەنابردن بۆ قەرزیش لە کۆمپانیا گەورە ناوخۆ و دەرەکییەکان بۆ چارەسەرکردنی کەمیی سیولە کارێکی ئاساییە، بەتایبەتی لەکاتێکدا کە بە دۆخێکی شەڕدا تێپەڕ دەبین، بەڵام لە رووی ئابوورییەوە چارەسەری بنەڕەتی نییە.

کەواتە لە دۆخێکی ئابووری وا ئاڵۆزدا کە هەرێمەکە بە شەڕێکی سەختدا تێپەڕ دەبێت، ئایا چ هەنگاو و پلانێك جێبەجێ بکرێت و چۆن مامەڵە لەگەڵ کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەران بکرێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، بەتایبەتی لە ئابووری وڵاتێکی وەك عێراق کە بودجەکەی بە ڕێژەی ٩٥٪ پشتی بە ناردنە دەرەوەی نەوت بەستووە، لەلایەکی ترەوە ئێمە باسی وڵاتێکی فاشیلی پڕ لە شەڕ و ئاشوپ و ململانێی تائیفی و سیاسی دەکەین، ئەمە جگە لەو دژایەتییەی بەغدا بۆ کوردستان کە وەکو کەلتوورێکی لێهاتووە و سەرجەم دەسەڵاتەکان بۆیان ماوەتەوەو لەسەری بەردەوام دەبن. دەبێت دان بەو راستیەشدا بنێین کە ئێمە خاوەنی کەرتێکی بەرهەمهێنی تایبەت نین و زیاتر روومان لە بازرگانی و بەڵێندەرایەتی و عەقارات کردووە، لەم واقیعەدا کەرتی تایبەت پاڵەپەستۆی لەسەر بازاڕ و هاوولاتیان زیاتر دەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو داهاتەی کە زامنی مانەوەی لەناو چالاکی ئابووریدا دەکات، هەربۆیە کەرتی تایبەت زەحمەتە لەکاتێکدا خۆی رووبەڕووی قەیران بووەتەوە هاوکاری حکومەت و هاوولاتیان بێت. ئەگەر حکومەت باجەکانیش زیاد بکات، رەنگە کاریگەرییەکی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە و بیزنس و سەرمایەداران نەتوانن بەپێی پێویست بەدەنگ ئەو یاساو رێنماییانەوە بێن، حکومەت تەنیا دەتوانێت کار بۆ دانانی سیستەمێکی نوێی باج بکات کە لەداهاتوودا یارمەتیدەری بێت بۆ بەدەستهێنانی سیولەی نەختینەیی، بەڵام لە ئێستادا تەنیا لە ڕێگەی زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت و ناردنە دەرەوەی دەتوانێت هەنگاو بەرەو ئابوورییەکی سەربەخۆ و جێگیر بنێت، گەر بێتو ئاستی ناردنە دەرەوەی نەوت بگاتە ٥٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکداو ڕێگەی ناردنە دەرەوەو فرۆشتنیشی بدۆزرێتەوە، ئەو کات دەکرێت بەو داهاتە و بە بەکارهێنانێکی عەقڵانی لەجێبەجێکردنی پڕۆژەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا بەکاری بهێنێت و دووبارە داهاتەکەمان نەچێتە دەرەوەی سنوورەکان.

**ئێمە خاوەنی کەرتێکی بەرهەمهێنی تایبەت نین و زیاتر روومان لە بازرگانی و بەڵێندەرایەتی و عەقارات کردووە**

**بەکارهێنان و بەکاربردن رووی لە کەمی کردووەو پاشەکەوتیش بووەتە سفر**

**هاوولاتیان (بەکارهێنەر و بەکاربەر) متمانەیان بەچارەسەری خێرای دۆخەکە کەم بووەتەوە**

